# مامۆستای کورد



ژمارە: ٢٢   هاوینی ١٩٩٤

# مامۆستای کورد

ژماره ٢٢ ، هاوینی ١٩٩٤

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی



Address : ناونیشان

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden



ژمارەی حیسابی پۆست :

Postgironummer\ postal Giro number:
43 55 59 - 0


وێنەی سەر بەرگی یەکەم: مامۆستای هونەرمەند عەلی مەردان ١٩٠٤-١٩٨١

وێنەی سەر بەرگی دووەم: شاعیری گەورەی ڕووس بۆریس پاستێرناک ١٨٩٠-١٩٦٠

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| وتەیەک : مامۆستا مەسعوود محەمەد | ٣ |
| وڵاتێکی لە زۆر ڕووەوە بەربەری: و. ئاسۆس کەمال | ٤ |
| ئیسلامییەکان و کێشەی کورد: شێخ عومەر غەریب | ٧ |
| پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان | ١٣ |
| بۆریس پاستێرناک | ١٤ |
| ژیانی شاعیر | ١٥ |
| تۆ دەژیت، تۆ لە ناخمای، هەروەکوو خۆت ؛ یەکەم ژنی پاستێرناک یێڤگێنیا | ٢٣ |
| ڕازی دڵگیرییەکەی تۆش وەرامی مەتەڵی ژیانە | ٢٨ |
| خەڵاتی نۆبێلەکەی بۆریس پاستێرناک | ٣٠ |
| بۆریس پاستێرناک : مێژووی ژیان | ٣٥ |
| خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا | ٣٨ |
| هونەرمەند هەڤاڵ ئەحمەد | ٤٠ |
| ئاوڕدانەوەیەک لە هەندێ کێشەی زیندانییەکانی ئەمڕۆی هەرێم: ئازەر | ٤٣ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٤٥ |
| ئیعتیذار | ٤٦ |
| ڕانانی کتێبان | |
| (١) مێژوویەکی گەرد لێ نیشتوو : ع. زەنگەنە | ٤٧ |
| (٢) گوڵبژێری بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی: ئەنوەری سوڵتانی | ٥٠ |
| گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان: لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل: م. زاکین | ٥٩ |
| یادێک لە هێمن: ن. ڕەزازی | ٦٩ |
| عەلی مەردان: ئەو نەوا کوردانەیەی هەمیشە زیندووە | ٧٧ |


ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ: ئاسۆ گەرمیانی

* ئەوەی من بە چاومەوە گرتبوو لە بەرهەڵستی کردنی کوشتن و سووتاندن و دووبەرەکی و شەڕی چینایەتی و عەشیرەتایەتی و حەسوودی و سوودی شەخسی، قەناعەتێک بوو ڕەنگە لە خۆم بەولاوە جارێ لای هیچ کوردێک پەیدا نەبووبوو. من بە ڕوونی دەمدیت و دەمزانی حاڵ و باری کورد بە بەریەوە نییە فلسێکی بێجێ سەرف بکات و دڵۆپە خوێنێکی خۆڕاییی خۆی بڕێژێت و یەک سەعاتی گوزەرانی بە فیڕۆ بدات بۆ دابین کردنی مەیلی بێژۆک.

* لەوەتەی پەیمانی سیڤەر پووچابۆوە و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کوژابۆوە دەبوو نەخشەی چالاکیی سیاسیی کوردی ڕابەر پاراستنی کورد بێت. ئینجا ئەگەر لەبەر خاتری خاترداران بشسەلمێنم کە ئەو بزووتنەوانەی سەر بە ڕاپەڕینی قەومایەتیی دژی دامودەزگای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەوا لەسەر پرۆژەی بەرژەوەندی هێزە زلەکانی ئەورووپا دەمەزرابوو، ئا ئەو بزووتنەوە خوێناوییانە پێویست بوون بۆ بە ئیسپات گەیاندنی گیانی نەتەوایەتیی کورد، خۆ براکوژیی ناوخۆی و دووبەرەکی و یەکدی بڕانەوە و لێکدی تاسب بوون و تێکژەنینی نامەردانە و شەوکوێرانە لە وەهم و خەیاڵیشدا بە چاکەی کورد تەواو نەدەبوون.

* من کە ڕابەری میللەت بم هەر هێندەم کورتبینی لێ دەسەلمێندرێ کە چاوم پشت گرد و شاخ و نەدیوان نەبینێ. کە هاتم چاویلکەی وەها لێلم بە کار هێنا کە هێندەی ڕوونبینیی بەقاڵێکیش هێزی دیتنم پێ نەهێڵێ، بە قەدەر نوێژکەرێکی عادەتیشم کەڵک پێوە نامێنێ کە لە سبەینەی ساردی زستاندا لە پێناو نوێژی بە جەماعەت خۆی سەرمابردووی ڕێگەی مزگەوت بکات، چونکە نوێژکەرەکە هەرنەبێ تەمایەکی بەهەشتی هەیە...

* ئەگەر ڕابەرانی بزووتنەوەی سەر بە قەومایەتی دەتوانن لە ماوەی دەیان ساڵدا سەرپەرشتی لە کاری سەختی بێئەنجام و بەئەرک و سفتوسۆ بکەن، دەبوو بتوانن سەرپەرشتی لە سیاسەتی (کوردپارێزی)ش بکەن بۆ ڕۆژێک کە هەل و دەرفەت پەیدا دەبێ. هەڵبەت دەزانم قسەی ئەوتۆیی لای کەسێکی لەبەر تیژڕۆییی خۆی وەیا بەهەڵەداچوون حەز بە مەلەی ناو گۆمی خوێن دەکات، بایی فلسێکە...

مەسعوود محەمەد
گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ل ٣٨٤-٣٨٥

له تورکیا، ڕۆژنامەنووس و نووسەران دەگیرێن، دەکوژرێن یان سەرنگوم دەبن. یونیسکۆ UNESCO ڕۆژی سێی مای (ئایار)ی کردووەتە ساڵرۆژی نێونەتەوەیی ئازادیی چاپەمەنی. بەم بۆنەیەوە، یانەی نێونەتەوەیی PEN دەیەوێ سەرنج بۆ پێشێلکردنی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا ـ ڕاکێشێ. PENی سوێدی، له نێزیکەوە، له چەند ڕووداوێکی ئەم ماوەیەی تورکیا، وردبۆوە.

# وڵاتێکی، له زۆر ڕووەوە، بەربەری

له تورکیادا، ئازادیی بیروڕادەربڕین خەفە دەکرێ و تاوان دژی مافی مرۆڤ زیاد دەکات.

لەم ڕۆژانەدا، بیرۆکانی گەشت و گوزاری سوێد، بەم وتانە خەڵکی هان دەدەن: "ئەم هاوینە سەفەری تورکیا بکە"، "گوێ ئاوی دڵگیر، سروشتی مەزن، گوزەرانی دڵرفێن، خواردنی خۆش و بازاڕی نایاب." هەروەها ـ لەوە دەچێ بێ ئەوەی ئاگادار بن وەک توانج ـ وەهای پێشان دەدەن کە تورکیا "یەکێکە لە وڵاتە هەرە سەیر و دڵگیرەکانی ئەم سەردەمە. وڵاتێکە له زۆر ڕووەوە مۆدێرنە بەڵام مێژوو، هەرگیز دوورەدەست نییە."

ئەوەی بیرۆکانی گەشت و گوزار ناوی ناهێنن ئەوەیە کە تورکیا ئێستا له شەڕێکی ناوخۆی تەواودایە. شەڕێکی وەها کە کوشت و بڕ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو له هەورازە و خەڵکی مەدنی ـ سیڤیل ـ یەکەم قوربانییەتی، گوند دەسووتێنرێ و سەدان هەزار مرۆڤ ئاوارەیە.

ئەم بیرۆیانە تەنها لەوە بێدەنگ نین کە (پ.ک.ک.) چالاکی دژی توریست دەنوێنێ. چالاکی بەو مەبەستەی توریست له ترساندا پشت له تورکیا بکات و دۆزی کورد سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێ. نەخێر، بیرۆکان پێش هەموو شتێک لەو ڕاستییە بێدەنگن کە تورکیا، وڵاتێکە تاوانی دژ بە مافی مرۆڤ، تیادا، بووەتە کارێکی ڕۆژانە، وڵاتێکە تێیدا ئازادیی دەربڕینی بیروڕا بووەتە گاڵتەجاڕی، وڵاتێکە گەر کەسێک تیادا خەریکی دۆزی کورد بێت، سەرنگوم دەبێ، دەکوژرێ و ئازار دەدرێ.

له تورکیا نێزیکەی دە ملیۆن کورد هەیە و بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگی خۆیان تێ دەکۆشن. دەوڵەتی تورکیا، سەرسەختانە بە گژ ئەو خەباتەدا چووە. له ساڵی ١٩٨٤ەوە شەڕ بەردەوامە، له پێشدا شەڕەکە بە پلەی یەکەم دژی پ.ک.ک ـ پارتی کرێکارانی کورد ـ* بوو، بەڵام ئێستا شەڕەکە دژی خەڵکی مەدەنیشە.

ساڵی ١٩٩٣، شەڕەکە گەرمتر بوو. له سەرەتادا پ.ک.ک چەکی دانا، بەڵام کە حکوومەتی تورکیا لەسەر شەڕی چەکداری بەردەوام بوو، پ.ک.ک. چالاکیی تێرۆری خەستتر کرد. حکوومەتی تورکی ئەوەندەی دی هێرشی سەرکوتکەرانەی خراپتر کرد له تەمووز ـ یولی ـ ی ١٩٩٣دا، سەرەکوەزیرانی تورکیا، داوای له ڕۆژنامەکان کرد کە لایەنگیرانە لەم "شەڕی سەرانسەری"یەدا دژی جیابوونەوەخوازان، پشتی حکوومەت بگرن.

لەوە دەچێ مەبەستی حکوومەت ئەوە بێ کە دۆزی کورد بۆ دواجار چارەسەر بکات. ئەوەش له ڕێی سەرکوتکردنی هەموو جۆرە بەرەنگارییەک له سیاسەتی ڕەقیِ تورکاندن.

ڕەخنەی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئەنجامی ئەم سیاسەتە، خەفەکردنی ئازادیی بیروڕادەربڕین و زیادبوونی تاوانی دژ بە مافی مرۆڤە. هەر له ساڵی ١٩٩١ەوە ژمارەیەکی زۆر له نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، گیران، کوژران یان سەرنگوم کران. ڕەخنەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی ئەوروپایی، حکوومەتی ناچارکرد ئەو فەرمان و قانوونانەی ڕێگە بەم جۆرە کارانە دەدەن، له کار بخات. بەڵام هێشتا ئەم یاساگەلە بەتەواوەتی لا نەدرابوون، له لایەکی دیکەوە خرانەوە گەڕ. ئەمجار له ڕێگەی ئەو قانوونە بەدناوەی "یاسای دژەتێرۆریست"ی نیسان ـ ئاپریل ـ ی هەمان

سالەوە. بەپێی ئەم یاسایە هەموو "پروپاگەندە"یەک، "کۆماری تورکیا و یەکێتیی دەوڵەتەکەی وەک وڵات و نەتەوە، بڕمێنێ"، سزا دەدرێت.

ئەم قانوونەش بە شێوەیەک خراوەتە گەڕ کە دەربڕینی لاوازترین هاودەردی بەرامبەر بە دۆزی کورد،، دەبێتە هۆی پێنج ساڵ گرتن و غەرامەتی یەکجار بەرز.

## سی ڕۆژ زیندانی

ئەگەرچی تورکیا، پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی ئەوروپایی مۆرکردووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، چەند جار، تاوانی دژ بەو پەیمانانە کردووە.

پێشەکی، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەرزترین ژمارەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوژراوی هەیە. ئەوەی دەگیرێ، لە هەندێ ناوچەدا، هەتا سی دانە ڕۆژ، تەنانەت بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ڕەسمیی بخرێتە پاڵ، دەخرێتە گرتووخانەوە. حکوومە دەیەوێ بەم جۆرە کردەوانە، بەرهەڵستکاران بترسێنێ. پۆلیس لە دەرگە دەدەن و ئەو کەسەی چارەیان ناوێت، دەیگرن. بەر لەوەی بەری بدەن، لێی دەدەن، ئەندامی زاوزێی، بە تەزووی کارەبا، ئازار دەدەن، فەلەقەی دەکەن، یان بە قۆڵ و بازووی لە پشتەوە بەستراو، هەڵیدەواسن.

ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی ئەوروپایی، ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٤، ئەم بارەی دەستنیشان کردووە. ساڵی ١٩٩١، چواردە کەس لە ژێر ئازار و لێداندا کوژراون.

لە تورکیا سزای مەرگ هەیە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤ەوە لە کار خراوە. لە بری ئەوە سەرنگومبوونی سەیر و کوشتنی بەردەوام ڕوو دەدات. لەم دوو ساڵەی دواییدا، بەلای کەمەوە، بیست نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بەو شێوەیە کوژراون. لەوە دەچێ پۆلیسی نهێنی دەستی، لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا، هەبێ. دۆزینەوە و گرتنی پیاوکوژان لە دەگمەن دەگمەنترە.

ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجراکێش بوو، هەڵوێستی حکوومەتی تورکی بوو بەرانبەر ڕۆژنامەی بەرهەڵستکار و کورد دۆستی: ئۆیزگور گویندەم Özgur Gundem. ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا و لەو کاتەوە تاکە ڕۆژنامەیە وێرابێتی دەربارەی پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ، بنووسێ. هەتا ئێستا، بەلای کەمەوە، نۆ ڕۆژنامەنووس و یازدە دابەشکار و فرۆشیاری ئەو ڕۆژنامەیە کوژراون.

ڕۆژی دەی کانوونی یەکەم - دێسەمبەری ١٩٩٣، ساڵڕۆژی مافی مرۆڤ، ئەم ڕۆژنامەیە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا، بەشێکی بەیاننامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی بڵاوکردەوە. هەر لەو ڕۆژەدا، دوو سەد پۆلیس پەلاماری ڕۆژنامەکەیان دا و بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ڕەسمیی بخرێتە پاڵ هیچ کەسێک، سەد و دە هاوکاری ڕۆژنامەکەیان گرت. زۆربەی گیراوەکان پاش ڕۆژێک بەربوون، بەڵام هەژدە کەسیان بە زیندانی مانەوە. لەوە دەچێ ئێستا ڕۆژنامەکە بە تەواوەتی لە کار کەوتبێ.



Uluslararası Af örgütü, kaçırılan arkadaşımız Nâzım Babaoğlu ile gözaltında kaybolan 4 kişi için kampan

Nâzım için uluslararası kampany

Özgür Gündem

Askerler, koalisyonu elinden kaçırmak istemiyo

MGK, SHP'ye 'kal' emri verd

Oppositionell. Özgür Gündem är den enda tidning som vågat rapportera om de regelbundna kränkningarna av de mänskliga rättigheterna i Turkiet. Hittills har 9 av dess journalister och 11 av dem som distribuerat och sålt tidningen mördats.

Detta ledde till att han redan 1971 arresterades, utsattes för tortyr och dömdes till tio års fängelse. Sedan dess har han skrivit inte mindre än 22 böcker om kurderna. När han tillsammans med andra intellektuella sände en petition till FN om förhållandena i Turkiet drabbades han av ett tvåårigt fängelsestraff för att ha uttalat sig nedsättande om sitt land. I höstas fick han 20 månader till för sin senaste bok, "Tankar om PKK". Han har dessutom 78 nya åtal som väntar. I bästa fall, förutsatt att han inte förvärrar sig, döms han endast till 60 års fängelse.

"Ett på många sätt modernt land" – det är så resebyråerna beskriver Turkiet. Barbariskt, vore en riktigare benämning. Man ryser när man hör att landet (som faktiskt tillhör Nato) strävar efter att komma in i Europeiska unionen.

Men "länge till historien" är det inte i Turkiet, även om det handlar om en helt annan och mera närliggande historia än den som resebyråerna tänker på.

CAROLA HANSSON-BOËTHIUS
Författare och internationell sekreterare i Svenska PEN
ULF BOËTHIUS
Professor i litteraturvetenskap, medlem i Svenska PEN

## ساڵڕۆژی چاپەمەنی

یونیسکۆ، ڕۆژی سێی ئایار - مای - کردووەتە

ساڵڕۆژی نێونەتەوەیی چاپەمەنی. بەم بۆنەیەوە، یانەی نێونەتەوەیی PEN، دەیەوێ سەرنج بۆ پێشێلکردنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، لە وڵاتانی وەک تورکیادا، ڕابکێشێ. بۆ ئەوەی سنووری ئەم مەسەلەیە تێبگەین ڕێگەمان بدەن ئەم چەند ڕووداوەی، تەنانەت PENی سوێدیش خۆی پێوە خەریک کردووە، ڕوون بکەینەوە.

لە مارتی ١٩٩٣دا، عومەر ئاگین OMAR AGINی نووسەر و ئەحمەد ئۆکجوئۆغلو AHMET OKCUO+GLUی پەخشکار (ناشر)، یەکی بیست مانگ حوکم دران، لەسەر وتارێک دەربارەی دۆزی کورد، ئەگەرچی وتارەکە بێ پێچ و پەنا وای پێشان دەدات کە مەسەلەی کورد دەبێ بە شێوەیەکی ئاشتی و دیمۆکراسییانە چارەسەر بکرێت.

گونای ئاسلان GUNAI ASLAN، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی سی و چوار ساڵانە و خاوەنی چوار کتێبە. لە تشرینی یەکەم - ئۆکتۆبەر - ی ساڵی ١٩٩٣، لەسەر کتێبێک گیرا. کتێبەکە باسی کارەساتێکی ناوەڕاستی چلەکان دەکات کە سیوسێ کوردی تیادا کوژران. هەر بە دەرچوونی کتێبەکە، ساڵی ١٩٨٩، ئاسلان گیرا. کە ساڵی ١٩٩١ قانوون گۆڕا، ئەویش لە زیندان ئازاد کرا. پاشان سەرلەنوێ کتێبەکە چاپ کرایەوە و ئاسلانیش سەرەی گرتنی هاتەوە.

ئەدیب پۆلات EDIP POLAT، تەمەنی سیودوو ساڵە، مامۆستای بایۆلۆجی و نووسەریشە. دوا کتێبی THE KURDS AND KURDISTAN IN LANGUAGE OF SCIENCE ساڵی ١٩٩٢ چاپ کرا. لەم کتێبەدا، نووسەر باسی ئەو ڕووەک و گیاندارانە دەکات کە ناوی لاتینییان پێوەندی بە کوردەوارییەوە هەیە. بۆ نموونە ڕێویی کوردستان VULPES VULPES KURDISTANUIS، ئەم جۆرە زمان بەکارهێنانە بە دڵی کاربەدەستانی تورک نەبوو، تۆمەتی "بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی جیابوونەوەخوازی"ی خرایە پاڵ. پۆلات ساڵێک بەر لەو بڕیارە، بە دوو ساڵ زیندانی حوکم درابوو، ئەویش لەسەر کتێبێکی دیکە. نووسەر - کە خۆی ئازار و لێدانی زیندانەکانی چێشتبوو - لەو کتێبەدا باسی ترسناکی و زۆرداریی گرتووخانە سەربازییەکەی دیاربەکر دەکات.

لەوانەیە مەسەلەی کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بەشکچی، زیاتر دیار و ئاشکرا بێت. بەشکچی وەک زانستکارێک کەوتە خولیای دۆزی ناسنامەی کورد.

حەفتا تۆمەت چاوەڕێیەتی

ئەم خولیایە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٧١دا بگیرێ و بخرێتە ژێر لێدان و حوکمی دە ساڵی زیندانی بدرێ. لەو کاتەوە هەتا ئێستا بیستودوو دانە کتێبی دەربارەی کورد نووسیوە.

بەشکچی لەتەک چەند ڕووناکبیرێکی دیکەدا، سکاڵانامەیەکیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لەو نامەیەدا باسی بارودۆخی نێو گرتووخانەکانی تورکیا دەکەن. بەم کارەش دوو ساڵ زیندانیی خرایە پاڵ، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی شکۆشکێن باسی تورکیای کردبوو. پاییزی پێشوو بیست مانگی دیکەشی چووە سەر، ئەمیان لەسەر دوا کتێبێتی: "ڕامانێک لە پ.ک.ک." سەرباری ئەمانەش حەفتا تۆمەتی دیکە چاوەڕێیەتی. ئەگەر بەختی سوار بێ و، بەو مەرجەی خۆی لەسەر خۆی نەکاتەوە، ئەوا تەنها شێست ساڵ حوکم دەدرێ. "وڵاتێکی لە زۆر ڕووەوە مۆدێرن" - بیرۆکانی گەشت بەم جۆرە باسی تورکیا دەکەن - دەبا بڵێن وەحشی (بەربەری) نەک مۆدێرن. پیاو دەماری دەگیرێ کە دەبیستێ تورکیا ئەندامی ناتۆیە و بۆ ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپا هەوڵ دەدات.

لە تورکیا "مێژوو، دوورەدەست نییە" ئەگەرچی ئەو مێژووە نییە کە بیرۆکانی گەشت بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکوو مێژوویەکی دیکەیە، کە نێزیکترە.

ڕۆژنامەی DAGEN NYHETER
سێشەممەی سێی ئایار - مای - ١٩٩٤،
کارۆلا هانسۆن - بوێتییوس
CAROLA HANSSON+BOETHIUS
نووسەر و سکرتێری نێونەتەوەیی
PENی سوێدی
ئولف بوێتییوس
ULF BOETHIUS
پرۆفیسۆری زانستی ئەدەب
ئەندامی PENی سوێدی

ئاسۆس کەمال لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی

# ئیسلامییەکان و کێشەی کورد

شێخ عومەر غەریب

میللەتی ستەم لێ کراوی کورد ئومێدوار بوو کە بزووتنەوە و پارتییە ئیسلامییەکان لە جیهاندا باشترین دیفاعی لێ بکەن و ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستهەڵات پەیدا بکەن، کێشەکە وا چارەسەر دەکەن کە هەق بدرێتەوە بە هەقدار. بەڵام بەداخەوە نەک هەر حیسابەکە وا دەرنەچوو، بەڵکە بە پێچەوانەشەوە بوو، چونکە بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش، هەر وەک بزووتنەوە لیبراڵی و مارکسی و نەتەوەیاتییەکانی عارەب و تورک و فارس و شوێنانی تریش تەماشای کێشەی کوردیان کردووە و هەتا ئێستاش برا ئیسلامییەکان، مەگەر ژمارەیەکی زۆر زۆر کەمیان !، هیچ هەڵوێستێکی دروست و باش و دادگەرانەیان نەبووە و لە یاسا و بەرنامە و کاری خەبات و سیاسی و حیزبیی خۆیاندا باسی بەشخوراوی و لێقەوماویی میللەتی بێکەسی کوردیان نەکردووە.

ڕێکخراو و پارتییە ئیسلامییەکانی عارەب و تورک و فارس و هی گەلانی تریش هەڵوێستی زۆر باش و تەواویان هەبووە سەبارەت بە کێشەکانی فەلەستین، ئەفغانستان، کشمیر، سۆمال، ئەریتریا و موسڵمانانی فیلیپین و... هتد، و بە شێوەی ماددی و مەعنەوی پشتگیرییان کردووە لە خەباتی دیپلۆماسی و ڕامیاری و لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا فەرموویانە و دەفەرموون کە ئەو میللەتانە دەبێ مافی چارەنووس و سەربەخۆیی وەربگرن و نیشتمانەکانیان سەربەخۆ بێ و ئەبێ داگیرکەران لە خاکیان دەربچن. بەڵام کاتێ کێشەی کورد دێتە کایەوە و بۆیان باس دەکرێ، بە پێچەوانەوە هەڵوێست دەنوێنن و ئەڵێن: مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیە و زۆر گرنگ نییە و موسڵمانان هەموویان بران و نابێ خاکی عیراق و تورکیا و سووریا و ئێران بەش بەش بکرێ، چونکە لە قازانجی کافرەکان و ئیمپەریالیزمی جیهانییە و پێویستە گەلانی موسڵمان هەموویان یەک بگرن و یەکێتییەکی بەهێز دروست بکەن تا بتوانن خیلافەت و دەوڵەتی جیهانی ئیسلامی دابمەزرێنن، ئەوکات هەموو میللەتان بە یەکسانی دەژین و ستەم و ستەمکاران نامێنن. هەروەها دەڵێن مرۆڤی موسڵمان ئەبێ دوور بێ لە ڕەگەزپەرستی و بیری نەتەوایەتی و ئیسلام دژی ئەم جۆرە بیروباوەڕانەیە. بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ئایەتی موبارەکی قورئان و حەدیسی پیرۆزی پەیامبەر ڕیز دەکەن، بێ ئەوەی هیچ حیسابێکی مرۆڤانە و خواپەسەندانە بکەن بۆ نەتەوەی مەزڵوومی کورد، یان ئەویش وەک میللەتانی تر دابنێن. باشە بۆ...؟ بۆچی گشت بزووتنەوەکانی مارکسی و لیبراڵی و ئیسلامی دژی سەربەخۆیی و ئازادیی کورد و کوردستانن؟

چەند ساڵێ لەمەوپێش هەندێ وتاری ڕەخنەگرانەم بە زمانی عارەبی لەسەر هەڵوێستی نادروستی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بڵاوکردەوە. هەندێ برادەری کوردی سەر بەو بزووتنەوەیە زۆر تووڕە و ناڕەحەت و سەغڵەت بوون و وتیان: ئەو کارەت بۆ کرد و بۆچی ئەم وتارانەت بڵاوکردەوە؟ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نووسراوانە بە زیانی ئیسلام و بزووتنەوەی ئیسلامی تەواو ئەبێ و دروست وا بوو کە نامەیەک بنووسی بۆ ئەو بزووتنەوەیە، نەک وتار بڵاوبکەیتەوە. لە وەڵامدا وتم: براینە، دەبێ پێتان بڵێم کە هەر زۆر لەمەوپێش چەند برایەکی کوردی دڵسۆز چوونە سەردانی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و چەند جاریش نووسراو و مەعلووماتیان پێ دراوە دەربارەی کێشەی کورد. ئەوجا بۆچی ئەوان بە ئاشکرا وتار بڵاوبکەنەوە دژی کورد و ئەو مافەیان هەبێ کە بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان شت بنووسن و بڵاوبکەنەوە، کەچی ئێمە ئەو مافەشمان

نەبێ تەنانەت دیفاع لە گەڵ و نیشتمانە داگیرکراوەکەمان بکەین؟

من زۆرجار وتوومە، یەکێک لە نەگبەتی و بەدبەختییەکانی میللەتی کورد ئەوەیە کە کاتێ هەندێ کورد دەبنە مارکسی یا لیبرال یا ئەندامی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی وەک: اخوان المسلمین، سەلەفییەکان یان ڕێکخراوی تەبلیغ ...هتد، وا گەرم و توندڕۆ دەبن کە لە باس کردن نایەت و لە یاسای ئەو بیروباوەڕانەش دەردەچن و ئەگەر باسی کێشەی کورد و سەربەخۆیی کوردستانیان بۆ بکەیت زۆر تووڕە و سەغڵەت و گرژ دەبن و وا دەزانن گوناهێکی زۆر گەورەت کردووە! من دڵنیام کە نە یاسای مارکسیزم و نە لیبرالیزم و نە ئیسلامیش ئاوەهایە و ئەو بابایانە هەر سێ ئیدیۆلۆژییەکانیان سەبارەت بە کێشەی کورد بە ناتەواوی و سەقەتی وەرگرتووە، چونکە هیچ فیکر و بیروباوەڕێک داگیرکردنی نیشتمانێک بە ڕەوا نازانێ. ئەو برا کوردانە شەووڕۆژ باسی لێقەوماوی و سەربەخۆیی فەلەستین و کشمیر و ئەریتریا و ئەفغانستان دەکەن و کەچی کاتێک پێیان بگوترێ برایانی کوردیش ستەم لێ کراو و بەشخوراون و کوردستانیش دەبێ سەربەخۆ بێ، دەفەرموون کاکە مەسائیلی قەومی دروست نییە باس بکرێ. ئەوانیش هەر قسەی ئیسلامییەکان و بۆچوونە سیاسییەکانیان دەربارەی کورد و کوردستان و بێبەش کردنیان لە هەموو مافێکی ڕەوا دووپات دەکەنەوە.

گشت پارتییە ئیسلامییەکانی عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران هەڵوێستی خراپ و ناڕەوایان سەبارەت بە کێشەی کورد هەیە، وەک: کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕاپەڕینی ئازادیی ئێران - نهضت ازادی ایران -، اخوان المسلمین لە عیراق و سووریا، پارتی ئازادیی ئیسلام - حزب التحریر الاسلامی -، ڕێکخراوی سەلەفییەکان، پارتی دەعوەی ئیسلامیی عیراق، ڕێکخراوی کاری ئیسلامیی عیراق، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق و پارتی ڕەفاهی تورکیا.

ئێمە چەند جارێک بە وتار و بە کۆنفرانس و بە شێوەکانی دیکە بەو پارتانەمان ڕاگەیاندووە کە هەڵوێستیان دروست نییە، هەڵەیە و دژی کوردە و تکامان کردووە کە هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن!. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستاش دژ بە کورد و کێشەکەی بووە و گەورەترین شەڕی ناڕەوای سەپاندووە بەسەر میللەتی کورد لەو بەشەی کوردستانی بەردەستی خۆیدا و خراپترین بوختان و تۆمەتی داوەتە پاڵ کورد. ئەوان لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دەڵێن: " بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی دێرینەی خۆی - واتە ئەمریکا- بۆ لەناوبردنی ئیسلام و سست کردنی شۆڕشی ئیسلامی بە مەبەستی دروست کردنی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا، زلهێزەکان نەخشەیەکی هاوبەشیان پێک هێنا بە پشتگیری ماڵی و سەربازی و ڕاگەیاندن لە گرووپەکانی کوردستان."(١)

دیسان هەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شوێنێکی تری هەمان سەرچاوەدا دەڵێ : " بە پێی نەخشەی کوردستانی گەورە کە کوردستانی ئێرانیش دەگرێتەوە، ئیسرائیلێکی دیکە لە ناوچەکەدا دروست دەکەن کە بە گوێرەی نەخشەکە بگاتە کەنداوی فارس کە ناوەندی بۆ دەرەوە ناردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەندێکی دیکەش لە خاکی ئیسلامی هەیە لە نێوان ئیسرائیل و کوردستان (ئیسرائیلی دووەم) کە لە هەموو لایەکەوە موحاسەرە دەکرێ."(٢) سەیر ئەوەیە ئەمریکا و ئیسرائیلیش وەک ئەوان قەبووڵ ناکەن بە هیچ شێوەیەک کوردستان ئازاد و سەربەخۆ بێ و میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی جیهان دەوڵەتی خۆی هەبێت!.

هەرچی حیزبی دەعوەی ئیسلامییە، ئەویش بەرنامەیەکی هەیە دژ بە میللەتی کورد و بەرژەوەندییە نەتەوایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەکانی و لەم بارەیەوە دەڵێن: " عیراق بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی ئیسلامییە و ناوچەی کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە هەرێمی عیراق و یەکێتییە سیاسییەکەی."(٣) ئێمە پێمان وایە بەشی یەکەمی ئەو بڕگەیە ڕاستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نییە، وەک بزووتنەوە و کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەڵێن، کوردستانی عیراق بە بەشێک لە عیراق دابنێن، چونکە ئەمە پێچەوانەی ڕاستی و مێژووە. کوردستانی خواروو بەشێکە لە کوردستان کە لەلایەن ئینگلیز و فرانساوە بەگوێرەی پەیماننامەکانی سایکس - پیکۆ و سان ڕیمۆ و لۆزان لە ساڵانی ١٩١٦ و ١٩٢٠ و ١٩٢٢دا دراوە بە عیراق و پێوەی لکێنراوە. دانانی باشووری کوردستان بە بەشێک لە عیراق ستەمێکی گەورەیە کە ئیسلامییەکان و ئەوانی دیکە بەرانبەر بە کورد دەیکەن.

هەزاران ساڵە کوردستان وەتەن و نیشتمانی میللەتی

کوردە بەڵام لەلایەن فرانسا و ئینگلیزەکانەوە بەسەر دەوڵەتانی دراوسێدا، واتە عیراق، تورکیا، ئێران، سووریا، ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا دابەش کراوە. لە ڕاستیدا دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان دەوڵەتانی ئیستیعمارین چونکە داگیرکەری کوردستانن و میللەتی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ ئازادکردنی نیشتمانەکەی لە دەست بێگانە و بۆ ئەوەی خۆی فەرمانڕەوای خۆی بێت خەباتی کردووە، نەک بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە عیراق و سووریای عارەب یان تورکیا و ئێران.

بزووتنەوەکانی ئیسلامی بەوەش ڕازی نین کە ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی بدرێتە کورد، ئەگەرچی ئەو دوو مافەش چارەسەری یەکجاریی کێشەی کورد ناکەن. میللەتی کورد، وەک پێشتریش باسمان کرد، بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادبوون لە کۆیلەتیی داگیرکەران و ئیستیعمارگەرانی کوردستان خەبات دەکات و قوربانی دەدات و ستراتیژیی ڕاستەقینە و دروستی سەربەخۆییە نەک ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی، ئەگەرچی ئەوانەش، سەرەڕای هەزاران کارەسات، تا ئێستا بە پێی چەمکی قانوونیی خۆیان جێبەجێ نەکراون.

ئەگەر تەماشای مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد بکەین، هەر لە سەرەتاوە بناخەکەی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بووە وەک شۆڕشەکانی پاشای کوێری ڕەواندز، بەدرخان بەگ، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، جەنەراڵ ئیحسان نووری، سەید ڕەزای دێرسم، سمایل ئاغای شکاک ـ سمکۆ ـ و قازی محەمەد و ...هتد. هەموویان بۆ مافی سەربەخۆیی خەباتیان کردووە و تێکۆشاون و ئەمەش مافێکی ڕەوا و سرشتییە بۆ کورد و بۆ گشت میللەتانی جیهان. ئەوجا بە چ مافێک و بە چ قانوونێک و بە چ شەریعەت و یاسایەک مارکسییەکان و لیبرالەکان و ئیسلامییەکان دژی ئەم مافە دەوەستن؟ بۆچی دژی سەربەخۆیی کورد و کوردستانن؟ بۆچی قەبووڵ ناکەن دیواری ناموقەددەسی سایکس ـ پیکۆ و سان ڕیمۆ و لۆزانیش وەک دیواری بەرلین برووخێن و کوردیش وەکوو میللەتانی تر بە خۆشی و سەربەخۆیی و ئاشتی لەسەر خاکی وەتەن و نیشتمانی خۆی بژی؟ بۆچی سەربەخۆیی بۆ عارەب و تورک و فارس بە جایز و حەڵاڵ و قانوونی و ڕەوا دەزانن، بەڵام بۆ کورد بە قەدەغە و حەرام و ناجایز؟ ئەی ئەوانە خۆیان بە بەرپرسیار نازانن بەرانبەر ئیدیۆلۆژی و ویژدان و مێژوو و مرۆڤایەتی؟

ئیخوانولموسلیمین (اخوان المسلمین)ی عیراق لەسەر زمانی پارتی ئیسلامیی عیراق، کە بەشێکە لەو، دەربارەی کێشەی کورد دەڵێت: "ئەگەر مەعنای فیدرالی هەر ئەوە بێت کە کوردەکان لە هەرێمی خۆیاندا دیار بن [فەرقیان پێ بکرێ] لەگەڵ مانەوەی عیراقێکی یەکگرتووی وا کە یەک سیاسەت وگیانێکی هاوبەشی تێکاڵاو و ئاسایشێکی ناوکۆی هەبێت، ئەوا حیزبی ئیسلامیی عیراق بە جۆرێکی ڕیزپەڕ قەبووڵی دەکا لەبەر خاتری ئارەزووی کورد."(٤)

ئەوجا خوێنەری خۆشەویست تەماشای حیکمەت و دادگەری و مرۆڤایەتی و خێر و خێراتی اخوان المسلمین و گشت ئیسلامییەکانی عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران بکە کە چۆن و بە چ شێوەیەک تەماشای کێشەی کورد دەکەن، کە داماڵینی هەموو هەق و مافێکی کوردە. ئیسلامییەکانی عیراق کە تا ئێستاش لە تاران و لەندەن و ئەمریکا و ئەورووپا دانیشتوون و خەبات دەکەن و هیچیان بە دەستەوە نییە فیدرالیی کوردستانی خواروو بە شێوەیەکی ڕیزپەڕ قەبووڵ دەکەن، باشە ئەگەر بەیانی هێز و چەک و دەوڵەتیان بکەوێتە دەست، چی دەکەن و چی دەڵێن؟!

دیسان پارتی ئیسلامیی عیراق دەڵێ: " دەبێ کار بکرێ بۆ یەکێتیی خاکی عیراق و نابێ تەنانەت بیریش لە دابەش کردنی بکرێتەوە بە بیانووی دامەزراندنی ناوچەی هێمنی و بەدی هێنانی ئاسوودەیی و پاراستنی ئازادیی گەل."(٥) ئەمە قسەی دۆکتۆر "مسعد الفلاح"ـە کە دۆکتۆرای لە زانستی سیاسیدا هەیە، ئەوجا دەبێ قسەی بابایەک کە ڕۆشنبیریی نەبێ چۆن بێت! من ناڵێم ئەم مامۆستایە و هەڤاڵەکانی زانیارییان لەبارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە نییە، بەڵام دیارە لەبەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و مەزهەبی و نەتەوایەتیی خۆیان دان بە مافی میللەتی کورددا ناهێنن و پایماڵی دەکەن، لە هەق و ڕاستی دوور دەکەونەوە و بە ڕق و کینەوە ڕاستییەکانی مێژوویی و جوگرافیایی ئاوەژوو دەکەنەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوان هاودەنگین کە دەبێ یەکێتیی خاکی عیراق هەبێ و بپارێزرێ، بەڵام ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە باشووری کوردستانەوە نییە، چونکە ئەو ناوچەیە بەشێکە لە کوردستان، نەک لە عیراق. ڕاستە عیراق عیراقی خۆیانە و پیرۆزیشیان بێت، بەڵام ڕەوا نییە باسی کوردستانی خواروو بکەن، کە بەشێکە لە

نیشتمانی کورد و لەلایەن بەریتانیا و فرانساوە دراوە بە عیراق. ئەوان هەرچۆنێک بیربکەنەوە سەبارەت بە وەتەنی خۆیان کە عیراقە هەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بەشی خوارووی کوردستان بە عیراق دابنێن ئەمە دژایەتییەکی ئاشکرایە لەگەڵ مێژوو و ڕاستی و مرۆڤایەتیی کورد.

لە ڕاستیدا ئێمە زۆر ناڕەحەت دەبین کاتێ وتار و نووسراو و هەڵوێستی بزووتنەوەکانی ئیسلامی دەبینین بە شێوەیێکە کە دژ بە میللەت و کێشەی کوردە و ئەوانیش، بەداخەوە، هەروەک داگیرکەران و ئیستیعمارگەران و هاوبیرەکانیان دەربارەی کێشەی کورد بیر دەکەنەوە و ئەمەش خیلافی یاسای ئیسلامە، چونکە ئیسلام ئایینی یەکسانی و برایەتی و دادگەرییە و دژی ستەم و ستەمگەری و نابەرابەری و داگیرکردنە. لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی موبارەکدا هاتووە کە داگیرکردن حەرامە و گوناهێکی زۆر گەورەیە. کەواتە چۆن و لەبەر چ هۆیەک ئیسلامییەکان تەنیا داگیرکردنی کوردستان بە جایز و ڕەوا دەزانن؟ ئەی بۆ دەڵێن ئیسرائیل و هیندستان داگیرکەر و ئیستیعمارگەری فەلەستین و کشمیرن، بەڵام عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران داگیرکەر و ئیستیعمارگەر نین؟ ئێمە بەڕاستی ئومێدەوار بووین کە گشت پارتی و کۆمەڵەکانی ئیسلامی لەگەڵ کورد و کێشەی کورددا بن و ئیدانەی دابەش و ئیستیعمار و داگیرکردنی کوردستان بکەن و داوا بکەن کە دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان لە خاک و نیشتمانی کورد دەربچن، نەک بە پێچەوانەوە قسە بکەن و نووسراو بڵاوبکەنەوە و هەڵوێست بنوێن و بوختانی ئینفیصالییەت بە کورد بکەن. ئێمە زۆرجار تکامان کردووە و دیسان بە زمانی کوردی تکا لە گشت برایانی ئیسلامیمان دەکەین کە دووبارە بە هەڵوێستە چەوت و نادادگەرانە و نادروستەکانی خۆیاندا بچنەوە و ئیدانەی سایکس - پیکۆ بکەن و ئیدانەی دابەش و داگیرکردنی کورد و وڵاتەکەی بکەن و لەگەڵ سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کورد بن. ئەمەش خێر و خێرات نییە بە کورد بکرێ، چونکە ئەمە مافی ڕەوای کورد و هەر میللەتێکی ترە لە جیهاندا بە پێی هەر عورف و یاسا و قانوونێک!.

ئێستا با بزانین برایانی ئیسلامی لە شوێنانی تر چ دەڵێن و دەربارەی کێشەی کورد هەڵوێستیان چییە؟ مامۆستا موحەممەد حامید ئەبولنەسر، ڕێبەری گشتیی کۆمەڵی اخوان المسلمین، لە ٢٧-٤-١٩٩١دا وتارێکی بەم ناوە بڵاوکردەوە: "بەیانی اخوان المسلمین سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێستەی باکووری عیراق". بەداخەوە ئەم کۆمەڵەیەش دەربارەی کێشەی کورد هەر وەک داگیرکەرانی کوردستان و پارتی و کۆمەڵەکانی ڕاست و چەپ بیر دەکاتەوە و وەک ئەوان دەڵێت باکووری عیراق و کوردەکانی عیراق. ئەمەش ئەوە پێشان دەدات کە کۆمەڵی اخوان المسلمین نایەوێ دیواری ئیستیعماریی سایکس - پیکۆ بڕووخێت. لەو وتارەدا اخوان المسلمین دەڵێن: " بە هۆی سەردەستیی ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا گەلی باکوور و باشووری عیراق هان دران بزووتنەوەی جیابوونەوە لە تەنی عیراق بکەن."(٦)

لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداودا کۆنفرانسێک لە قاهیرەی پێتەختی کۆماری عارەبیی میسر پێک هات بە ئامادەبوونی هەموو ڕێبەرانی ئیخوان، بێجگە لە ڕێبەری گشتی. لەو کۆنفرانسەدا مامۆستا مەئموون ئەلهضیبی، قسەبێژی ڕەسمیی ئیخوان و یەکێک لە ڕێبەرەکانی وتی: "الاکراد مرتدون خارجون عن الاسلام"، واتە کوردەکان لە دین وەرگەڕاون و لە ئیسلام دەرچوون، چونکە میللەتی کورد لەو کاتەدا دژی ڕێژیمی خوێنڕێژ و فاشیستی بەعسی عیراق ڕاپەڕیبوو. ئەو قسەیەی سەرەوە دۆکتۆر ئیسماعیل شەتتی خۆی لە کۆنفرانسی قاهیرەدا لە دەمی مامۆستا مەئموون ئەلهضیبی بیستوویەتی، وەک لە نامەیەکی کراوەدا کە ئاراستەی ڕێبەری گشتیی ئیخوانی کردووە نووسیویەتی و لە ڕۆژنامەی "صوت الکویت"داساڵی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە.

پارتی ئازادیی ئیسلامیش - حزب التحریر الاسلامی - هەمان هەڵوێستی دەربارەی کێشەی کورد هەیە. ئەمان تەنانەت دان بەوەشدا ناهێنن کە کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە. گۆڤاری "الوعی" کە سەر بە پارتی ئازادیی ئیسلامییە دەنووسێت: " پاش ئەوەی کە فرانسا چەند مانگێ لەمەوپێش سەرکردەکانیانی بانگ کرد و کۆنگرەیەکی بۆ بەستن بە سەرپەرشتیی ژنەکەی میتران، ئەوجا پاریس سەرلەنوێ میوانداریيان دەکات. دوای ئەوەی وەفدی کورد لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی فرانسی و وەزیری دەوڵەت کۆشنێر و سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوایەتی لۆران فابیۆسدا کۆبووەوە، جەلال تاڵەبانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەرانەی پێک هێنا و داوای کرد ئەوەی پێی دەگوترێ (دۆز)ی کورد بخرێتە " بەرنامەی کاری هەر کۆنگرەیەکی گشتیی ئاشتییەوە لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست". تاڵەبانی هەروەها وتی "

چارەسەرێکی دادگەرانە و گشتلایەنە دەبێ هەموو کێشەکانی فەلەستین و لوبنان و کورد و قەیرانی کەنداو و کێشەکانی دیکەش بگرێتەوە." شتی سەیر لە قسەکانی تاڵەبانیدا ئەوەیە کە وای دانا کێشەی کورد هەیە و لە ڕیزی دۆزی فەلەستیندا داینا کە جوولەکە داگیریان کردووە. ئایا داگیرکردنێک هەیە لەو جێگایانەی موسڵمانە کوردەکان تێیدا دەژین؟ ئەو موسڵمانانەی ڕەسەنیان کوردە بەشێکن لە موسڵمانەکانی دیکە، هەر زوڵمێکی ڕێژیمی تورکیا کە بەسەر هەموو دانیشتووانی تورکیدا دێت، یا هەر زوڵمێکی ڕێژیم کە بەسەر موسڵمانانی عیراقدا دێت بەسەر ئەوانیشدا دێت. وەزعی ئەوان لە وەزعی موسڵمانەکانی دیکە خراپتر نییە، دەبێ ئاوها تەماشای مەسەلەکە بکرێت."(٧)

دیسان گۆڤاری "الوعی" لە ژمارەیەکی دیکەدا دەنووسێ: "بزووتنەوەکانی کورد ئامانجێکی دووریان هەیە کە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن و پارچەیەک لە عیراق و پارچەیەک لە تورکیا و پارچەیەک لە ئێران و پارچەیەک لە سووریە دابپچڕن. ئەم بزووتنەوانە ئێستاکە باسی ئامانجە دوورەکەیان ناکەن، بەپێی بنەمای - وەربگرە و داوا بکە-"(٨) ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لە هەڵوێستی نامرۆڤانەی پارتی تەحریر و ئازادیی ئیسلامی لە بارەی کێشەی کوردەوە کە پڕن لە کینە و شۆڤینیزم. ئێمە چاوەڕوانی قسەی خێر و باش و هەڵوێستی مرۆڤانە و دادگەرانە بووین لەوانەوە. ئەوان فەلەستین بە داگیرکراو دەزانن لەلایەن جوولەکەوە و هەروەها کشمیر بە داگیرکراو دادەنێن، بەڵام دان بەوەدا نانێن کە دوو بەشی کوردستانیش لەلایەن عارەبەوە - عیراق و سووریا- و دوو بەشیش لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە داگیرکراوە. گۆڤارەکە لە ژمارەیەکی دیکەدا دەنووسێ: " چاومان پێ کەوت کوردەکانی عیراق کە بوش کوشتنی، لە خۆشەویستییان بۆی دەگریان و بە نێتی چاکبوونەوەی کاوریان سەردەبڕی، کە بۆ چارەی دڵی چووە نەخۆشخانە."(٩) هەر ئەو گۆڤارە دیسان دەنووسێ: " کێشەی کورد لە بەغدا نەبێ چارەسەر ناکرێ."(١٠)

ئێمە وتوومانە کە هیچ کەس دۆستی بەوەفای کورد نییە و کورد، وەک خۆی هەر لە زووەوە وتوویەتی، بێکەسە. نە بوش و نە میتران دۆستی کورد نین، بەڵام پارتی تەحریر و ئیخوان و ئەوانی تریش بە گوێرەی نووسراو و هەڵوێستەکانیان دۆستی کورد نین، چونکە هەموویان، بە بوش و میتران و مارکسی و ئیسلامییەوە دژی سەربەخۆیی و ئازادیی کورد و کوردستانن!. ئێمە تێکچوونی ڕاپەڕینە مێژووییەکەی کوردستانی باشوور بە تاوانی بوش دەزانین، بەڵام بێجگە لەو ڕێژیمی فاشیستی عیراق تاوانبارە لە کوشتن و سووتاندن و ڕووخاندن و قەڵاچۆکردن و وێران کردن و تاڵان کردنی کورد و کوردستان. لەبەر ئەوە کورد هەقی هەیە بە سەربازانی ڕۆژاوا بڵێت لە کوردستان بمێننەوە، چونکە هەرچۆن بن لە سەربازانی دڕندەی عیراقی باشترن. من پێم وایە ئەگەر بەشەکانی کوردستان لەلایەن ئەمریکا یا فرانسا یا هەر دەوڵەتێکی ئەورووپاییەوە داگیرکرابا، زۆر لەوە چاکتر دەبوو وەک ئەوەی ئێستا لەلایەن عارەب و فارس و تورک، دەوڵەتانی بەناو موسڵمانەوە داگیرکراوە، کە بە درێژایی مێژووی داگیرکردنیان وەکوو گورگ و دڕندە ڕەفتاریان لەگەڵ میللەتی کورد کردووە. کورد لەو داگیرکەرانەوە هیچ جۆرە یەکسانی و مرۆڤایەتی و موسڵمانەتی و هاوبەشیی خێر و خێراتی کوردستان و پێشکەوتنی ئابووری و تەکنۆلۆژی و فەرهەنگی و سیاسیی نەدیوە. ئەوەی کورد لەوانەوە دەستی کەوتووە هەر عەرەباندن و فارساندن و تورکاندن و کوشت و بڕ و تاڵان و قەڵاچۆکردن بە چەکی کیمیایی و ئەنفال بووە. ئیدی چۆن برایانی پارتی ئازادی دەڵێن کێشەی کورد لە بەغدا نەبێ چارەسەر ناکرێ؟ کێشەی کورد نە لە بەغدا و نە لە تاران و دیمەشق و ئەنقەرە چارەسەر ناکرێ!. ناکۆکیی سەرەکیی ئێمە و برا ئیسلامییەکان لەوەدایە کە ئەوان دەربارەی کێشەی کورد وەک داگیرکەرانی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکانی تر هەڵوێست دەردەبڕن. تا ئەمڕۆ هەرچییەکیان وتووە بە سوودی دەوڵەتانی ئیستیعمارگەری کوردستان بووە و بە زیانی کورد و مەسەلەکەی. ڕۆژنامەنووسێکی ئیسلامی کە لە جێی ناوی خۆی دوو تیپی (ح. س)ی داناوە دەڵێت: "مەسەلەی کوردەکان لە ماوەی دوورودرێژی دەیان ساڵدا وەک دڕکێک لە گیانی نیشتمانی عیراق و بەرژەوەندی و یەکێتیی خاکەکەیدا بەکار هێنراوە."(١١)

ئەم برایانە خەمخۆری بەرژەوەندییەکانی عیراق و سووریا و یەکێتیی خاکەکەیانن، خەمخۆری بەرژەوەندییە ڕامیاری و مەزهەبی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئابوورییەکانی خۆیانن لەسەر حیسابی میللەتی کورد و نیشتمانەکەی، بەڵام بە حەرام و

قەدەغەی دەزانن ئەگەر کورد باسی بەرژەوەندی یا ستەم لێ کراوی و مەزڵوومییەتی خۆی بکات، ئەودەم بە هەموو لایەک، بزووتنەوەکانی مارکسی و لیبرالی و ئیسلامی، پەلاماری دەدەن و تۆمەتی جۆراوجۆری بۆ هەڵدەبەستن. هەر یەکێکیان بەپێی ئیدیۆلۆژیی خۆی، بە ناوی مارکس و لێنین و سۆسیالیزم و پرۆلیتاریا و ئایەت و حەدیس و ئوممەی ئیسلامییەوە مافە رەواکانی پێشێل دەکەن.

برایەکی دیکەش بە ناوی دۆکتۆر موحەممەد حەرب، لێپرسراوی ناوەندی میسریی لێکۆڵینەوەی عوسمانی، لە وتارێکدا بە ناوی "محنة الاكراد بين العلمانية والدين"، وێڕای دەربڕینی هەندێ بیری هاودەردی لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە، نەک سیاسییەوە، کە دیسانیش جێی پێزانینە، دەنووسێ: "کوردەکانی عیراق داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا داوای دابەش کردنی خاکی تورکیا و وەدەست هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دەکات. "(١٢) لەڕاستیدا هیچ کوردێک داوای دابەش کردنی نیشتمان و خاکی تورکیا و ئێران و عیراق و سووریای نەکردووە، بەڵکە داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات کە ئازادکردنی وەتەنەکەیەتی لە چنگ داگیرکەرانی دەراوسێی کە بە پشتیوانیی زلهێزەکانی وەکوو ئەمریکا و رووسیا و ئینگلیز و فرانسا زەوتیان کردووە. ئامانجی کورد تەنیا ئەوەیە کە داگیرکەران لە خاکی نیشتمانەکەی بچنە دەرەوە و هیچ جۆرە تەماعێکی نەکردۆتە خاکی ئەوان، بەڵکە ئەمە عیراق و ئێران و سووریا و تورکیان کە چاوی تەماعیان بڕیوەتە خاکی پڕ بەرەکەت و خێرداری کورد و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان داگیری دەکەن و دەستبەرداری نابن.

کوردستان وڵاتێکی ستراتیژییە، بە تایبەت لەرووی ئابوورییەوە. ئەوجا لەبەر ئەوەیە کە بزووتنەوەکانی دەراوسێی کوردستان، چ مارکسی بن یا لیبرالی و قەومی و ئیسلامی، دان بە ماف و ئازادیی کورددا ناهێنن و دەیانەوێ هەمیشە نەوت و ئاو و مەعدەن و خێروبێری کوردستان تالان بکەن و کوردستانیش هەر بە داگیرکراوی بمێنێتەوە.

لە دواییدا داوا لە برا ئیسلامییەکان دەکەین کە هەڵوێستی نادروست و ناهەقی خۆیان دەربارەی مەسەلەی کورد بگۆڕن و بە شێوەیەکی خواپەسەندانە و ڕاست و دادگەرانە تەماشای بکەن، وەک برایان دۆکتۆر فەهمی شەنناوی و دۆکتۆر حەمدی موراد و دۆکتۆر ئیسماعیل بێشکچی و خوالێخۆشبوو دۆکتۆر محەمەد مەهدی، کە بە ڕاستی و حەقپەرستانە و مرۆڤانە بەرانبەر دۆزی نەتەوەی کوردی مەزڵووم هەڵوێستیان نوانووە و دەنوێنن.

---

پەراوێزەکان

١- پۆستەرێک بە زمانی عارەبی ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەرچووە، مرکز الاعلام الحربی، مجلس الدفاع الاعلی، جمادی الاول ١٤٠٤ هـ.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- ڕۆژنامەی "الجهاد"ی پارتی دەعوەی ئیسلامیی عیراق، ٤-٨-١٩٨٦.

٤- ڕۆژنامەی "دارالسلام"ی پارتی ئیسلامیی عیراق، ژمارە: ٢٣ی ڕۆژی ٢٣-١٠-١٩٩٢.

٥- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٥٧ی ڕۆژی ١٣-٥-١٩٩٤.

٦- بيان من الاخوان المسلمين بشان الاحداث الجارية فی شمال العراق، نووسینی مامۆستا موحەممەد حامید ئەبولنەسر، ڕێبەری گشتیی کۆمەڵی ئیخوان ئەلموسلیمین، ٢٧-٤-١٩٩١.

٧- گۆڤاری "الوعی"، ژمارە: ٤٢، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠.

٨- هەر ئەو گۆڤارە، ژمارە: ٤٧ و ٤٨، ئازار - نیسانی ١٩٩١.

٩- هەر ئەو گۆڤارە، ژمارە: ٥١، تەممووزی ١٩٩١.


١٠- هەر ئەو گۆڤارە و ئەو ژمارەیە.

١١- گۆڤاری "فلسطين المحتلة"، ژمارە: ١٢، ساڵی نۆیەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩١.

١٢-ڕۆژنامەی "المسلمون"، ژمارە: ٣٧٩، ساڵی هەشتەم. ٨-٥-١٩٩٢.

# پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان

دوای ڕزگاربوونی بەشێکی کوردستانی خواروو لە ستەمی داگیرکەرانی عیراقی بزووتنەوییەکی هونەری دەستی پێ کرد بەهیوای گەشەپێ دانی هونەری جۆراوجۆر لە کوردستاندا. یەکێک لەو بەشانەی هونەری کوردی کە پێشکەوتنێکی ئاشکرای تێدا دەرکەوت پەیکەر و پەیکەرتاشی بوو. هونەرمەندانی پەیکەرتاشی کورد هەر زوو کەوتنە ڕازاندنەوەی باغچە و شەقام و مەڵبەند و جێگە گشتییەکانی کوردستان بە کارەکانی خۆیان. دیارە مەبەست و ئامانجی هونەرمەندانی پەیکەرساز ئەوە نەبووە و نییە کە هونەرەکەیان تەنیا بۆ "ڕازاندنەوە" و "نەخشاندن" بێت. ئەوان لە پێش هەموو شتێکدا هەڵگرێ پەیامێکن؛ پەیامی بیر و پەیامی مرۆڤایەتی و پەیامی شارستانێتی.



"پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان" ساڵی ١٩٩١ لەلایەن هونەرمەند "زاهیر صدیق"ەوە دامەزراوە. هونەرمەند زاهیر ئەرکی بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی لە ئەستۆدایە و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەش پێکەوە و بە هاوکاری قۆناغە جیاوازەکانی کارەکان تەواو دەکەن. ئەو هونەرمەندانەی لە پرۆژەکەدا بەشداری دەکەن ئەمانەن : ئاکام عومەر، تاڤان کەمال، ڕێزان عومەر، ڕێبوار قادر، کاوان قادر، سۆران محێدین و چەند هونەرمەندێکی دیکەش. لە چوارچێوەی پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستاندا تا ئێستا ئەم بەرهەمانە ئەنجام دراون : شەهید فاتیح، زەکییە ئەلکان، دانیال میتران، تایەر تۆفیق، هەنگاو، منداڵی بێناونیشان، یەکگرن.



# بۆریس پاستێرناک
# ١٨٩٠- ١٩٦٠

کەم ڕووناکبیری ئەم دنیایە هەیە ڕۆمانی "دۆکتۆر ژیڤاگۆ"ی بۆریس پاستێرناکی نەخوێندبێتەوە، یا چاوی بە فیلمەکەی نەکەوتبێ. دۆکتۆر ژیڤاگۆ هێندە ناوبانگی دەرکرد کە ناوی نووسەرەکەی و تەنانەت بایەخی بەرهەمەکانی دیکەیشی داپۆشی. چ ناودەرکردنی ڕۆمانەکە و چ ئەو دەردەسەری و ڕاونانەی بەو هۆیەوە بەسەر بۆریس پاستێرناکدا هات سیمایەکی جەنگی ساردی ئیدیۆلۆژیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بوو کە سەرتاسەری ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهان وەتا کۆتاییی هەشتاکانی گرتەوە. ڕۆمانەکە، بەداخەوە، نەکراوە بە کوردی و خوێنەری کورد، بە هۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارە ئیدیۆلۆژییەوە کە ساڵانێک لە فەرهەنگی کوردیشدا زاڵ بوو، نەیتوانیوە بۆریس پاستێرناک بناسێ.

لەم بەشە تایبەتییەدا چوار وتار لە بارەی پاستێرناکەوە کراون بە کوردی، کە سێیان پێڤگێنی پاستێرناکی کوڕەگەورەی شاعیر نووسیویەتی. وتارەکان بەشێکن لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری "ئەدەبی سۆڤیێتی"، چاپی ئینگلیزی، کە لە پاییزی ١٩٩٠دا بڵاوکراوەتەوە. لەو ژمارە تایبەتییەدا، بێجگە لە چەند شیعر و نامە و نووسراوی پاستێرناک خۆی، کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و بیرەوەری و باس لەبارەی ئەوەوە هەیە. حەزمان دەکرد وێڕای ئەم وتارە وەرگێڕدراوانە هەندێ شیعریشمان بکردایەتە کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکان پێشتر لە ڕووسییەوە کرابوونە ئینگلیزی، پێمان وابوو بە تەرجەمەیەکی دەستی دووەمی کوردی گەلێ لە بیر و نرخە ئێستێتیکییەکان دەفەوتێن. لە کۆتاییدا دوو پاشکۆش خراونەتە سەر وتارەکان، ئەمانە لە سوێدییەوە کراون بە کوردی.

باشترین خوێندنەوە و تێگەیشتنی پاستێرناک، یا هەر هونەرمەندێکی دیکە، ئەوەیە کە دوور لە شەوارەی فەرهەنگی و سیاسی و ئیدیۆلۆژی، لە نرخە هونەری و ئینسانییەکانی ناو بەرهەمەکانیەوە نزیک ببینەوە.

سوپاسی کتێبخانەی نۆبێل و ئەکادێمیای سوێدی دەکەین کە چەند وتار و نامیلکەیان لە بارەی پاستێرناک و خەڵاتی نۆبێلەوە بۆ ناردین.

مامۆستای کورد

# ژیانی شاعیر

## یێڤگێنی پاستێرناک

بۆریس لیۆنیدۆڤیچ پاستێرناک ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٨٩٠ لە دایک بووە. ئەو ساختمانەی باوکودایکی ئەپارتمانێکیان تێدا بە کرێ گرتبوو کەوتبووە نێوان تڤێرسکایا- یاماسکا و ئۆروژاینی پێرۆیلۆک. ئێستا بەستراوە بە مەیدانی مایاکۆڤسکییەوە، بە تەنیشت چێشتخانەی " سۆفیا"وە. ئەمە جاران گەڕەکێکی پڕ لە ژیان بوو لە دەرەوەی شار، دانیشتووانی بە ڕادەی یەکەم عەرەبانەچی، پیشەگەر و کرێکارانی ئاسنەڕێ بوون.

دە ناو خێزانەکەی نیگارکێشی لاو لیۆنید پاستێرناک و رۆسالیا ئیسۆدۆرۆڤنا پاستێرناک - کاوفمان - ی پیانۆلێدەردا هونەر لەگەڵ کاروباری ڕۆژانەی ماڵدا هاوئاهەنگ و تێکەڵ بوو. لاشەقامەکان، گۆڕەپانەکان و پارکەکانی دەوروبەر، کە نێزیکی شەقامی کارێتنی ریاد بوون، جێگەی پیاسە و هاتوچۆی ڕۆژانە بوون، و ژیان بە رووناکیی هەموو لایەنە مەعنەوی و بینراوەکانیەوە لە هۆشدا ڕۆدەچوو.

کوڕە یەکجار زوو کاری تێ کرا. جیهانی دەرەوە لەگەڵ ژاندا بە زۆر دەچووە ناو گەمە و خەونەکانیەوە. کە بۆریس سێ ساڵان بوو، ئەلیکساندەری برای لە دایک بوو. هەر زوو دوای ئەوە، باوکی بوو بە مامۆستا لە ئەنیستیتووتی هونەر و پەیکەرسازی و میعماری لە مۆسکۆ. لە خانووە سەرەکییەکەدا ستۆدیۆیەک (ژوورێکی بچووکی کارکردن) و لە بەشە دوونهۆمییەکەشدا ئەپارتمانێکی بچووکی دەست کەوت. لە پاییزی ١٨٩٤دا بە ماڵەوە باریان کرد و چوونە ناوی.

شەقامەکانی ئێرە پان و بەرین و یەکجار جوان بوون. ژیانی هونەرمەندانەی دەوروبەر پڕ و سەرشار بوو: باغچەی ئەنیستیتووتەکە، خانووە سەرەکییە ئەفسووناوییەکەی، پۆستەخانەی ئەوبەر جادەکە، بولڤاردەکان و جیهانە تژی و پڕ لە حەشاماتەکەی شەقامی میاسنیتکایا. لیۆنید پاستێرناک ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیهانی هونەری مۆسکۆدا هەڵدەکەوت و دەکەوتە بەر چاو. زۆر کاری دەکرد و هەرچییەکی بەرچاو بکەوتایە، لە ماڵدا، لە کاتی پیاسەی دەرەوەدا، بە ئێواران و لە کۆبوونەوەکاندا، وێنەی دەکێشان. ئەم کارانەی بێ دواخستن و هەر لە خۆوە دەکرد. بۆ ئەو بینینی شتێک و گواستنەوە و گەیاندنی لە یەک جیاواز نەبوون. ڕاستییەکەی ئەو تەنیا ئەو شتەی بە بینراو دادەنا کە بەندی کردبێت و خستبێتیە سەر کاغەز.

دوای هەندێ وەرزی کۆنسێرتی نایاب، رۆسالیا ئیسیدۆرۆڤنا وازی لە مۆسیقاژەندن لە ئاهەنگ و کۆنسێرتدا هێنا، مەگەر چەند جارێکی کەم نەبێ، و خۆی بۆ مێردەکەی و منداڵەکانی، کە ئێستا بووبوونە چوار، تەرخان کرد. ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە بە تەواوی وازی لە پیشەکەی هێنابێ. ڕۆژی چەند سەعاتێ مۆسیقای لێ دەدا و دەرزەکانی مۆسیقای بۆ داهاتی خێزانەکە بەشدارییەکی گرنگ بوون. ئاهەنگی مۆسیقایان لە ماڵدا ساز دەکرد. گەلێ مۆسیقاژەن، نووسەر و هونەرمەند دەهاتنە سەردانیان. کۆڕی هاوکارانی نێزیک لە ئەنیستیتووتەکەدا و دۆستانی وەک پۆلینۆڤ، لێڤیتان، سێرۆڤ و کاساتکین و دۆستایەتی لەگەڵ لیڤ تۆلستۆی و پاشانیش سکریابیندا، ئەمانە هەموو نەخشێکی گرنگیان هەبوو.

بۆریس پاستێرناک کەشی ماڵی خۆیانی بە بناخەی گەشەکردنی هونەرمەندانەی خۆی دادەنا. سەردەمێک پاشتر ئاوای نووسی :" ... من کوڕی هونەرمەندێکم و هەر لە ڕۆژانی یەکەممەوە هونەری گەورە و خەڵکانی گەورەم بینیوە و، بەوە ڕاهاتبووم وەک ستانداردێک سەر بە گرۆی هەڵبژاردە و باڵا بم. هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە ئەمە بوو بە زمانی ماڵەوەم."

پاستێرناک ژیانی منداڵی و لاوێتیی خۆی لە دوو کاری ژیننامەییدا زۆر بە وردی وەسف کردووە. ئەو جێپەنجە بریسکەدارانە بوونە هۆی بڕیاردانی توانستی وەسف کردنی ژیان لای ئەو؛ پاشان ئەمەی ناو نا ڕیالیزمی ژیننامەئاسای سوبجێکتیڤ. ئەو ژیانەی لەناو خێزانەکەیاندا باو بوو، ئەو خووەی لای دروست کرد کە بە درێژایی ژیانی، ڕۆژانە سەرومڕ کاری پیشەزانانە بکات. پاستێرناک کە حەفتا ساڵان بوو، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەیگوت کە تاکە ڕۆژێکی ژیانی خۆی بە فیڕۆ نەداوە. " ئەوە چییە کە هونەرمەندێک دەکاتە ڕیالیست؟ ئەوە چییە کە دروستی دەکات؟ ئێمە لامان وایە جێپەنجە سەرەتاییەکانی ساڵانی منداڵی و لەکاتی خۆیدا ئەرکناسیی ساڵانی پێگەیشتووییە." ساڵی ١٩٤٥ ئەمەی لەبارەی ئەزموونەکانی خۆیەوە نووسی.

وەک لاوێک بە تەواوی قەناعەتی وا بوو کە دەوروبەر داوای وەرام، تێگەیشتن و شێوە و قەوارەپێدانی لێ دەکات. هونەرەکەی باوکی، بە تایبەتی سکێچ و نیگارەکانی لە سرشتەوە، دنیای مۆسیقائامێزی خەیاڵ و تەئسیر کە لە کاتی پیانۆلێدانی ڕۆژانەی دایکیدا پەیدا دەبوون، هەموویان ڕێک ئەو جۆرە پێگەیاندن و بارهێنانە بوون، و کەشی گۆڕانی هونەرمەندانەیان خولقاند. ئەو لەم زمانە تێگەیشت، ئەمە زمانی خۆی بوو، کەرەسەی ئەو بوو بۆ دانوستاندن و پێوەندی. پێی خۆش بوو موناقەشە بکات و لە شت بگات. ئەمە یاریدەی دەدا لەگەڵ کەللەیی بوونی خۆیدا هەڵسوکەوت بکات، دڵتەنگی و نیگەرانییە ڕەوانییەکەی کەم بکاتەوە. ئاکولینا گاڤریلۆڤنا- ی دایەنی دەیبرد بۆ کڵێسە، باسی خودا و پەرجووە پیرۆزەکانی بۆ دەکرد.

لەگەڵ برا بچکۆلەکەیدا گەمەی دانانی پێشانگەی خەیاڵاوییان دەکرد، نیگاریان دەکێشا، بەرگی کتێبیان ڕەنگ دەکرد و کارەکانی خۆیانیان هە ڵدەواسی. پێکەوە گۆڤارێکی ئەدەبییان بڵاوکردەوە. کەسایەتیی بەهێزی ئەو دەدرەوشایەوە کە بەردەوام ئامۆژگاری و وریاکردنەوەی دەدایە دواوە. هاوینی ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی ئۆبۆلێنسکۆیێ، بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆیدا، سواری ئەسپێک بوو و بردی بۆ شەولەوەڕ. لە کاتێکدا ئەسپەکە غاری دەکرد، ئەم کەوتە خوارەوە و کەوتە ژێر سمی ئەو ڕەوەیەی بە دوایدا دەهات و بە ئاستەم لە مردن ڕزگاری بوو. لەم کەوتنەدا سمتی شکا و لاقی کورتتر بوو. هەر لەو هاوینەدا، ماوەیەک پێشتر گوێی لە سکریابین بوو لە داچاکەی تەنیشتیاندا سیمفۆنیای سێیەمی خۆی دادەنا. ئەمە بە قووڵی کاری تێ کرد و سەرسامی کرد. لەم مۆسیقایەی لەباوەڕبەدەرەدا، کە بە بەرچاویەوە لە دایک دەبوو، ئەم لاوە بە سەرسوڕمانەوە لادێی دەوروبەر، ویزەویزی دارستان و جریوەی مەلەکانی دەناسییەوە. ئەم ناسینەوەیە، وەک پاشتر نووسیبووی، ئەنجامەکەی ئەوە بوو بڕیار بدات دانانی مۆسیقا بە شێوەیەکی پیشەکارانە و بێ دواخستن بخوێنێ. ڕاستییەکەی، هاوکات لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنگەی سەرەتاییدا، بە کردەوە کورسەکەی خوێندنگەی مۆسیقا (کۆنسێرڤاتۆری)شی تەواوکرد. بە هەرحاڵ، ئەم جۆرە مەرجانەی کە بە دڵگەرمیی گەنجایەتییەوە بۆ خۆیی دانابوون، نەدەکرا جێبەجێ بکرێن و بە دڵشکاوییەکی گەورەوە دەبوو بڕیار بدا کە واز لە مۆسیقا خوێندنەکەی و بوون بە مۆسیقادانەر بهێنێ.

دوای بەجێ هێشتنی فاکولتەی قانوون، کە لە پێشدا لەبەر ئاسانی هەڵیبژاردبوو، لە بەشی فەلسەفەی سەر بە فاکولتەی مێژوو و فیلۆلۆگی ناوی خۆی نووسی. دەیویست کۆمەک لەوە وەربگرێ کە مرۆڤ بە بیرکردنەوەی زانایانە، لە پرۆسەی گەشەکردنیدا، بە درێژاییی سەدەکان گەیشتوویەتێ. لە کاتێکدا سەرقاڵی خوێندنی یەکەم ساڵی زانستگە بوو دەستی کردە نووسینی شیعر و پەخشان. ئەو سەرنج و نامانەی کاتی خۆی بۆ خزم و دۆستانی ناردوون و تا ئەمڕۆ ماون پێک هاتوون لە وێنەی شیعری و بیری فەلسەفی سەبارەت بەوەی چۆن جیهانی دەرەوە دەچێتە ناو هۆشەوە و بۆ شێوە و قەبارە وەرگرتن دەگەڕێ. پێشکەش کردنەکەی وشەدارە و هەرچی زیاتر زەحمەت کراوە، چونکە ئارەزووی ئەوەیە ناوەڕۆک بە قووڵی و تەواوی پێشکەش بکات. لە "ڕەوتاری ڕاست"ی خۆیدا پاستێرناک دەنووسێ کە پانزدە ساڵ پارێزکردنی لە وشە لەبەر خاتری دەنگ، فەرمانی ڕەسەنایەتیی بەسەردا دا، وەک چۆن سەقەتیی لاشە کەسێک دەکاتە ئاکرۆبات. کاتێ یەکەم هەوڵدانەکانی خۆی بۆ خەڵکێکی کەم دەخوێنێتەوە، بە گاڵتە پێ کردن و لێ تێ نەگەیشتن پێشوازی دەکرێ. بە ناچارکردنێکی گەورەی عەقڵییەوە، ماوەی دوو ساڵ نووسین لە خۆی قەدەغە دەکات.

پاستێرناک ئەو دەمەی کە فەلسەفەی بە جیددی و بە قووڵی دەخوێند، هەر لەو کاتەدا زۆر بە تەسکیی جیهانی ئەکادیمی ناڕەحەت دەبوو. هێندە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ باوترین و بەرزترین دەرکەوتنەکانی بیرە فەلسەفییەکانی هاوچەرخ ئاشنا بێت، کە هاوینی ساڵی ١٩١٢ بۆ ماوەی سێ مانگ چوو بۆ ماربۆرگ بۆ خوێندنی فەلسەفە لەگەڵ کۆهین، ناتۆرپ و هارتمان. سەرکەوتووانە لە هەرسێ سەمینارەکەدا وتاری پێشکەش کرد. پرۆفێسۆر کۆهێن پێشنیازی بۆ پاستێرناک کرد کە دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانستگەی مۆسکۆ، بگەڕێتەوە بۆ ئاڵمانیا، تا خۆی بۆ پرۆگرامی دۆکتۆرای فەلسەفە ئامادە بکات. بەڵام پاستێرناک تازە بڕیاری خۆی دابوو کە واز لەو بیرە بێنێ و ژیانی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان نەکات. دوای سەفەرێکی کورت بۆ ئیتالیا، پاستێرناک لە پاییزدا گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی زانستگە تەواو بکات و لەگەڵ ئەدەبدا بەردەوام بێت، و ژیانی خۆی بە داهاتێکی کەم و زاهیدانە ببا بە ڕێوە، بەوەی کە کار بکات، وەک




هەر لە ساڵانی قوتابێتییەوە لە خوێندنگەی سەرەتاییدا وای کردبوو. دەرسی بە منالی ماڵە دەوڵەمەندەکان دەگوتەوە و تەنانەت لە کۆرسە هەرزانەکانی، کرێکارانی لاویشدا دەرسی دەدا.

لە ساڵانی زانستگەیدا، پاستێرناک هەندێ جیهانبینیی تایبەتی گەشە پێ دا، کە پاشتر لە ساڵانی شەڕ و نەهاتیدا بوو بە کۆمەک بۆ مانەوە و دەربردنی. هەر ئەمەش بوو بە ماکی بەهرەی پەرەسەندووی کە بێ پاشەکەوت کردن بژێت و گوێ بە زیان نەدات. "زیاتر پێویستە لە ژیاندا زیان بدرێ تا ئەوەی قازانج بکرێ،" نووسیبووی. "تۆو هەتا نەمرێ سەوز نابێ. مرۆڤ دەبێ وا بژی، هەمیشە بۆ پێشەوە بڕوانێت و بژێو لە ژیانی خۆی وەربگرێ کە لەبیرچوونەوە، شان بە شانی بیر، کاری تێ دەکات."

ئەم بیرەی لەمەڕ مێژوو وەک دووەم گەردوون کە مرۆڤ بە یاریدەی کات و بیر دروستی کردبێ بۆ وەرام دانەوەی مردن هەر پێشەکی بۆ ئەو گرنگ بوو. کە سەفەرەکەی خۆی بۆ ئیتالیای هێنایەوە یاد، ئاوای نووسی: " ئەو داوە زیندووەی سیمبۆلیزمی مێژووم خۆش ویست، یا بە وشەیەکی دیکە، ئەو غەریزەیەی کە یارمەتیی ئێمەی داوە، وەک پەڕەسێلکە، جیهانێک، هێلانەیەکی گەورە دروست بکەین لە زەوی و ئاسمان، ژیان و مردن، و دوو کات ـ ئێستاکە و نادیار. من ئەوە تێگەیشتم کە بە هێزی ڕاکێشانێ پێکەوە ڕاگیراوە کە لە خەیاڵی ناوکۆی هەموو پارچەکانی پێک هاتووە."

هەستی ئیمکانی بێسنووری نەریتێکی مێژوویییانەی ٣٠٠٠ ساڵ کۆنی ئەوروپایی و جوانییەکی ئازادی ڕۆحەکەی، پاستێرناکی لەوە ئازاد کرد کە بێسوود بە

دوای بزووتنەوەی دیکەی فەرهەنگیی گەلێری و نەبینراودا بگەڕێ و لەو ئارەزووەش پاراستی کە بەزۆر بیروبڕواکانی خۆی بەسەر ویژدانی کەسێکی دیکەدا بسەپێنێ.

لە بەهاری ساڵی ١٩١٣دا پاستێرناک بە پلەی شەرەف زانستگەی تەواو کرد. هەر لەو کاتەشدا، پێنج پارچە شیعری لە پەخشخانەیەکی تازەدا، لیریک، بڵاوکرانەوە، کە بە پارە و بە کۆششی چەند لاوێک ئەنجام درا. پاستێرناک یەکەمین پارچە شیعری ناو ئەم پێنجەی بە بەردەوامی کرد بە شیعری سەرەتای هەموو دیوانە شیعرەکانی لەوەوپاشی.

بەهاری ڕەش
پێنووسەکەت هەڵگرە و،
گریانی مانگی شوبات،
بە هەنسک و مەرەکەب،
شیعر بنووسە، لە کاتێکا
شڵپوهوڕی گرمەی هەور
لە ڕەشایی بەهاردا
دەسووتێ.

ئەو هاوینە یەکەم کتێبی شیعری خۆی تەواو کرد، جمکانە لە هەورەکاندا، کە هەر ئەو پەخشخانەیە بڵاوی کردەوە.

بەهاری ١٩١٤ پاستێرناک بۆ یەکەم جار چاوی بە مایاکۆڤسکی کەوت. لەبەر ئەوەی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە مایاکۆڤسکی بە یەکەم شاعیر و بە پێشەوای فوتوریسم دابنێ، پاستێرناک دەستی کرد بە سڕینەوەی شوێنەواری ڕۆمانتیسم لە شیعرەکانی خۆی، ئەمە هەموو بە ئاشکرا لە شیعر و لە چارەنووسی مایاکۆڤسکیدا خۆی دەرخستبوو. پاستێرناک ڕێکوڕەوان بۆ ڕێگەی ئەدەبیی خۆی دەگەڕا.

بەهار و هاوینی ١٩١٤ بۆ پاستێرناک بە تایبەتی بە بریسکەداریی دوامانگەکانی ئاشتی نیشان کرابوون، یا بە قسەیەکی دیکە، کاتێکی وا کە ژیانی شەخسیی مرۆڤ زۆرترین گرنگیی دەویست و " خۆشویستن ئاسانتر و سرشتیتر بوو لە ڕق لێ بوون". پاستێرناک ئەو هاوین و





*November 1925. Pasternak among the Futurists at the Briks. Left to right: Pasternak, Shklovsky, Gringub, Brik, Tretyakov, Mayakovsky*

پاییزەی بە کاری مامۆستایەتی لەگەڵ ماڵی شاعیری سیمبۆلیست یورگیس بالتروشایتیس، لە نێزیکی ئالێکسین، لەسەر ڕووباری ئۆکا، بردە سەر. بالترۆشایتیس ئەوسا بەڕێوەبەری ئەدەبیی شانۆی تالار(چامبەر تیاتر)ی تازەدامەزراو بوو. بە پێی ڕاسپێریی ئەو، پاستێرناک کۆمێدیی گۆزەی شکاوـ ی کلیستی بۆ ئەم شانۆیە وەرگێڕا. ئەمجا شەڕ دەستی پێ کرد. پاستێرناک شەڕی بە وردوخاش بوونی هەموو هیوا مێژوویی‌یەکانی تەمەنی لاویی دانا. لە نامەکانیدا بۆ باوکودایکی، پێشان دانی ئەم کارەساتە نەتەوایەتییە کەوتە پێش گەشەکردنی ئەم بابەتە لە پەخشان و شیعرەکانیدا.

کە لە ئەرکی سەربازی تەرخان کرا چوو بۆ ناوچەی ئورال و لەوەوپاشیش بۆ هەرێمی کاما و لەوێ بوو بە نووسەر لە کارخانەیەکی کیمیاییی سەر بە بەرگریدا. جوانیی ئورال سەرسامی کرد؛ و سەری لە پێرم و ئوسۆلیەش دا. دارستان و چیا و ڕووبارە گەورەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەیان لای ڕوون کردەوە کە چەندە پێویستە وەسفیان بکات. کارکردنی لەو ئۆفیسەدا ڕێگەی دەدایێ کات بۆ وەرگێڕانی سفینبورن و بۆ نووسین تەرخان بکات. بەشی هەرە زۆری ئەو شتانەی لەو سەردەمەدا نووسینی یا ون بوو یا زۆر دواتر بڵاوکرایەوە. لە کۆتاییی ١٩١٦دا دیوانەشیعری دووەمی پاستێرناک، بەسەر لەمپەرەکاندا، بڵاوکرایەوە.

ساڵانی شەڕ بۆ پاستێرناک زۆر بەردار بوون. ئەو تایبەتمەندییانەی وەک هونەرمەندێک تێیدا دەرکەوتبوون لە پاشەڕۆژدا بەهێزتر بوون و گەشەیان کرد. بێجگە لەوەش ئەو مانگانەی بە تەنهایی لەو هەرێمانەدا بەسەری بردن زوهدی هونەرمەندانەی سەرهەڵداوی ئەویان بەهێزتر کرد. ئەو بە هۆشیارییەوە خوویەکی وای گەشە پێ دا کە بوو بە یاریدەدەری لە پیشەکەیدا و بۆ ڕزگاربوون لەو تایبەتمەندییانەی کە لە مێشکیدا بووبوونە ئاستەنگی سەر ڕێگەی ژیانی و ناهاوئاهەنگی و خۆڕووخاندنیان پەرە پێ دەدا. لەو کاتە بە دواوە باسی خۆی وەک ئامێرێک دەکرد و هەمیشە نیگەرانی ئەوە بوو نەوەک دەنگێکی ناسازی لێوە بێت. دەکرێ بگوترێ کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە گوێیەکی باشی بۆ مۆسیقا نەبوو، کە بووبووە هۆی ئەوەی واز لەوە بێنێ ببێتە مۆسیقادانەر، پاستێرناک لە ناوەوەی خۆیدا ڕۆحییەتی گوێیەکی باشی پەروەردە کرد. " هەموو ئەوەی لە توانستی ئێمەدایە" نووسیبووی، " ئەوەیە کە بتوانین ئەو دەنگی ژیانەی لە دەروونماندایە گێڕوگەواڕی نەکەین."

کاتێ پاستێرناک بە شۆڕشی شوباتی زانی، گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. دیوانی شیعرە غەزەلەکانی، ژیان ـ ی خوشکم، کە لە هاوینی ساڵی شۆڕشگێڕانەی ١٩١٧دا نووسیبووی، پاستێرناکی گەیاندە سەرووی لیستی نووسەرە پێشەنگەکانی کاتی خۆی. کتێبەکە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ساڵی ١٩٢٢ بڵاوببێتەوە ناوبانگی دەرکردبوو، و بڵاوبوونەوەکەی بوو بە هۆی بەرزنرخاندنی لەلایەن شاعیری یەکجار جیاوازەوە: بریوسۆڤ، تسڤێتایێڤا، مایاکۆڤسکی، ماندێلشتام و ئاسەیێڤ.

لە شۆڕش بە دواوە، پاستێرناک کەوتە سەر کەڵکەڵەی نووسینی کارێکی داستانانە(ئێپۆس). هەوڵدانێکی ئارایشت کراوی ئەم بیرە بە شێوەی چیرۆکی منداڵیی دڵداران بڵاوکرایەوە. ئەم کارە لەلایەن تینمانۆڤ، کوزمین و گۆرکییەوە پەسن درا و پێیان وا بوو ئەم پەخشانەی پاستێرناک لە شیعرەکانی چاکترە.

ئەو لووتکەی داهێنانەی ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ پێی گەیشتبوو بووە بە هۆی لە دایک بوونی دیوانێکی دیکەش، بابەت و جیاوازی، بەڵام ئەم کتێبە، ئەگەرچی ناوبانگی ئەوی پەتەوتر کرد، لە ڕاستیدا نزمبوونەوەیەکی ڕۆحیی پێشان دا و ڕوون بووەوە کە بابەتی بەتەمەنی شیعری غەزەل ـ مرۆڤ و هەلومەرجی ڕۆحی، کە دەیەوێ دەریببڕێ ـ مافی مانەوە و ژیانی لە دەست داوە. جارێکی دیکەش، وەک سەردەمی بتپەرستی، جیهان ئامادەی وەرگرتنی داستان و ئەفسانە بوو، و پاستێرناک ڕووی کردەوە ڕووداوە مێژووکردەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ و کەسایەتیی ئەفسانەئاسای لۆیتنانت شمیدت. لەم کارەدا مارینا تسڤێتایێڤنا، کە ئەودەم لە تاراوگە دەژیا، پشتگیریی دەکرد. پاستێرناک نامەی بۆ نووسی، شیعرە تازە نووسراوەکانی خۆیی بۆ نارد و لۆیتنانت شمیدت ـ ی پێشکەش بەو کرد. بە پەسەندکردنێکی زۆرەوە نووسینەکانی ئەو سەردەمی تسڤێتایێڤنای دەخوێندەوە، شیعری ئەوی لە ماڵی مایاکۆڤسکی و ماڵانی دیکە دەخوێندەوە و شیعرەکانی ئەوی لە هاوچەرخانی ڕووس ـ دا بڵاودەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢ەوە پاستێرناک دۆستایەتییەکی ناسک و دڵسۆزانەی لەگەڵ ئاخماتۆڤادا دامەزراند و هەتا ئەو ڕۆژەی مرد دۆستایەتییەکەیان هەر بەردەوام بوو.

ئەو شیعرانەی پێشکەشی ئەو کەسانەی کردبوون کە

چارەنووسیان گرنگ بوو و پێوەندی بە پاستێرناکەوە هەبوو، وەک بریوسۆڤ، ئاخماتۆڤا، تسڤێتایێڤنا، مێیەرهۆلد و کەسانی دیکە و لەو دە ساڵەدا نووسرابوون، کە لەگەڵ کتێبەکانی پێشووتریدا کە ساڵی ١٩٢٨ ئامادە کرابوون، لە کتێبی بەسەر لەمپەرەکاندا - ی ساڵی ١٩٢٩ و ١٩٣١ کۆکرانەوە. کارە گرنگەکانی ئەم سەردەمە سپێکتۆرسکی و ڕەوتاری باش بوون کە پاستێرناک بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ گەوهەری هونەر و مەعنای هونەر لە مێژووی مرۆڤدای تێدا دەربڕیبوون.

لە سەرەتای سییەکاندا، پاستێرناک چالاکانە لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەراندا بەشداریی کرد و لە یەکەم کۆنگرەدا قسەی کرد. ئەو کاتە لە بارەی وییەوە زۆر دەنووسرا و هیوای وا بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودبەخش بێت. ئازایانە وەرامی ڕەخنەی دایەوە و وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ بەرگریی لە باوەڕەکانی خۆی کرد. لە بەهاری ساڵی ١٩٣٦دا بە ئاشکرا نارازیبوونی خۆی دەربڕی بەرامبەر هەندێ وتاری فەرماندەرانی پراڤدا، کە هەموو دیاردە بەهرەدارەکانی هونەر و ئەدەبیان تێدا بە فۆرمالیست بوون تاوانبار کرابوون. لە پاییزی ١٩٣٦وە دەمودووی ڕۆژنامەکان بەرامبەر پاستێرناک بە ئاشکرا گۆڕا. بیست ساڵێک لەوەوپاش پاستێرناک گوتی : " بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٣٦دا بوو، کە مەحکەمە ترسناکەکان دەستیان پێ کرد. هەموو شتێ لە ناخما تێک شکا و یەکگرتنم لەگەڵ کاتدا نەما و بەربەرەکانی کردنم جێگەی گرتەوە و من ئەمەم نەشاردەوە. ڕووم کردە تەرجەمەکردن. نووسینی خۆم تەواو بوو. جارێکی دیکە ڕێک پێش شەڕەکە سەری هەڵدایەوە، یا لەوانەیە وەک پێشبیرێک ساڵی ١٩٤٠ بوویێ." ئەمە پێوەندیی بە زنجیرە شیعری "پێرێدێلکینۆ"وە هەیە کە پاستێرناک وای دادەنا دۆزینەوەی ئیمکانی نووسینە بە شێوەیەکی تازەی سادە و ڕوون.

لە ساڵانی شەڕ و تێرۆری ستالیندا شەکسپیر " هاوڕێی هەمیشەیی" و نموونەی ڕۆحی و هاودەم بوو. تەرجەمەکردنی تراجیدییەکانی شەکسپیر نەک تەنیا سەرچاوەی بژیوی بوو، بەڵکە کۆمەکێکی مەعنەویش بوو. پاستێرناک نووسیویەتی : " شەکسپیر هەمیشە خۆشەویستی ئەو نەوەیانە دەبێت کە لە ڕووی مێژوویییەوە پێگەیشتوون و ئەزمووندارن، کۆمەڵێ ئەزموون و ئازار و سەختی مرۆڤ فێر دەکات نرخ بۆ دەنگی ڕاستی و زانیاریی ڕاستەقینە و دەنگی هونەری پڕ مەعنا و جیددیی ڕیالیزم دابنێ." لەم کارەیدا ( هەشت تراجیدیی تەرجەمە کرد) هەستی کرد کە ڕەگوڕیشەی ڕەسەنایەتیی وشەی زیندوو لە هەڵکێشان نایەت. بەو جۆرە توانیی بگەڕێتەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و توانیی ژیانێکی سەرشار و بەردار بژی.

خۆشیی سەرکەوتن لە جەنگدا ئاواتی تازەکردنەوەی کۆمەڵگەی ژیاندەوە، کە زۆر دەمێک چاوەڕوانی دەکرا. دوایی دەرکەوت کە نیشانە خۆشیبەخشەکانی ئازادی پووچ و بێسوود بوون. بەڵام لەبەر ڕووناکیی ئەو نیشانانەدا بوو کە پاستێرناک دەستی بە نووسینی ڕۆمانی دۆکتۆر ژیڤاگۆ کرد.

ئەو کوشتارە ئیدیۆلۆژییەی لە ئاگوستی ١٩٤٦دا دەستی پێ کرد بەوەی ژدانۆڤ هەڵمەتی بردە سەر هونەر، هاوکات لەگەڵ شەپۆل لە دووی شەپۆل ڕاونانی تازە ڕووی دا. پاستێرناک لەگەڵ ئەو ترسە دەژیا کە ڕەنگە هەر دەقیقەیەک بێن بیگرن. لەو ساڵانەدا هەمیشە دەیگوت " ئیتر ئەوەی پێ ناوێ، بۆ هەموو شتێک ئامادەم. بۆچی دەبێ خەڵکی دیکە شتیان بەسەر بێت و من بەسەرم نەیەت."

ڕۆمانی لەمەڕ یوری ژیڤاگۆ و ئەو شیعرانەی بە ناوی ئەوەوە نووسرابوون بوون بە دەربڕی ئەو خۆشییەی بەسەر ترسی مردندا زاڵ بوو.

" کە باس لە تۆکمەیی و ڕوونی و دڵڕاکێشیی ناو کارە دڵگیرەکانی ساڵانی ڕابوردووم بێت [ دۆکتۆر ژیڤاگۆ] پشوودانێکی بەردەوامی ڕۆحە بۆ من - نەک هەر پێی دڵخۆشم، بگرە بەختیارم و ڕۆمانەکە دەرگا و دەربڕینی ئەم بەختیارییەیە."

پاستێرناک لە سەرەتادا وای نەخشەکێشابوو کە کاری نووسینی ڕۆمانەکە بە ٢-٣ ساڵێ تەواو بکا، بەڵام دە ساڵی ڕەبەقی خایاند. پاستێرناک دەبوو هەردوو بەشەکەی فاوست - ی گۆیتە تەرجەمە بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوو بو دیاردەیەکی ئەدەبیی تاکانە و بەرزترین پلەی سەرکەوتنی وەک وەرگێڕێک. لە پاییزی ١٩٥٢دا دوای تەواوکردنی ئەم تەرجەمەیە تووشی دڵێشەیەکی سەخت بوو. کە لە نەخۆشخانە دەرچوو، لە ڕۆژی ٣ی مارتی ١٩٥٣دا پاستێرناک لە`سێناتوریومی بۆلشێڤۆوە نامەیەکی بۆ ڤالەنتین ئاسنۆس - ی هاوڕێی نووسی :" هەست ئەکەم باشترم. دەستم بە کار کردۆتەوە و خەریکی ژیڤاگۆم."

دوا دەسکاری کردنی ڕۆمانەکەی لە زستانی ١٩٥٥دا

کرد؛ لە سەرەتای ١٩٥٦دا ڕۆمانەکە برا بۆ نۆڤی میر. بریار وا بوو ساڵێ دواتر لەلایەن نۆڤی میرەوە بڵاوبکرێتەوە. دەبوو تەرجەمەکەی لە ئیتالیا بڵاوبکرێتەوە. بەهەرحاڵ، لە پاییزی ١٩٥٦دا، ئێدیتۆری نۆڤی میر، کۆنستانتین سیمۆنۆڤ، ڕەفزی کرد بڵاوی بکاتەوە و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە لە سی ساڵ زیاتر لێرە قەدەغە کرا. تەرجەمە ئیتالییەکەی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٥٧ چاپ کرا، دوای ئەوەش بە زمانی ڕووسی لەلایەن پەخشخانەکانی ڕووسی تاراوگەوە بڵاوکرایەوە و ئەوجاریش وەرگێردرایە سەر نزیکەی هەموو زمانەکانی دنیا.

پاستێرناک زۆر چاک تێ دەگەیشت کە وەزعی دوولایەنەی ئەو هەرچی زیاتر هەرەشەی لێ دەکرێ. بەڵام ئەمە هێندە نەبوو ئەو زانیارییە خۆشیبەخشەی بکوژێ کە لە بارەیەوە بۆ ئێلێنا بلاگینیا ئاوای نووسیبوو: " گەمەی چارەنووسی کوێر یاریدەی دام خۆم بە تەواوی دەرببڕم. ئێمە یەکجار فێری ئەوە بووین شتی هەرە چاکی ناوەوەمان بکەینە قوربانی - وا دیارە ئاخری هونەرمەندەکەی ناخم وردوخاش نەبووە و پێپەست نەکراوە."

لە ساڵی ١٩٤٦ەوە ناوی پاستێرناک حەوت جار پاڵێورابوو بۆ خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا. ساڵی ١٩٥٨ خەڵاتەکەی وەرگرت لەبەر " سەرکەوتنی نائاسایی لە شیعری لیریکیدا و بەردەوامیی نەریتە ڕەسەنەکانی پەخشانی گەورەی ڕووسی."

ئەو کەتنە سیاسییە بێبناخەیەی کە پاش ئەوە ڕووی دا و بە " مەسەلەی پاستێرناک" ناسرا، خراپترین ڕاوی جادووگەرانی جارانی وە بیر هێنایەوە. ئەگەرچی لە سەرەتادا پاستێرناک قەدرزانیی خۆی بۆ خەڵاتەکە دەربڕی، بەڵام دوای حەفتەیەک هەڕەشە و ڕاونان بە زۆر ناچار کرا ڕەفزی بکات. زۆر لە پاستێرناک کرا کۆمەڵە بەیانێک ئیمزا بکات کە نەینووسیبوون. بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکانیشی ڕاگیرا و پاستێرناکیان بەبێ هیچ داهاتێک و سەرچاوەیەک کە پێی بژی هێشتەوە. لە نامەکانی ئەو سەردەمەیدا نووسیویەتی کە وا هەست دەکات وەک بڵێی لەسەر مانگ یا لە مەودای چوارەمدا دەژی. ناوبانگی جیهانگر و هەر لەوکاتیشدا ناوێکی نەفرەتهێنەر لە وڵاتەکەی خۆیدا یەکیان گرت لەگەڵ بێچارەیی و ئەو نادڵنیایییەی کە لە دەیەی حەوتەمی ژیانیدا نەتوانێ ماڵ و منداڵ بە خێو بکات. لە هەمان کاتیشدا سەدان نامەی پێ دەگەیشت بۆ کۆمەکی دارایی، وەک مز لە باتی نووسینەکانی، بەڵام نەیدەتوانی سوودیان لێ وەربگرێ.

دووڕوویی ناخۆش و نارەحەتی بوون نەبووە هۆی تێکچوونی ئەو ئاهەنگی کارکردنەی کردبووی بە خوو. ئەو شیعرە تازانەی بۆ دیوانەکەی نووسیبوونی ( لەملاولەولا بڵاوکرابوونەوە) بوون بە ناوەڕۆکی دوا دیوانەشیعری، کە هەوا ڕوون دەبێ . مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دوایین شیعرەکانی خۆی نووسی. لە ئاستانەی حەفتایەمین ڕۆژی لەدایک بوونیدا بە ئیلهامەوە هەر بەردەوام بوو لەسەر نووسینی شانۆنامەی جوانیی کوێر سەبارەت بە ژیانی ئاکتەرێکی کۆیلە و هەروەهاش سەبارەت بە چارەنووسی هونەر و هەلومەرجی کۆیلایەتی لە ڕووسیا. کاتێکی زۆری بەوەوە دەچوو کە وەرامی ئەو خەڵکانە بداتەوە کە لە سەرتاسەری دنیاوە نامەیان بۆ دەنووسی. بە پێویستی دەزانی وەرامی سەدان نامە بە وردی و بایەخەوە بداتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەوە، کە زاڵ بوو بەسەر پشتێشەکەیدا، پاستێرناک یەکەم دیمەنەکانی شانۆنامەکەی سەرلەنوێ نووسییەوە. لە ناوەڕاستی نیسانەوە خراپتر بوو، و کە هەستی کرد نەخۆشییەکەی چاری نییە، کارەکەی خستە لاوە و لە جێگەدا کەوت. بۆریس پاستێرناک ڕۆژی ٣٠ی مانگی مایسی ١٩٦٠ مرد.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی دوای مردنەکەیدا دۆکتۆر ژیڤاگۆ هەر بە قەدەغەکراوی مایەوە و سەرجەمی کارەکانی پاستێرناک هێنرابووە سەر تەرجەمەکانی.

ئەمڕۆ دۆکتۆر ژیڤاگۆ لە هەموو لایەک بڵاودەکرێتەوە، هەروەهاش شیعر و پەخشانەکانی. شاعیر خۆی ئەمەی بە خەونیش نەدەدی. ئەمە هەمووی وا لە مرۆڤ دەکات بە داخێکی زۆرەوە ئەو قسانەی پاستێرناکی بیر بکەوێتەوە کە دوو ساڵ پێش مردنەکەی وتبووی: " زۆر لەوە دەچێ کە چەند ساڵێ دوای مردنم ئەوسا بابەتی کاری ئەم ساڵانەی دوایی، کە هەناسە و ژیانی پێ دەدا، دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ."

فەرهاد شاکەلی

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

# " تۆ دەژیت، تۆ لە ناخمای، هەروەکوو خۆت ..."

## یەکەم ژنی پاستێرناک یێڤگێنیا، هونەرمەندێک

### یێڤگێنی پاستێرناک

بمەوێ لەسەر خۆشەویستی و ژیانی خێزانیی باوکودایکم بنووسم دەبێ باسی تراجیدیای دوو مرۆڤی بەهرەدار بکەم کە گیرۆدەی هەلومەرجی بەدبەختیی ژیانی رۆژانە و بەرەونەمان چوونی مەعنەویی کۆتاییی سالآنی ۱۹۲۰ی رووسیا بووبوون.

خێزانەکەمان دە سالٚ شتێ کەم بەردەوام بوو؛ لە کۆتاییی ۱۹۲۱ەوە تا بەهاری ۱۹۳۱. زۆر شت لەلایەن گەلێ کەسەوە نووسراوە سەبارەت باوکم و ئەو تەئسیرەی لە خەڵکی دەکرد. ئێلیزاڤێتا چێرنیاک - یش لەبارەی دایکمەوە ئاوای نووسیوە - یەکەم بیرەوەریی یەکبینینیان لە ساڵی ۱۹۲۳دا لە بیریدا هەڵکۆڵرابوو: "لەبارەی ژێنیاوە دەتوانم چی بڵێم؟ روومەتێکی شانازی بەخۆوەکردوو، سیمایەکی گەورە و درشت، لووتێکی رێک و جوان دارێژراو، ناوچاوانێکی پان و زیرەکانە. ژێنیا یەکێکە لەو ژنە هەرە تێگەیشتوو، سەلار و دڵگیرانەی تائێستا بینیومن."

بەرچاوترین نیشانەی کەسایەتیی یێڤگێنیا پاستێرناک مەیلی تەواوی بوو بۆ سەربەخۆییی هۆنەرمەندانە و باوەڕ بە خۆبوون. بەهرەیەکی گەورەی نیگارکێشانی هەبوو، سەرسووڕهێنەرانە وێنەی دەکێشا و خۆی بۆ پیشەکەی تەرخان کردبوو و بڕیاری دابوو ببێتە هونەرمەندێکی پیشەکارانە و تاکە کەسێتیی خۆی دەرببڕێت. بە عەشقەوە خۆی بۆ مێردەکەی تەرخان کردبوو، بەڵام بە ناوی خۆشەویستییەوە رێبازی خۆی و بەهرەی خۆی وەک هونەرمەندێک نەدەکردە قوربانی، لەپێناوی قازانجی مێردەکەیدا ژیانی خۆی نەدەتواندەوە، لەباتی ئەوەی ببێتە پاڵپشتی لە ژیاندا، داوای کۆمەکی لەو کرد و دەستیشی کەوت.

رۆژێکیان، رۆژێکی زۆر ئاسایی لە ژیانی خێزانەکەماندا، بە تەنیشت مێزەکەوە لە گۆشەی ژوورە تاکانە و زۆر گەورەکەماندا، کە هەر لەوێش خێزانەکە دەنووست، نان دەخورا، لە پیانۆ دەدرا، چای سەماوەر دەخورایەوە، دەنووسرا، نیگار دەکێشرا، کوڕەکەیان بەخێو دەکرا و میوانان و دۆستانی ئەدەبی بەخێر دەهێنران، لە ناو نوسخەیەکی کتێبی چیرۆک - دا کە تازە لە چاپخانەوە بۆی نێردرابوو ، باوکم ئەمەی نووسیوە: " بۆ کچە زێرینە دڵبەرەکەم. با لە خۆی بایی نەبێت و گلەیی نەکات. با مەلە بکات، بزەی لەسەر لێوان بێت، دڵی خەڵکی خۆش بکات، بە رۆن نیگار بکێشێت و لە هەموو کەسێکی دیکە چاکتر وێنە بکێشێ و هاوبەشی ژیانم بێت بێ قرە و هەرای ناوماڵ. با هەر بە جوانی بمێنێتەوە، بەو جۆرەی یەکەم جار دیتم، ئەو جۆرەی کە ناسیومە و ئەو جۆرەی کە خۆشم دەوێ. ئە لەم ساتەدا، چاوەڕوانم لە ماڵی سینیاکۆڤ بگەڕێتەوە، سەعات دوو و دە دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ۳۱ی مارتی ۱۹۲۵ ـە. رۆژەکە خۆرەتاوە، کوڕە بچکۆلەکەم نووستووە و ئەویش خەریکە وێنەی مۆدێلێک دەکات، هەر ئەوەندەمان پارە هەیە بەشی حەفتەیەکمان بکات، منیش دەست بە پاژی دووەمی سپێکتۆرسکی دەکەم. لە خوا دەپاڕێمەوە هەموو شت بە باشی بمێنێتەوە. بۆریا .

"لەبەر هەندێ هۆ پێم وایە بە تایبەتی ئەمرۆ کاری نیگارکێشانەکەی بە دڵخۆشی و چاکی وەپێش دەچێ."

هەردوویان گەنج بوون، هێشتا ئەوەیان لە بیر بوو کە چۆن یەکەم جار چاویان بە یەک کەوت و کەوتنە داوی دڵدارییەوە. ئەودەم، ساڵی ۱۹۲۱، یێڤگێنیا لووری خوێندکاری ڤ.هـ.و.ت.ێ.م.ا.س [ کورتکراوەی

هونەرخانەی بەرزی دەوڵەتی] بوو و دمیتری شتێرێنبێرگ و پیوتر کۆنچالۆڤسکی مامۆستای بوون. باوکودایکی و خوشکە گەورەکەی لە پێترۆگراد دەژیان و جاروبار براکەی دەهاتە سەردانی و چیی لە دەست بهاتایە دەیکرد بۆ دەستگرتنی لەو ژیانی کولەمەرگییەیدا.

میخاییل شتیخ، برا چکۆلەی ئەلیکساندەر شتیخ، کە هاوڕێی منداڵیی بابم بوو، بابم و دایکمی بە یەکدی ناساندبوو. بۆ وەبیر هێنانەوەی سەردانەکەی لە ژێنیا لە ژوورەکەی خۆی لە ماڵە گەورەکەی سەر بولڤاردی ڕۆژدێستڤێنسکی، میخاییل شتیخ ئاوای نووسیوە: "بە دوورودرێژی باسی ژیان و هونەرمان دەکرد و من ئەو شیعرانەم بۆ دەخوێندەوە کە لەبەرم بوون ـ شیعری بلۆک، ئەخماتۆڤا و، بێگومان، پاستێرناک. زۆر بە پەرۆشەوە بوو لەگەڵ بۆریا ناسیاوی پەیدا بکات، کەچی ڕێککەوت وا بوو کە سەردانیان بۆ لای من هەرگیز هاوکات نەدەبوو. بەڵام ڕۆژێکیان، کە ئەو و من لە شەقامی نیکیتسکایا بووین بۆ کارێ کە نازانم چی بوو، هات بە بیرما کە بۆریا لەو نزیکانە دەژی، لەو کۆڵانەی کە ئەودەم ناوی گیۆرگییێڤسکی بوو. ئەوە بوو بڕیارمان دا سەردانێکی لەناکاوی بکەین. لە ماڵ بوو و زۆر بە گەرمی پێشوازیی کردین، دەمەتەقێیەکی دوورودرێژ و خۆشمان کرد. گوتی جارێکی دیکەش وەرنەوە بۆ سەردانم. دوای ماوەیەک چووینەوە. ئەم جارە من پێش ژێنیا هەستام، ئەو و بۆریاش هەتا لای وەستگەی ترامەکە لەگەڵم هاتن. لە کاتی خواحافیزیدا، هەر لە خۆوە هەر دوو دەستم بۆ درێژ کردن و ئەمجا دەستی ئەوانم خستە ناو دەستی یەکدی. بۆریا بە دەنگێکی بەرز وتی: "بیرێکی چەند چاک!"

لەوەوپاش لەو سەر شەقامە یەکیان گرت. دواتر ژێنیا وە بیری دەهاتەوە کە چۆن حەپەساوە کە چاوی بە کەوشە زل و قورسەکانی بابم کەوتووە، کە لە قوڕەکەدا هەر لە پێی دەردەچوون. (پاشان لە سپێکتۆرسکی ـ دا ئاوای نووسیبوو: "ئەو کەوشانە، دەتگوت هی پیاوەبەفرینەن.") بابم پێی وتبوو دەتوانێ ڕەنگ و بۆیەکانی باپیرم، کە لای بابمی بە جێ هێشتبوون کە چووبوو بۆ دەرەوە، ببا بۆ خۆی. بانگهێشتنی کردبوو کە بچێت کۆیان بکاتەوە. بەو جۆرە دایکم چووبوو بۆ فلاتی ڤۆلخۆنکاکەی و بەرەڵبێنەکەی پڕ کردبوو لە لوولەی نیوەگوشراوی بۆیە. لەوێ و هەر ئەودەم دەستی پێ کردبوو ڕۆمانەکەی خۆی لەمەڕ ژێنیا لوڤەرسی بە دەنگی بەرز بۆ بخوێنێتەوە. هەر بە ڕێککەوت لاپەڕەکانی دەکردەوە تا بزانێ ئایا دەبێتە ژنی. جارێکیان بۆریا لای ژێنیا بوو، کە براکەی ژێنیا لەو کاتەدا لە پێترۆگرادەوە هاتبوو. ترسی لێ نیشتبوو کە خوشکەکەی بینیبوو لەگەڵ پیاوێکی وا سەیردا، کە شیعری سەیر سەیر دەخوێنێتەوە. مەسەلەکەی بۆ باوکودایکی گێڕابۆوە. خێرا ژێنیا بانگ کرابووەوە بۆ پێترۆگراد. یەک لە دووی یەک نامەی پێ دەگەیشت:

"چوارشەممە، ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٢١.

"ژێنیا، لەم نەبوونەی تۆ هیچ دروست ناکەم. وا دەزانم بیرت لێ ناکەمەوە، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئاراممە لەم مانگەی دواییدا، بەڵام هەموو ڕۆژەکە و دوێنیش بێ ناوبڕ من هەر دڵەتەپێم بووە، دەڵێی لاسایی هەڵبەز هەڵبەزی "ماسییە زێڕینەکە"ی تۆ دەکەمەوە، گرانبا و ڕامکراو، کە پوشکین باسی کردووە و تۆ ئاوای دەست پێ دەکەیت "ئای، فەرموو ئەوەتا..." پێویست بە وتن ناکات، هەوا دژایەتیم دەکات، هەروەهاش خەڵک بینین. بە وتەیەکی دی لەش و گیان. بێ تۆ من دڵشکاوم."

" ٢٣ی دێسەمبەری ١٩٢١ ... ژێنیا، گیانی من، خۆشیی دڵەکەم، داهاتووەکەم. ژێنیا، دە شتێ بڵێ تا شێت نەبووم بەدەست خولی ئەم ژیانە نائارامەوە. ژێنیا، لەو ڕۆژانەوە کە بووبوونە هێلانەی لاپەڕەی کتێبەکانی سەرەتامان، دنیا هێندە گۆڕاوە، یەکێکمان وێنەی دەگیرا ـ بووکەشووشە بووکەشووشەی هەڵدەگرت. ئێمەی پەلەوەری چکۆلە، ئەودەم نەدەکەوتینە داوەوە، با دەکەوتە دووی جریوەمان لە ئاسمانی پیرۆزەییدا، لەسەر خونچەی نەپشکووتووی دارلیمۆکان کە بەهار، لە نیوەڕۆدا، نیگاری کێشابوون، و وێنەی ئەم ژیانە ڕەنگینە لە پەنجەرەوە بە وێنەی شەپۆل دەهاتە ناو ڕۆژنامچەوە و ئەو خامەیەی ئاگادار دەکرد کە نیگاری دایکی لە وێنەیەکی بێدەنگەوە دەگواستەوە بۆ قاقەزێکی بێدەنگ..."

نامەکە باسی وێنەیەکی منداڵیی دایکم دەکات، کە بووکەشووشەیەکی لە باوەشدایە، پێش ئەوەی بچێ بۆ پێترۆگراد دابووی بە باوکم. شتێکی تریش: دایکم وێنەیەکی دایکی خۆی کێشابوو، چونکە بە هەستی ناسک و قووڵەوە پێبەندی بوو.

هەر زوویش پاستێرناک بە دووی نامەکانیدا خۆیشی چوو بۆ پێترۆگراد.

دواتر كە ژیانی هاوبەشیان خەریک بوو لە ڕێ دەردەچوو، باوکم گەلێ جار لە بیر و خەیاڵی خۆیدا دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای پێوەندییەکەیان، لە بیرەوەرییەکاندا بۆ کۆمەک دەگەڕا. "لە کاتی دووریدا هەر وا دەبینم، وەک ئەو دەمەی کە هێشتا ژنومێردایەتی پێکەوەی نەبەستبووینەوە، واتە تا ئەو کاتەی من ماڵی ئەوانم ناسی و ئەویش ماڵی ئێمەی ناسی. ئەودەم، ئەوەی کە هەواکەی پڕکربووەوە و پێویستم بەوە نەبوو بیخەمە ژێر پرسیارەوە یا گومان لە خۆم بکەم چونکە ئەم هەستە لە تەنیشتمەوە و لە ئەودا دەژیا و دەجووڵایەوە، لە ژێر ژیانی ڕۆژانەدا نوقم بوو. مەعنای ناوەوە لە شێوە خۆشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی جیابووەوە. پێویست بوو قەوارەی بدرێتێ و جێبەجێ بکرێ."

لە ئاب (ئاوگوست)ی ١٩٢٢دا تازەبووک و تازەزاوا چوون بۆ بەرلین. وایان دانابوو ساڵێ یا زیاتریش بمێننەوە و کاربکەن. تەنانەت بیریشیان لەوە کردبووەوە کە بچن بۆ پاریس بۆ خوێندنی نیگارکێشان. ئێستاش نامەکەی پیوتر کۆنچالۆڤسکی کە بۆ ناساندن و سپارتنیان نووسیبووی هەر ماوە. لەگەڵ خۆیاندا وێنەکانی دایکم، کەلوپەلی هونەری و ئەو کتێبانەی دایکم بۆ بابمی کڕیبوون: کۆکراوەی کارەکانی پوشکین و ژوکۆڤسکی، دیکنز بە تەرجەمەی ئیرینارخ ڤڤێدێنسکی - یان بردبوو. بابم شیعرێکی بۆ سەفەرەکەی خۆیان نووسیبوو: "گوێم لە خورەی خوێیە دەرژێتە خوار..."، و یەکێکی دیکەش "کۆچ" بۆ ماڵەکەی کەنار زەریایان لە نێزیکی ستێتین.

لە بەرلین دایکم دەستی بە کار کرد. داپیرە و باپیرە زۆریان خۆش دەویست. لیۆنید پاستێرناک حەزی لە نیگارەکانی بوو، بە چاوی ڕێزەوە تەماشای هەستی ڕەنگ بەکارهێنانی، توانستی بەردەست کردنی گەوهەری بابەتەکانی دەکرد. زۆر جار قسەیان لەبارەی هونەری تازە و هونەرمەندان و دەرس دانی هونەرەوە دەکرد. ئێستاش نیگارەکانی دایکم ماون، ناوەوەی فلاتەکەی بەرلینیان، و دوو پۆرترێتی بۆریس پاستێرناک کە دیکنز دەخوێنێتەوە لە خانووە زستانە ناخۆشەکەی بەرلین. وا دیارە هەژاریی دوای جەنگی ئەڵمانیا بۆ دایکم بارێکی گرانتر بوو لە هەژارییە ئاساییەکەی مۆسکۆ. بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن بچن بۆ پاریس. ئەمجا ئەو وتی دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ. بەوجۆرە، ئەگەرچی دوای ماوەیەکی یەکجار دەردناکی نەزۆکیی داهێنان، باوکم ئاخری دەستی کربووەوە بە کارکردن و ئەگەرچی حەزی دەکرد لە ماربورگ بمێنێتەوە، لە کۆتایی مارتی ١٩٢٣دا گەڕانەوە. باوکم پێی وا بوو هەر بۆ ماوەیەک لە باوکودایکی دادەبڕێ، بەڵام بڕیاری ژیان بە جۆرێکی دیکە بوو: ئەمە بوو بە دوا دیداریان.

من لە سێپتەمبەری ١٩٢٣دا لە دایک بووم، دایکیشم دەبوو واز لە خوێندنەکەی لە ڤ.هـ.و.ت.ێ.م.ا.س. بهێنێ. ئیشوکاری ڕۆژانەی ناوماڵی بەلاوە زۆر گران بوو، کاتی زۆر کەم بوو بۆ کارکردن و ئەمەش بوو بە هۆی بۆڵەبۆڵ و قرەوهەرای بەردەوام. باوکیشم ساڵانێک تووشی قەیرانی قووڵی داهێنان بوو، شیعری لیریکی لای خوێنەران و بەخشکاران جێلەق بووبوو. دەستکورت بوون. ئەم قۆناخە پڕئێشە، کە بە هۆشیارییەوە کەوتە گەڕان بۆ زاڵبوون بەسەر تێگەیشتنی لیریکانەی خۆیدا لە دنیا و دەستی کردە ژانری شێوەی گەورەتری شیعر، لە پێشەکیی سپێکتۆرسکی - دا ڕەنگی داوەتەوە.

یارمەتییەکی گەورە بۆ باوکم بۆ نووسینی شیعری درێژی شۆڕشگێڕانە ئەو ئیلهامە بوو کە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ مارینا تسڤێتایێڤادا دەیدایێ. گەرمی و تاوی پەروازی عاشقانەی نامەگۆڕینەوەیان شتێک نەبوو دایکم بەرگەی بگرێ. باوکم هەوڵی دا شتەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە: "نازانم چۆنت تێ بگەیێنم کە دۆستایەتیم لەگەڵ تسڤێتایێڤا دنیایەکی گەورە و بنەڕەتییە، ژیانیشم لەگەڵ تۆدا یەکێکی دیکەی گەورەتر و بنەڕەتیترە، هەر لەبەر ئەوەی شکۆدار و پڕبایەخە و هەرگیز نەشمدەویست لەپاڵ یەکدیدا دایانبنێم، ئەگەر دنیای سێیەم نەبووایە کە بە نزیکی لێیەوە ناوەڕۆکێکی تازە پەیدا دەکەن - ئاماژەی ئەو ڕاستییە دەکەم کە ئەم دوو دنیایە لە ناخی مندا یەک دەگرن و ئەوەی لە مندا چییان بەسەر دێت. هیچ پێویستیش نییە ئەم دوو دنیایە بێز لە یەکدی بکەنەوە... ئەمەیە کە جار لە دوای جار پێتم وتۆتەوە... ئەوەی من پێویستمە وەفاداریی تۆ نییە، بەڵکە ئەوەیە باوەڕت پێم هەبێ و متمانەت هەبێ... ئەمەی دوایی ئیلهامبەخشە، بەڵام ئەوی پێشوو ڕۆحکوژە. بەڵام تۆ داوای پێچەوانەم لێ دەکەیت. کە ئەم نامەیەم دەست پێ کرد درۆی نەبێ فرمێسکم دەڕشت. بەڕاستی، زۆر بە ئاسانی پیاو دەخاتە فرمێسک ڕشتن ـ ئەم ئاگادارییە ترسناکەی کە شەخسی تۆ چیت بە من داوە و تۆ چیت بەسەر ئەم شەخسە و ئەم دیارییە هێناوە. وا وێ دەچێ وەک بڵێی

دوو تۆ هەیە. توخوا وا نییە؟"

هەژاری و دەستکورتییەکەیان کاری لە تەندروستیی دایکم کرد. لەوە دەترسان نەخۆشیی سیلەکەی سەر هەڵبداتەوە. پاییزی ١٩٢٥ دەستی بە خوێندن کردەوە لە ئەنستیتووتەکە. لە هاوینی ١٩٢٦دا باوکم هەردوومانی نارد بۆ ئەڵمانیا و خۆیشی مایەوە بۆ ئەوەی لۆیتنانت شمیدت تەواو بکات. بەو جۆرە دوو مانگی هاوینمان لەگەڵ دایەگەورە و بابەگەورە بردە سەر. ڕاستییەکەی ئەوی لەگەڵیان مایەوە من بووم، چونکە دایکم لە نەخۆشخانەی دەردەباریکە خەوتبوو. لەوێ هێزی هاتەوە بەر. بە بەرزترین مەعنەوییاتەوە گەڕاینەوە بۆ مۆسکۆ. باوکم هاتبوو بۆ مۆژایسک بۆ پێشوازیمان، هاتە ناو واگۆنەکەی ئێمەوە و خۆشی و بەختیارییەکی وای دامێ، کە لەو ڕۆژەوە، هەرکاتێ لە ناو شەمەنەفەردا بم، ئەوەم دێتەوە بیر کە لە ڕێڕەوی واگۆنەکەدا، لەلای پەنجەرەیەکی کراوەدا لەگەڵی وەستابووم و بۆ یەکەم جار وەک دوو پیاو پێکەوە قسەمان دەکرد.

دایکم بۆ ئەوەی کار بۆ دیپلۆمەکەی بکات، پێویستی بە ستودیۆیەک، یا هەرنەبێ ژوورێکی تایبەتی خۆی هەبوو. لە ناچاریدا باوکم کەوتە تکای یارمەتی. لەو پرسنامەیەدا کە یەکێتیی نووسەرانی هەموو ڕووسیا ناردبووی بۆ ئەندامانی، ئاوای نووسیبوو:

"هەلومەرجی ژیان – زۆر خراپ. فلاتە کۆنەکەی باوکم پڕاوپڕ بووە: بیست کەسی بە هەمیشەیی تیا دەژین (شەش ماڵ). دەبێ ئەوەشی بخرێتە سەر کە بەردەوام خزم و دۆستی ئەم ماڵانە لە شەش شارێگەوە بە ڕێوەن بۆ سەردان... لە هەموو لاوە دەنگەدەنگ و هەرا هێرشم بۆ دێنێ، بە دەگمەن دەتوانم بیر بدەمە کارەکەم، بەوەی پەنا دەبەمە بەر پەروازی بیرهێنەرەوەی بێهومێدانەی لەخۆبووردن.

"پێویستییەکی یەکجار زۆرم بە ماڵ و خانوویەکی باشترە. ژنەکەم هونەرمەندە و ئەمساڵ ڤ.ھ.و.ت.ێ.م.ا.س. تەواو دەکات و پێویستی بە ژوورێکە کاری تێدا بکات... پێم وایە دەتوانم ئەو مەسرەفەی بە هۆی لای کەمی داواکارییەکەی سەرەوەوە پەیدا دەبێ بە ئاسانی بدەم، ئەگەر بار بکەمە خانوویەک کە بۆ کارکردن یارمەتیدەر و لەبارتر بێت..."

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی داواکەیی ڕەفز کرد.

بە هەوڵدانێکی یەکجار زۆر دایکم کۆرسەکەی تەواوکرد. پەکی کەوتبوو و نەخۆشیی دەردەباریکەکەی سەری هەڵدابووەوە. پاستێرناک داوای لە گۆرکی کرد کۆمەکی بکات دەستووری بۆ وەرگرێ تا سەفەرێکی درێژ بکات بۆ دەرەوە. گۆرکی ڕەفزی کرد.

هاوینەکەی لە ئیرپەن، لە نزیکی کیێڤ ژیاین، کە دۆستەکانمان، ماڵانی ئاسموس و نۆیهاوس پێیان وتبووین لەلایان بژیین. دایکم ئەو هاوینە ئیشێکی زۆری کرد، پۆرترێتێکی لەڕادەبەدەری کێشا و بە تەواوی نوقم بووبوو لە ڕەسم کردنی داربەڕووە پرگەڵاکەی باخچەکەی خانووە گەورەکەماندا. کە خەریکی نیگارکێشان دەبوو جگەرەی دەکێشا، ئەمەش باوکمی یەکجار زۆر سەغڵەت دەکرد. دواتر لە شیعرێکدا باسی دوا هاوینی خۆشی خۆی لەگەڵ دایکم و مندا کردووە. گێرنیک نۆیهاوس کاری لەسەر مۆسیقاکەی برامس دەکرد. باوکم حەیرانی بوو، و حەیرانی ژنەکەشی بوو کە نەک تەنیا دەرەقەتی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی دوو کوڕەکەی دەهات، بەڵکە کۆنسێرتیشی بۆ مێردەکەی ڕێک دەخست. دەیانگوت لە زەمانی شەڕی ناوخۆدا لە ئوکراین ژیانی مێردەکەی پاراستووە. دوای گەڕانەوەمان بۆ مۆسکۆ، باوکم نەیتوانیبوو هەستی خۆی بشارێتەوە و بەهەر حاڵ نەشیویستبوو بیشارێتەوە، بۆ دایکمی باس کردبوو کە زینایدا نیکۆلایێڤنا چ تەئسیرێکی گەورەی لێ کردووە. دایکم نەیتوانی ئەمە قەبووڵ بکات، و خێزانەکەمان لەبەر یەک هەڵوەشایەوە.

لە دواییدا، بە یارمەتیی ڕۆمان ڕۆللان، باوکم ئیجازەی بۆ دایکم و بۆ من وەرگرت بچینە دەرەوە، بەڵام بۆ خۆی وەرنەگرت. کە ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٣١ بەرەو ئەڵمانیا بەڕێی کردین، پاستێرناک لەو باوەڕەدا بوو کە ئێمە ماوەیەکی درێژ لەوێ دەمێنینەوە، کە سیلەکەی دایکم چارە دەکرێ و کە هێزی هاتەوە بەر ئەودەم دەتوانێ سەربەخۆ بژی. لە شیعرێکدا کە هەر دوابە دوای چوونەکەی ئێمە نووسیویەتی بە ڕاشکاوی ئەوەی باس کردووە.

قەیرانێکی ئابووری دەستی لە گەرووی ئەورووپا گیرکردبوو. خەونی چوونە فرانسا بە دی نەدەهێنرا. نەیبردە ساڵێک گەڕاینەوە بۆ مۆسکۆ – ژیانمان بە قۆناغێکی جگەربڕی کارەساتی ناو خێزاندا تێپەڕی، هەروەها برسێتیی سەرەتای ١٩٣٠– یەکان و لە پەنجەرەی فلاتەکەی ڤۆلخۆنکامانەوە چاویشمان لە کڵێسەکەی عیسای ڕزگارکەرەوە بوو کە تەقێنرایەوە و شووشەکانی وردوخاش بوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی



Evgenia Pasternak
with her son Evgeni. 1931

دەژیان و منداڵیان گەورەدەکرد و دڵی خۆیان بە هیوا خۆش دەکرد. لەم ماوەیەدا دایکم زۆر بە سەختی کاری نیگارکێشیی دەکرد. وێنەکانی پێشان دەدران و دەکڕدران. دۆستان لە دەوری بوون. سارا لێبێدێڤا یارمەتییەکی زۆری دا، چ لەڕووی مەعنەوییەوە و چ لەڕووی داهێنانەوە.

دوای جەنگ وەزعەکە تەواو گۆڕا و خراپتر بوو. دایکم ماوەی چەند ساڵێک ستودیۆیەکی بە کرێ گرتبوو لەگەڵ ڕۆبەرت فالک ـ ی مامۆستا و هاوڕێیدا. مۆدێلیان بە شەریکی بوو، بەڵام هەردوویان بێبەش بوون لە ئیمکانی پێشاندانی کارەکانیان یا مز وەرگرتن.

پێوەندیی باوکودایکم هەر دۆستانە مایەوە هەتا ژیان. خۆشەویستی و بەزەیی لەبن نەهاتووی باوکم توانیی دەرد و ئێش و ژانی دڵی دایکم سارێژ بکات. بەردەوام سەری لێ دەدایەن، بەشدارییەکی دڵسۆزانەی لە ژیانماندا دەکرد، دۆستێک بوو نەدەکرا دەستبەرداری بین و یارمەتیدەرێکی هەمیشەیی بوو لە ژیاندا.

زۆر بەوە دڵخۆش بوو کە دەیبینی دایکم وەک شەخسێک و وەک هونەرمەندێک سەربەخۆیی وەدەست دێنێ و فێر دەبێ بەسەر قەیرانە ڕۆحییەکانیدا زاڵ ببێت. زۆر دواتر لە خۆیەوە تێگەیشتم کە چەندە ئازاری چێشتووە و هەستی بە گوناه کردووە بەرامبەر بە ئێمە. ژنی دووەمیشی، زینایدا نیکۆلایێڤنا، نووسیویەتی کە جیابوونەوەی لە ئێمە چ برینێکی چڵککردووی لە دڵیدا بەجێ هێشت.

مردنی بابم گورزێکی گورچووبڕ بوو بۆ دایکم و هەر بە دوایدا تووشی نەخۆشییەکی عەسەبی بوو و لە ١٠ی تەمموزی ١٩٦٥دا، لە تەمەنی شەستوپێنج ساڵیدا مرد.

نەخش و وێنە و نیگارەکانی، کە پۆرترێتی هەندێ خەڵکی ناوداری ساڵانی ١٩٣٠-٥٠ یان تێدایە، ئێستاش هەر وا ماونەوە و نەکەوتوونەتە بەر چاوی خەڵک. هەموو هەوڵ و کۆششێکم بۆ ئەوەی کارەکانی بکەمە پێشانگایەک تووشی کۆسپی گەورە بووە و مایەی شەرم و دڵتەنگیمە کە تا ئەمڕۆش بێئەنجامە.

فەرهاد شاکەلی

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

# ڕازی دڵگیرییەکەی تۆش وەرامی مەتەڵی ژیانە

ئا.ئاسموس

تا ڕادەیەکی سەرسووڕهێنەر جوان بوو. من ساڵی ١٩٤٧ چاوم پێ کەوت، ئەوساکە تەمەنی خۆی دابوو لە پەنجا ساڵێ، بەڵام لەو تەمەنی پەنجاساڵییەشدا بەڕاستی جوان بوو. ئەی بە گەنجی ... بوتۆمۆ - نازڤانۆڤای گۆرانیبێژ بۆی گێڕامەوە کە چۆن یەکەم جار چاوی بە زینایدا نیکۆلایێڤنا کەوتووە کە ساڵی ١٩١٩ یا ١٩٢٠ چووبووە ماڵی نۆیهاوس. وتی یەکێک بووە لە بەهێزترین تەئسیرەکانی سەرتاپێی ژیانی، هەژەندێکی تەواو بووە، بە درێژایی ی ژیانی چاوە تیشکهاوێژەکانی زینایدا نیکۆلایێڤنای لە بیر ماوە. ئەم ژنە جوانە ناخۆشترین و نزمترین کاریشی پێ خەوش نەبوو. لە کاتی جەنگ و ڕەوەکەدا وەک دایەنی منداڵ لە منداڵخانەیەکدا کاری دەکرد، سەرەڕای بەجێ هێنانی ئەرکەکانی خۆیشی، ناوماڵی دەشۆرد، فرن و کوانووەکانی دادەگیرساند و جلیشی دەشۆرد.

زینایدا نیکۆلایێڤنا مۆسیقالێدەرێکی چاک بوو. لە خوێندنگەی مۆسیقای ئێلیزاڤێتگارد لەگەڵ ناتالیا گوستاڤۆڤنای خوشکی گێنرِیخ نۆیهاوسدا، و پاشانیش لەگەڵ گێنرِیخ نۆیهاوس خۆیدا، خوێندبووی. گەلێ پارچە مۆسیقای بە چواردەستە لەگەڵ نۆیهاوس و هۆرۆڤیتزدا لێ دابوو. بە قووڵی لە مۆسیقا دەگەیشت. ڤالێنتین ئاسموس، کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا ناسیبووی، بۆی باس کردم: "گارِیک [نۆیهاوس] هەمیشە بە وردی گوێی لە زینا دەگرت تا بزانێ لەبارەی مۆسیقالێدانەکانیەوە دەڵێ چی." کاتێکیش، دوای مردنی نۆیهاوس، وا ڕێک کەوت کە ئێمە لە کۆنسێرتێک بووین ستانیسلاڤ نۆیهاوسی کوڕی پێشکەشی دەکرد و پاشان ئاسموس زۆر ستایشی کرد، ستانیسلاڤ وتی: "هەمووی لە سایەی دایکمەوەیە". دیاربوو هەموو بەرنامەکەی ( نەک تاکە جارێکیش) بۆ لێ دابوو.



جارێکیان لە کۆتاییی پەنجاکاندا، من و مێردەکەم لە ماڵی پاستێرناک بووین لە پێرێدێلکینۆ. دوای خواردنی فراوین هەریەکە ڕووی کردە قوژبنێک. بۆریس پاستێرناک منی برد بۆ ژووری کارکردنەکەی و ماوەیەکی زۆر قسەمان کرد. ئەوە بوو بۆی باس کردم کە زینایدا نیکۆلایێڤنا مۆسیقای چۆپین زۆر جوان لێ دەدات و هێشتاش لە بیریەتی چۆن شێرزۆ و سۆناتا و مازورکای لێ دەدا.

ماڵێکی جوانی هەبوو. زۆر چاکم کەش و هەوای ئەو خانووە لە بیرە کە هەموو کەس هەستی دەکرد لە ماڵی خۆیدایە؛ شیعر دەخوێنرایەوە، مۆسیقا لێ دەدرا، دەمەتەقێی زۆر جیددی دەکرا و خەڵک پێدەکەنین و

گاڵتەیان دەکرد. پاستێرناک حەزی لەم جۆرە کۆبوونەوانە بوو. ئێمە ئێستاش ئەو پارچە قاقەزەمان ماوە کە بە یەکێکدا ناردبووی بۆ ئاسموس و گودزی کە ئەودەم لە وچانگەی نووسەران بوون:

١٩٥٦/٩/١١

ڤالەنتین گیان،

میوانمان هەیە. تۆ و گودزی بە پەلە داوادەکرێن، شتێک دەخوێنمەوە.

بێ ئەملا و ئەولا، تکاتان لێ دەکەم !!!

خێرا.

دڵسۆزتان،

ب. پ

بەڵام ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەعادەت ڕۆژانی یەکشەممە دەکرا. ڕۆژانی دیکە بێدەنگی ماڵەکەی داگیر دەکرد. زینایدا نیکۆلایێڤنا دەیزانی چۆن کاروبار بە جۆرێ ڕێک بخات کە هەموو شتێ لە ماڵەکەدا ملکەچی کارەکەی پاستێرناک بێت. ماڵەکە هەمیشە پاک بوو، بەتەواوی خاوێن کرابووەوە و چاک ڕێک خرابوو. زینایدا نیکۆلایێڤنا تەنانەت ژوورێکی لە باغچەکەدا دابووە دروست کردن بۆ دەرس و دەوری ستانیسلاڤ، تا سەر لە پاستێرناک نەشێوێنێ.

ئێستا نیاز وایە ئەم خانووە بکرێتە موزە. بێگومان ئەمە بیرێکی زۆر چاکە. بەڵام چاکتریش دەبوو ئەگەر کەسوکارەکەی پاستێرناک لە ماڵەکەدا بژیانایە، وەک چۆن تا ١٩٨٤ تێدا ژیان، کە سنووقی ئەدەبی دەری کردن. ئەوان ڕێگەیان بە هەموو کەسێک دەدا بێتە ژوورەوە (هەروەک بنەماڵەی چوکۆڤسکیش ئێستا وا دەکەن)؛ هەرکەس دەیتوانی بێت و تەماشای هەموو شتێک بکات. خەڵکیش دەهاتن! نەک تەنیا لە مۆسکۆوە. جارێکیان لە بەردەرگای ماڵەکەی پاستێرناکدا گەنجێکم بینی، کە دەرکەوت کوڕەزای نیلس بۆهر بوو. کە خەڵکێک لە خانووەکەدا بژین، ئەتمۆسفێری گەرموگوڕی و تێدا ژیان دەمێنێ. بێگومان ئاشکراشە کەس نییە حەز نەکات نەوەیەکی پوشکین فلاتەکەی مۆیکای پێشان بدات لە باتی ڕێشاندەرێکی پیشەکار، ئەمەیان چەندە شارەزاش بێت.

لە ماڵی پاستێرناکدا دۆستانی کۆنیان خۆش دەویستن. بنەماڵەی پاستێرناک دۆست و هاوڕێی تیتسیان تابیدزە و نینای ژنی بوون. ئەمانە زۆر جار دەهاتن بۆ مۆسکۆ و لایان دەمانەوە. ئەو بەهارەی کە بۆریس لیۆنیدۆڤیچ لە سەرەمەرگدا بوو، نینا لایان مایەوە. ئەم دۆستایەتییە بۆ منداڵەکانیشیان مایەوە. تانیت تابیدزە دۆستی ستانیسلاڤ نۆیهاوس و لیۆنید (پاستێرناک) بوو، و دۆستی ناتاشا، بێوەژنەکەی لیۆنیدیشە. ئێستاش نەوەکانیان دۆست و هاوڕێن. گیڤی، کوڕەزاکەی تیتسیان تابیدزە، لای بنەماڵەی پاستێرناک زۆر خۆشەویستە. ئەم کەش و هەوای دۆستایەتی و گەرمییە و هەمیشە ئامادەبوون بۆ یارمەتییەش دەستکردی زینایدا نیکۆلایێڤنا بوو، یا ڕاستییەکەی دڵکردی وێ بوو.

زینایدا نیکۆلایێڤنا هەرگیز درۆی نەدەکرد و شتی ناڕاست پێشان نەدەدا، لەبەر ئەوە هەموو شتێ لای ئەو ئاسان و سادە بوو. مرۆڤ هەرگیز پێویستی بەوە نەبوو بیر لەوە بکاتەوە ئەو لە دڵدا چۆن بیر دەکاتەوە، یا بەڕاستی دڵسۆزە یا نا.

هەموو کاتێ دەیزانی چۆن بە شێوەیەکی شکۆدار و سەربەرزانە هەڵسوکەوت بکات. من لە گەلێ وەزعی جیاوازدا بینیبووم، ئەم هەستی سەربەرزییەی هەرگیز لێ جیا نەدەبووەوە.

ژیانی زینایدا بە هیچ جۆرێ ئارام و بێقۆرت نەبوو. یەکەم منداڵی، کە ئادریان بوو، لە دەست چوو. ئادریان نەخۆش بوو و چەند ساڵێ لە نەخۆشخانە کەوت. لەگەڵ نەخۆشخانەکەدا ئەویش گوێزرایەوە، بەڵام نەک بۆ چیستۆپۆل، کە زینایدا نیکۆلایێڤنا لەگەڵ دوو کوڕەکەی دیکەی ماوەی گواستنەوە و چۆڵکردنەکەی لێ دەبردە سەر، بەڵکە بۆ نیژنی ئوفالی. بە هەر جۆرێ ببووایە هەوڵی دەدا سەری لێ بدا ( ئەوانەی جەنگەکەیان لە بیر ماوە دەزانن ئەمە چەند زەحمەت بوو). ئادریان ساڵی ١٩٤٥ لە مۆسکۆ مرد.

هەرکاتێ کەسێک باسی هەندێ سیمای شەخسییەتی زینایدا نیکۆلایێڤنا، یا هەندێ لە ئاکارەکانی بکات، یا مەحکوومی بکات، من هەمیشە ئەو قسانەی پاستێرناکم دێتەوە بیر کە دەیگوت: "پوشکینناسان لەو باوەڕەدان کە دەبوو پوشکین ناتالیا نیکۆلایێڤنا نەخوازێ، بەڵکە سەرتاپێی زانیاریی لەوەودوای پوشکینێ بخواستایە. بەڵام من پێم وایە تێگەیشتن لە پوشکین سەختتر دەبوو ئەگەر ناتالیا نیکۆلایێڤنای نەخواستایە".

منیش هەر بەو جۆرە پێم وایە تێگەیشتن لە پاستێرناک بۆ هەموومان سەختتر دەبوو ئەگەر زینایدا نیکۆلایێڤنای

جوان و زیرەک و یەکجار شۆخ ژنی نەبووایە و یەکێکی دیکە ژنی ئەو بووایە. بە هەرحاڵ، پاستێرناک نزیکەی نیوەی تەمەنی خۆی ( سی ساڵێک) لەگەڵ ئەودا بردەسەر و دەیویست دوای مردنیش هەر پێکەوە بن:

ئارەزووم ئەوەیە کە دەمرین،
شریتی ژینمان دەپسێ و ئێرە بە جێ دەهێڵین،
لە قافییەیەکدا دابنرێین سفتوسۆڵتر
لەوەی کە دڵ و گوێچکەی دڵ وێکرا دەبەستێتەوە.

ف. شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

# " خەڵاتی نۆبێل "ـەکەی بۆریس پاستێرناک

## یێڤگێنی پاستێرناک

لە ناو کۆمەڵە ڕووداوەکانی یادکردنەوەی جەژنی سەدساڵەی لەدایک بوونی بۆریس پاستێرناکدا جێگەیەکی تایبەتی دەدرێتە بڕیارەکەی کۆمیتەی نۆبێل کە هەموو ڕاستییەکانی ئاشکرا کرد. کۆمیتەکە بڕیاری ڕەفزکردنی خەڵاتی نۆبێلی لەلایەن پاستێرناکەوە بەوە داناوە کە لەژێر گوشاردا بووە و هەر لەبەر ئەوەش پووچە(بێئیعتیبارە)، و بڕیاری دا دیپلۆمەکە و مەدالیاکە بدرێ بە بنەماڵەی خەڵاتبەرەوەی کۆچکردوو. پێشکەش کردنی خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا بە پاستێرناک لە پاییزی ١٩٥٨دا لە یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەی ڕاوانی جادووگەرانەوە پێشوازی کرا و ئەمەش ژیانی لە نووسەر تاڵ و ژاراوی کرد و بەڕاستی بوو بە هۆی کۆتایی پێ هێنانی ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەکەی. لە ماوەی سی ساڵدا قەدەغە بوو چیرۆکی خەڵاتی نۆبێلەکەی پاستێرناک بەئاشکرا باس بکرێت و وەک ڕاز و نهێنییەک مابووەوە.

هەر دوای برانەوەی دووەمین جەنگی جیهانی ئیدی باس هاتە کایەوە کە ڕەنگە خەڵاتی نۆبێل بدرێ بە پاستێرناک. بە قسەی لارش گویللەنستێن، سەرۆکی ئێستای کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل، ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٥٠ هەموو ساڵێک ناوی پاستێرناک باس کراوە و ساڵی ١٩٥٧یش جارێکی دیکە ناوی لە لیستەی هەڵبژێردراوەکاندا پەیدا بووەوە و ئاخرێکەی لە ١٩٥٨دا خەڵاتەکەی پێ بەخشرا. پاستێرناک خۆی ڕاستەوخۆ بەمەی نەدەزانی، تەنیا بەوە سووسەیەکی کردبوو کە لە چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتدا هێرشێکی زۆری دەکرایە سەر. هەندێ جار ناچاریش دەبوو کە داوای لێ بووردن بکات لەبەر ئەو ناوبانگەی لە ئەوروپادا هەیبوو، بۆ ئەوەی خۆی لە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ ڕزگار بکات. جارێکیان نووسیبووی: " بە گوێرەی زانیارییەکانی یەکێتیی نووسەران، هەندێ گرۆی ئەدەبی لە ڕۆژاوادا بایەخێکی لەڕادەبەدەر بە کاری من دەدەن، کە لەگەڵ خۆ بە نزمگرتوویی و چەندایەتییەکەیدا ناگونجێ..."

لە پاییزی ١٩٥٤دا ئۆلگا فریدەنبێرگ لە لێنینگرادەوە بۆی نووسیبوو: " لێرە دەمگۆیەکی وا هەیە گوایە خەڵاتی نۆبێلت پێ دراوە. ئەرێ ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر وا نییە، کەواتە ئەم دەمگۆیانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن ؟" پاستێرناک ئاوا وەرامی دابووەوە: " دەمگۆی لەو بابەتە لێرەش بڵاودەبێتەوە. من دوایین کەسێکم پێی دەزانم. من لە یەکێکی دەبیستم و ئەو یەکەش لە یەکێکی دیکەی بیستووە. لەوە دەترسێم نەوەک ئەم قسە و قسەڵۆکانە بێنە دی، چونکە ئەگەرچی دەبێ بۆ ئەم خەڵاتە سەفەرێکی سوێد بکەم بۆ پێشکەش کردنەکە، کە ئەمە دەرگایەکە بۆ دنیای پان و پۆڕ، و بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا، بەڵام ناتوانم لەم سەفەرەدا وەک بووکەشووشەی پارتی هەڵسوکەوت بکەم. ئەوجا من ماڵ و منداڵم هەیە و ڕۆمانە تەواونەکراوەکەم. ئەمە هەموو شتەکان سەروبن دەکات. ئەمە دیلێتیی بابیلە و هیچی دی. بەڵام دیارە خوا ڕەحمی کرد و ترکزەکە ڕۆیی و بە سەرچوو. وا دیارە ناوی من دانرابوو بۆ خەڵاتەکە و پشتگیرییەکی باش هەبووە. ڕۆژنامەکانی بەلژیک و فرانسا و ئەڵمانیای ڕۆژاوا زۆریان لەبارەوە نووسیبوو. خەڵک هەبوون کە بەڕاستی ئەو وتارانەیان بینیبوو و خوێندبووەوە و

بۆمیان باس کردبوو. ئەوجا هەندێکیش لە ڕادیۆی (بی. بی. سی)یەوە گوێیان لێ بووە(ناتوانم بڵێم ئەمە ڕاستە یا نە) کە ناوی من پێشنیاز کراوە، بەڵام ئەوان، کە شێوەکاری ئێمە دەزانن، پرسیان بە سەفارەتخانە کردووە و ئەمانیش داوایان کردووە ناوی شۆڵۆخۆڤ لە جێگەی ناوی من دابنرێ، و دوای ئەوەی دەنگ بۆ ئەو نەدراوە کۆمیتەکە هەمینگوەی ـ یان هێنایە پێشەوە، کە زۆر وا پێ دەچێ خەڵاتەکەی پێ ببەخشرێ... بەڵام من شاگەشکە بووم کە لەگەڵ هامسۆن و بونین ـ دا، ئەگەر بە ناویش بێ، هاوشان بم و ئەگەر تەنیا بە هۆی هەڵەیەکیشەوە بووبێ، خۆم لەگەڵ هەمینگوەی ـ دا ببینم."

دۆکتۆر ژیڤاگۆ دوای ساڵێک تەواو کرا. ئالبێر کامو، وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٥٧، بە هەوەسەوە کەوتە دوای وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی فرانسی. لە وتاری نۆبێلەکەیدا باسی پاستێرناکی بە پەسەندەوە کرد، ئەوجا خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٥٨ درا بە پاستێرناک " لەبەر سەرکەوتنی لەبەرچاو لە شیعری لیریکیی مۆدێرندا و لە مەیدانی پەخشانی گەورەی ڕووسیدا". بە وەرگرتنی تەلگرافێک لەو بارەیەوە لە سکرتێری کۆمیتەی نۆبێل، ئاندەرش ئۆێستەرلینگەوە، پاستێرناک ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ وەرامی ناردەوە: " مەمنوون، دڵخۆش، سەربەرز، شەرمەزار." هاوسێکانی ـ بنەماڵەکانی ئیڤانۆڤ و چوکۆڤسکی ـ پیرۆزباییان لێ کرد، تەلگراف وەک لافاو دەهات، پەیامنێران گەمارۆی ماڵەکەیان دا. زینایدا نیکۆلایێڤنا موناقەشەی ئەوەی لەگەڵ کرد کە بۆ سەفەرەکەی ستۆکهۆڵم چی لەبەر بکات. وا دیار بوو هەرچی دەردیسەری و ئازارێ کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەوە تووشی بووبوو، بانگ کران بۆ کۆمیتەی ناوەندی و یەکێتیی نووسەران، ئیدی بەسەرچووە. خەڵاتی نۆبێل سەرکەوتن، بە ڕەسمی ناسین و شەرەفێکی ڕێک و تەواو بوو بە هەموو ئەدەبی ڕووسیا بەخشرابوو.

بەڵام سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر کۆنستانتین فێدین سەردانێکی چاوەڕواننەکراوی کرد. بێ ئەوەی سەڵاوێ بکات بەلای خانمی ماڵەکەدا تێپەڕی و ڕاست سەرکەوت بۆ ژووری کارکردنەکەی پاستێرناک لە نهۆمی سەرەوە. فێدین داوای کرد کە دەبێ پاستێرناک بێ دواخستن و زۆر ڕوون و ئاشکرا خەڵاتەکە ڕەفز بکات و هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر وا نەکات، ڕۆژنامەکان ڕۆژێ دواتر دەست دەکەنە هەڵمەتێک لە دژی. پاستێرناک وەرامی دایەوە کە هیچ شتێک نییە ناچاری بکات واز لەم شەرەفە بهێنێ، کە پێشتر بە تەلگراف وەرامەکەی بۆ کۆمیتەی نۆبێل ناردووە و ناتوانێ تازە قسە بگۆڕێ. بە ڕاشکاوی ئەوەشی ڕەفز کرد وێڕای فێدین بچێ بۆ داچاکەی، کە سەرۆکی بەشی فەرهەنگیی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی یەکێتیی سۆڤیەت لەوێ چاوەڕێی دەکرد.

لەو ماوەیەدا من هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ پێرێدێلکینۆ. باوکم هەر وەک جاران لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو. لەو کاتەدا خەریکی وەرگێڕانی ماری ستوارت ـ ی سلۆڤاکی بوو و زۆریش هێمن بوو. هیچ ڕۆژنامەیەکی نەدەخوێندەوە و دەیوت لە پێناوی ئەو شەرەفەدا کە وەرگری خەڵاتی نۆبێلە، ئامادەیە بێبەش بوون(مەحروومی) قەبووڵ بکات. لەم حاڵ و بیرکردنەوەیەدا بوو کە نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتیی یەکێتیی نووسەران نووسی و نەچوو بۆ کۆبوونەوەکەی، کە لەسەر فەرمانی جۆرج مارکۆڤ لە یەکێتییەکە دەرکرابوو. هەوڵێکی یەکجار زۆرمان دا ئەو نامەیە لە ئەرشیڤەکانی یەکێتیی نووسەراندا بدۆزینەوە، بەڵام وا پێ دەچێ لەناو برابێت. باوکم بە کەیف و ڕووخۆشییەوە باسی ئەو نامەیەی بۆ کردم کە هات سەرێکی لە ماڵەکەمان دا پێش ئەوەی بچێتەوە بۆ پێرێدێلکینۆ. نامەکە لە ٢٢ خاڵ پێک هاتبوو، کە ئێستاش ئەمانەم لێ لە بیر ماون : " من پێم وایە دەکرێ پیاو دۆکتۆر ژیڤاگۆ بنووسێ و دیسانیش سۆڤێتی بمێنێتەوە، بە تایبەتی کە ئەم ڕۆمانە لە کاتێکدا تەواوکرا کە ڕۆمانی(نەک تەنیا بە نان)ی دودینتسێڤ بڵاوکرایەوە و ئەو هەستەی دروست کرد کە وەزعەکە چاک بووە. من ڕۆمانەکەمم دا بە پەخشخانەیەکی ئیتالیایی و چاوەڕێ بووم تێکستە سانسۆرکراوەکە لە مۆسکۆ بڵاوبکرێتەوە. من ئامادە بووم هەموو ئەو شتانەی قەبووڵکراو نەبوون بگۆڕم. من وام دەزانی نووسەرێکی سۆڤێتی ئازادیی کاری زیاتری هەیە. کە ڕۆمانەکەم دا بە پەخشکاران چاوەڕوانی ئەوە بووم دەستی دۆستانەی ڕەخنەگرێکی بەربکەوێ.

" کە من تەلگرافێکی سوپاسگوزاریم بۆ کۆمیتەی نۆبێل نارد وام دانەنابوو کە خەڵاتەکەم لەبەر خاتری ئەو ڕۆمانە پێ دراوە، بەڵکە لەبەر سەرجەمی بەرهەمە ئەدەبییەکانم وەک لە بڕیارەکەشدا باس کرابوو. کە ئاواش بیردەکەمەوە دیارە هۆیەکم بە دەستەوەیە، چونکە

ناوی من لە کاتێکدا بۆ خەڵاتی نۆبێل بەرزکرابووەوە کە ڕۆمانەکە هەر نەبوو و کەسیش نەیدەزانی هەیە یا نییە.

" هیچ شتێک نییە ناچارم بکات شەرەفێک ڕەت بکەمەوە کە پێم بەخشراوە، منی نووسەری مۆدێرنی لە ڕووسیادا ژیاو، و هەر بەو پێیەش نووسەرێکی سۆڤێتی. بەڵام من ئامادەم ئەو پارەیەی لەگەڵ خەڵاتەکەدا دەدرێ پێشکەشی کۆمیتەی ئاشتی بکەم.

" من دەزانم کە گوشاری گشتی واتان لێ دەکات مەسەلەی دەرکردنم لە یەکێتیی نووسەران بێتە ئاراوە. چاوەڕێی دادپەروەریش لە ئێوەوە ناکەم. دەتوانن بمکوژن، هەواڵەی تاراوگەم بکەن، چیتان پێ خۆشە بیکەن. من هەر پێشەکی لێتان خۆش دەبم. بەڵام پەلە مەکەن. ئەمە نە بەختیاریی زیاترتان دەداتێ و نە ناوبانگ. ئەوەشتان لە بیر بێ - چەند ساڵێ لەمەوپاش دەبێ بمگەڕێننەوە بۆ پلەوپایەی خۆم - ڕێگەی دیکەتان لە بەردەمدا نییە. ئەمەش یەکەم مەسەلەی لەم بابەتە نابێ."

هەڵوێستی سەربەرزانە و سەربەخۆیانەی پاستێرناک یارمەتیی ئەوەی دا کە بەرگەی سووکایەتی پێ کردن و هەڕەشەکانی ڕۆژنامەکان بگرێ. ئەو تەنیا خەمی ئەوەی بوو بزانێ داخۆ من لەسەر کارەکەم و لیۆنیدی کوڕی لە زانستگە تووشی گێچەڵ نەهاتووین. ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمان دا کە دڵنیای بکەین. ئێرەنبورگ لەو دەنگوباسە ئاگاداری کردم کە شەپۆلی پشتگیری و بەرگری لێ کردن سەرتاسەری چاپەمەنیی ڕۆژاوای گرتۆتەوە و منیش ئەوەم بە باوکم ڕاگەیاند.

بەڵام ئیدی ئەمە بۆ وی گرنگ نەبوو. ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم(ئۆکتۆبەر)، دوای هاتنە مۆسکۆ و بە تەلەفۆن قسەکردن لەگەڵ ئۆلگا ئیڤینسکایا - دا، چوو بۆ پۆستەخانە و تەلگرافێکی بۆ ستۆکهۆڵم ڕەوانە کرد: " بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییەی بە خەڵاتەکە دراوە لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە کە من تێیدام، دەبێ وازی لێ بێنم، و تکاتان لێ دەکەم کە بەم ڕەفزکردنە خۆویستانەیەی من وای دامەنێن کە سووکایەتیتان پێ کراوە." تەلگرافێکی دیکەشی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی:" کارەکەی ئیڤینسکایا بدەنەوە پێی، ئەوا من خەڵاتەکەم ڕەفزکرد."

کە ئەو ئێوارەیە هاتم بۆ پێرێدێلکینۆ، باوکم نەناسییەوە. دەموچاوێکی خۆڵەمێشینی بێخوێن و دوو چاوی بەدبەختی پڕ لە ئازار. هەرچییەکم دەوت هەر یەک وەرامی هەبوو: " تازە ئیدی گرنگ نییە. خەڵاتەکەم ڕەفزکرد."

بەڵام کەس ئەم خۆبەخت کردنەی نەدەویست. بەلای کەمەوە هیچی لە وەزعی وی نەگۆڕی. لە کۆبوونەوەکەی نووسەراندا لە مۆسکۆ کە دوو ڕۆژ دواتر کرابوو ئەمەیان لەبەرچاو نەگرتبوو. کەسیش باسی " تووڕەیی تۆفانئاسای گەل"ی نەکرد کە بە دوایدا هات. نووسەرانی مۆسکۆ داوایان لە حوکوومەت کرد کە پاستێرناک لە هاوڵاتێتی بێبەش بکات و لە یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت دەربکات. باوکم زۆر بەوە ئێشا کە زینایدا نیکۆلایێڤنا نەیویست لەگەڵی بچێ. دەیگوت ناتوانێ وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێ. لیۆنیدیش بڕیاری دا لەگەڵ دایکی بمێنێتەوە. پاستێرناک لەڕادەبەدەر بەوە دڵخۆش بوو کە من دڵنیام کرد بۆ هەرکوێیەکی دەربکەن لەگەڵی دەڕۆم. هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەردەکرا، ئەگەر بە تەلەفۆن قسەکردنەکەی خرۆشچێڤ نەبووایە لەگەڵ جەواهیرلەعل نەهرو، کە بڕیاری دابوو ببێتە سەرۆکی کۆمیتەی بەرگری کردن لە پاستێرناک. بۆ دامرکاندنەوەی ئاگرەکە، داوا لە پاستێرناک کرا نامەیەک، کە دەستەڵاتداران نووسیبوویان، بۆ پراڤدا ئیمزا بکات و یەکێکی دیکەش بۆ خرۆشچێڤ. مەسەلە شایستەیی و ناشایستەیی ئەم دوو نامەیە نییە، یان بۆچی تەرخان کراون - پەشیمانی یا پلەوپایە - ، شتی گرنگ ئەوەیە کە پاستێرناک نەینووسیبوون و کە بەزۆر پێی ئیمزاکرابوون. ئەم سووکایەتی پێ کردنە و ئەم زۆر لێ کردنە زیاتر ئێشیان پێ گەیاند چونکە بە هیچ جۆرێ پێویست نەبوون.

ئێستا ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیون. ئەمڕۆ تەمەنی من تەقریبەن هەر وەک تەمەنی باوکمە لە ساڵی ١٩٥٨دا. ڕۆژی یەکەمی کانوونی یەکەم(دیسەمبەر)ی ١٩٨٩ پێشانگەی "جیهانی پاستێرناک" لە موزەخانەی هونەرەجوانەکان لە مۆسکۆ کرایەوە. ساڵانی ١٩١٤–١٩٣٨ باوکم لە جێگەیەک دەژیا زۆر لەوێوە دوور نەبوو. باڵوێزی سوێد ئاغای بێرنەر دیپلۆمی خەڵاتبەرەوەیەکی نۆبێلی هێنا بۆ پێشانگایەکە. بڕیار درابوو مێدالیاکە لە ئاهەنگێکدا کە ئەکادێمیی سوێدی و کۆمیتەی نۆبێل بۆ خەڵاتبەرەوەکانی ساڵی ١٩٨٩ ڕێکیان دەخست پێشکەش بکرێ. ئاغای بێرنەر پێی وا بوو کە دەبێ من بچم بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ئەو ڕێوڕەسمە. وتم من نازانم ئەمە چۆن ڕێک دەخرێ. ئەوجا خۆی ئیجازەی لە کۆمیتەی نۆبێل وەرگرت و سەفارەتخانەی سوێد بە کۆمەکی وەزارەتی فەرهەنگ لە

ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەرچی کاغەزێک پێویست بوو ئامادەیان کرد و ڕۆژی حەوتی دیسەمبەر ژنەکەم و من بە سواریی فڕۆکەیەک کە بە زەنگی کریسمەس ڕازێنرابووەوە بەرەو ستۆکهۆڵم کەوتینە ڕێ.

پرۆفیسۆر لارش کلێبێرگ، کە بە کارەکانی لەمەڕ هونەری پێشەنگی ڕووسیای ساڵانی ۱۹۲۰ ناسراوە، پێشوازیی کردین و بردینی بۆ گراند هۆتێل. وەرگرانی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ۱۹۸۹ لەگەڵ ژن و منداڵ و دۆستەکانیان لەوێ دابەزیبوون.

گزنگێک لە درزێکی پەردەکانەوە هاتبووە ژوورێ، بێداری کردمەوە. چوومە بەر پەنجەرەکە. چاوم بە مرداو(زۆنگ)ێک و هەندێ پرد و چەند بەلەمێک کە لە نێوان ئەو دوورگانەدا شاری ستۆکهۆڵمیان لەسەرە هاتوچۆ دەکەن کەوت. لەوبەر زۆنگەکەوە دوورگەی بازنەشێوەی کۆنەشار هەبوو، لەگەڵ کۆشکی پاشا، کاتێدراڵ و خانووی بۆرس، کە ئاکادێمیی سوێدی لە نهۆمی دووەمیەتی. هەروەها شەقامە تەسکەکان، بازاڕێکی کریسمەس، دووکان و چێشتخانەی فرەشێوە و قەوارەم بینی. هەر لە تەنیشتی، بەسەر دوورگەیەکی دیکەوە، خانووی پەرلەمان هەبوو. لەسەر دوورگەیەکی دیکەش تالاری شار و خانووی ئۆپێرا و لەولاتریش، لە پشت باغچەیەکەوە، ناوچەی تازەی بازرگانی دەستی پێ دەکرد.

ئەو ڕۆژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئۆکە نیلسۆن و ئارنێ بۆدین بردە سەر. نیلسۆنمان سی ساڵ لەوەوپێش لە پێرێدیلکینۆ بینیبوو، کە هاوینی ۱۹۵۹ هات بۆ سەردانی پاستێرناک، بۆدینیش نووسەری کتێبێکە لەسەر خولی پرۆتێستانتیی شیعرەکانی یوری ژیڤاگۆ. چووین پیاسەمان کرد، فراوینمان خوارد و تەماشای کۆمەڵە شتە جوانەکانی موزەخانەی نیشتمانیمان کرد. ڕۆژنامەوانەکان پرسیاریان لێ کردین هۆی سەردانەکەمان چییە.

ڕۆژی دواتر، ۸ی دیسەمبەری ۱۹۸۹، لە ئاهەنگێکی شکۆداردا لە ئەکادێمیی سوێد، بە ئامادەبوونی خەڵاتگرانی نۆبێل، سەفیری سوێد لە یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و سەفیری سۆڤیەت لە سوێد و گەلێ میوان، سکرتێری هەمیشەیی ئەکادێمی پرۆفیسۆر ستووره ئاللێن مەدالیای نۆبێلەکەی بۆریس پاستێرناکی پێشکەش بە من کرد. ئەوجا ئەو دوو تەلگرافەی بە دەنگی بەرز خوێندەوە کە باوکم ڕۆژانی ۲۳ و ۲۹ی ئۆکتۆبەر بۆ کۆمیتەی نۆبێل ناردبوونی، و ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەکادێمیی سوێد بڕیاری ئەوەی دابوو کە پاستێرناک لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەردا وازی لە خەڵاتەکە هێنابوو و ئەمڕۆ، دوای ۳۱ ساڵ، مێدالیاکەی پاستێرناک دەدات بە کوڕەکەی لەگەڵ داخ و خەفەتێکی دڵسۆزانەدا کە خەڵاتبەرەوەکە ئێستا ناژی. هەروەها وتیشی کە ڕێوڕەسمەکە کاتێکی مێژوویی بوو.

منیش لە وەرامدا وتم کە مەمنوونی ئەکادێمیی سوێد و کۆمیتەی نۆبێلم لەبەر بڕیارەکەیان و من خەڵاتە شەرافەتمەندانەکە بە هەستی خۆشییەکی کارەساتئامێزەوە وەردەگرم. خەڵاتی نۆبێل بۆ بۆریس پاستێرناک، کە هیوادار بوو ببێتە هۆی ڕزگاربوونی لە هەلومەرجی ئیزۆلەیی و ڕاونان، بوو بە هۆی دەردکێشانی تازە و هەژدە مانگی کۆتاییی ژیانی لێ تاڵ کرد. پاستێرناک زۆری لێ کرا کە خەڵاتی نۆبێل ڕەفز بکات و تکانامە بۆ حوکوومەت ئیمزا بکات. ئەو سووک کردنە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی بارێکی قورس بوو بەسەر دڵیەوە. ئەو بایەخێکی کەمی بە پارە دەدا، گرنگیی خەڵاتەکە لای ئەو شەرەف و شانازییەکەی بوو - کە ئەوەتا ئێستا پاشەمەرگ دەدرێ پێی. وتم، حەز دەکەم باوەڕ بکەم ئەو گۆڕانانەی بەرەو چاکتر کە ئێستاکە لە دنیادا ڕوو دەدەن و ئەم ڕووداوەی ئەمڕۆیان گونجاند، بەڕاستی مرۆڤ دەگەیێننە ئەو ژیانە پڕ لە ئاشتی و ئازادییەی کە باوکم هیواداری بوو و کاری بۆ دەکرد. بێگومان ئەمە ناوەڕۆکی ئەو ئاخاوتنەم بوو، چونکە پێشەکی ئامادەم نەکردبوو و بە هۆی ئەو هەموو هەستەوە کە داگیری کردبووم بەحاڵ دەمتوانی قسە بکەم.

ئاهەنگی پێشکەش کردنی خەڵاتی نۆبێلی ۱۹۸۹ لە مێشکی مندا لەگەڵ هاملێت - ی شەکسپیردا یەکی گرتووە. پێم وایە لەوە تێگەیشتم بۆچی شەکسپیر دەوروبەرێکی سکاندیناڤییانەی بۆ ئەم درامایە پێویست بوو. ئاخاوتنی جیددی و مۆسیقای ئۆرکێستر بە دووی یەکدیدا دەهاتن، سەڵاوی تەقەی تۆپ و سروود بە دووی یەکدا دەهاتن، بێجگە لە جل و پۆشاکی سەردەمی کۆن، چاکەتی دووشۆڕ و خەرقەی کورت. بەشە ڕەسمییەکەی لە تالاری کۆنسێرت بەڕێوە برا و بە دوویدا شێو و نان خواردن بۆ هەزار کەس و ئەوجاریش سەماکردن لە تالاری شار. هەر میعماریی تالاری شار خۆی نۆستالژیای بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ئاشکرا دەکرد،

هەروەهاش لۆجەکانی دەوری خانووی شارەوانی. مرۆڤ دەیبینی مێژوو زیندوو دەبێتەوە کاتێ گوێی لە گۆرانی و ترومپێتی خوێندکاران بگرتایە و تەماشای خزمەتکارانی ماسکداری بکردایە کە بە دووی یەکدا بە خۆراکی خۆشەوە لە لۆجەکانەوە، بەسەر پێپلکەکاندا دەهاتنە خوارێ، یا وێڕای هاتنەژوورەوەی پاشا و شاژن، وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل و میوانانی بەڕێز.

لە ناوەڕاستی ڕێوڕەسمەکەدا ئاگادارکردنەوەیەکی تیژ درا کە مستیسلاڤ ڕۆسترۆپۆڤیچ لەسەر زەمینەی پێپلکە بەرینەکان دەرکەوت و وتی: " خاوەنشکۆیان، بەڕێزان وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل، خانمان و ئاغایان! لەم ئاهەنگە ڕازاوەیەدا دەمەوێ شاعیری گەورەی رووس بۆریس پاستێرناکتان وە بیر بێنمەوە کە ئەو هەلەیان لێی زەوت کرد تا لە ژیاندا بوو خەڵاتەکە وەربگرێ و تامی خۆشی و شانازی بکات وەک هەڵبژێردراوێک بۆ خەڵاتی نۆبێل. ڕێگام بدەن با وەک هاونیشتمانێکی ئەو و باڵوێزی مۆسیقای ڕووسی، بە تاکژەنی سێللۆ بەشی " سەربەند" لە سویت دی - مۆل - ی باختان بۆ لێ بدەم."

زایەڵەی کەمانچەی سێللۆ خۆدواندنە کارەساتئامێزەکەی هاملێتی لە ئاهەنگی کلاودیۆسدا دەگێڕایەوە و دەردی دڵی نزای گێتسێمان لە مۆسیقای بێهاوتای باخ - دا دەنگی دەدایەوە:

زەمزەمەی داکشانی شەپۆل؛ دێمە سەر شانۆیەکە.
هەوڵ دەدەم، لە دەرگاکەدا ڕادەوەستم،
دا بزانم لەناو زایەڵە دوورەکاندا
ساڵانی داهاتوو چییان لە هەناودایە.

لە دوای بەزمی میوانی، مستیسلاڤ ڕۆسترۆپۆڤیچ و گالینا ڤیشنێڤسکایا - ی ژنی ئێمەیان برد بۆ ئەو ژوورەی کە پاشا و شاژن میوانانی هێژایان تێدا پێشوازی دەکرد. ئێمە بە خاوەنشکۆیان پێشکەش کراین و ئەوانیش چەند قسەیەکی دۆستانەیان لەگەڵ کردین. سەر لە بەیانیی ڕۆژی پاشتر هەڵفڕیینەوە بەرەو مۆسکۆ.

٢٠ی دێسەمبەری ١٩٨٩

فەرهاد شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی




## نیگاری تۆ
## لە دیواری زیندانەکەم
## هەڵدەکۆڵم

تازەترین کۆمەڵە شیعری فەرهاد شاکەلی - یە ، لە لایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوید - کوردستانەوە بڵاو کراوەتەو.

ئەم دیوانە لە ٣٤ پارچە شیعر پێک هاتووە و هونەرمەند ڕێبوار سەعید بە نیگارە جوان و بەرزەکانی ڕازاندوویەتییەوە. بۆ وەدەستهێنانی دانەیەک لەم دیوانە دەتوانن لە ڕێگەی گۆڤاری مامۆستای کوردەوە داوای بکەن:

| | |
|---|---|
| لە سوید | ٤٥ کرۆن |
| وڵاتانی سکاندیناڤی | ٥٠ کرۆنی سویدی |
| ئەوروپا | ٥ پۆند / ١٢ مارک |
| دەرەوەی ئەوروپا | ١٠ دۆلاری ئەمریکی |

( ئەم نرخە پارەی پۆستیشی تێدایە ).

# بۆریس پاستێرناک : مێژووی ژیان

١٨٩٠ ڕۆژی ١٠ی شوبات لە مۆسکۆ لە دایک بووە. باوکی لیۆنید پاستێرناکی نیگارکێش و گرافیککار، و دایکی ڕۆسا کاوفمان ـ ی پیانۆلێدەر بوو.

١٩٠٠ بۆ جاری یەکەم چاوی بە ڕاینەر ماریا ڕیلکە کەوت.

١٩٠٣ چاوپێکەوتن و دۆستایەتی کردنی ئاوازدانەر ئەلیکساندر سکریابین. خوێندنێکی شەشساڵەی مۆسیقادەست پێ دەکات.

١٩٠٦ یەکەم چاوپێکەوتنی ماکسیم گۆرکی. لەگەڵ باوکودایکیدا سەفەری بەرلین دەکات.

١٩٠٧ دەبێتە ئەندامی کۆڕی ئەدەبیی سێرداردا. یەکەم پێوەندی لەگەڵ نیگارکێشانی تازە.

١٩٠٨ دوای تەواوکردنی ئامادەیی وەک ئاگاداریدەر کاردەکات. هەڵسوکەوت لەگەڵ شاعیرانی فوتوریست.

١٩٠٩ وەرزێک لە زانستگەی مۆسکۆ دەخوێنێ، پاشان فەلسەفە دەخوێنێ. یەکەمین کارە ئەدەبییەکانی خۆی دەنووسێ.

١٩١١ ئەندامی گرۆی فوتوریستی سێنتریفوگ.

١٩١٢ لای هێرمان کۆهێن و نیکۆلای هارتمان لە ماربورگ فەلسەفە دەخوێنێ. سەفەری ئیتالیا و سویسرا.

١٩١٣ لە زانستگەی مۆسکۆ خوێندن تەواو دەکا. پێنج پارچە شیعری لە لیریکا ـ دا بڵاودەبێتەوە.

١٩١٤ لەگەڵ مایاکۆڤسکی ـ ی شاعیر چاویان بەیەک دەکەوێ. بە هۆی پێ شکانەوە لە خزمەتی سەربازی تەرخان دەکرێت. وەک ئاگاداریدەر کار دەکات. یەکەمین کۆمەڵە شیعری "جمکانەی ناو هەور" بڵاودەکرێتەوە. "گۆزەی شکاو"ی کلیست تەرجەمە دەکات.

١٩١٥ لە کارگەیەکی کیمیاییدا لە ئوراڵ کاری دایەرە دەکات.

١٩١٧ دوای ڕوودانی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ. دیوانی "بەسەر لەمپەرەکاندا" بڵاودەکاتەوە و تەرجەمەی "گۆزەی شکاو" لە گۆڤاری هاوزەمانی گۆرکیدا بڵاودەکاتەوە.

١٩١٨ کارداری کتێبخانەی کۆمیساریای خوێندن. "نامە لە تولاوە" دەنوسێت.

١٩٢١ باوکودایکی و خوشکەکانی دەچن بۆ بەرلین. بۆریس وێرای ئەلیکسێی برای لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە.

١٩٢٢ دیوانی "ژیانی خوشکم" لە بەرلین بڵاودەکرێتەوە.

١٩٢٣ یێڤگێنیا موراتۆڤ ـ ی هونەرمەندی نیگارکێشی خواست. دیوانی "بابەت و جیاوازی".

١٩٢٤ يێڤگێنی - ی کوڕی لە دایک دەبێت. چیرۆکی "منداڵیی لیوڤەر" دەنووسێ.
١٩٢٥ کۆمەڵەچیرۆکی "گەروو".
١٩٢٧ لە یادی دەیەمین ساڵرۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شیعری "ساڵی ١٩٠٥" بڵاودەکاتەوە.
١٩٣١ کتێبی ژیننامەی "ئەماننامە" بڵاودەکاتەوە. لە یێڤگێنیا موراتۆڤ جیادەبێتەوە. ماوەیەکی درێژ لەگەڵ زینایدا نۆیهاوس لە تبیلیسی لەلای شاعیری گورجیی هاوڕێی یاشڤیلی دەژی.
١٩٣٢ دیوانی "لەدایکبوونی دووەم".
١٩٣٣ دوو دیوان بڵاودەکاتەوە (لە لێنینگراد و مۆسکۆ).
١٩٣٤ لە کۆنگرێسێکدا یەکێتیی نووسەرانی سۆڤێتی دادەمەزرێنرێت و هەر لەوێ "ریالیزمی سۆسیالیستی" جاڕ دەدرێت. لەلایەن بوخارین - ی تیۆریزانی پارتییەوە ستایش دەکرێت. ژنی دووەم، زینایدا نۆیهاوس، دەخوازێ و باردەکاتە پێرێدێلکینۆ، کە شارۆچکەی نووسەرانە لە دەرەوەی مۆسکۆ. گوێتە، ڤێرلین، شەکسپیر، شاعیرانی گورجی و گەلێکی دیکەش تەرجەمە دەکات.
١٩٣٥ دەبێتە ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی سۆڤێتی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی‌ی نووسەران لە پاریس.
١٩٣٦ پاستێرناک خۆی دەخاتە ناو شەڕی ئەدەبییەوە و لە یەکێتیی نووسەران ئاخاوتنێک پێشکێش دەکات.
١٩٣٨ بوخارین دەکوژرێ. پاستێرناک، بێ ئەوەی پێشکەوتنێک وەدەست بهێنێ، بەرگری لە ئۆسیپ ماندەلشتام - ی شاعیر دەکات. لیۆنید - ی کوڕی لەدایک دەبێت.
١٩٤٣ دوای نۆ ساڵی بێدەنگی، دیوانی "لە قەتارە زووکاتەکاندا" بڵاودەکاتەوە.
١٩٤٥ باوکی دەمرێ. دیوانی "مەودای سەرزەوی" لەلایەن ڕەخنەی ڕەسمییەوە هێرشی دەبرێتە سەر. دەست دەکاتە نووسینی ڕۆمانی "دۆکتۆر ژیڤاگۆ".
١٩٤٦ ڕاونانی نووسەران. یەکەم سەکرەتێری یەکێتیی نووسەران، ئالێکسێی فادێییێف، ڕەخنە لە پاستێرناک دەگرێ. پاستێرناک لە زۆر لاوە لە مۆسکۆ بە خۆشەویستییەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.
١٩٥٣ مردنی ستالین. ژیانی ئەدەبی سەرلەنوێ دەبووژێتەوە. تەرجەمەی یەکەم بەشی "فاوست"ی گوێتە و تراجیدییەکانی شەکسپیر بڵاودەکاتەوە.
١٩٥٤ گۆڤاری زنامیا - ی مۆسکۆ هەندێ شیعری "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" بڵاودەکاتەوە و ئەوەش ڕادەگەیێنێ کە ڕۆمانەکە بەو نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.
١٩٥٥ شیعری لە گۆڤار و ئەنتۆلۆگیی جۆر بە جۆردا بڵاودەبێتەوە. گۆڤاری ئەدەبیی نۆڤیی میر "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" ڕەفز دەکات. پەخشخانەی دەوڵەتی دەستنووسەکە ڕادەگرێ بۆ پێداچوونەوە و کورتکردنەوە. پەخشکاری کۆمونیست فێلترینێللی لە میلانۆ مافی بە ئیتالیایی چاپکردنی دەکرێت.
١٩٥٧ پەخشخانەی دەوڵەت "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" ڕەفز دەکات. ڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەر "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" بە زمانی ئیتالیایی بڵاودەبێتەوە ئەگەرچی پاستێرناک تکا لە فێلترینێللی دەکات ڕۆمانەکە بگەڕێنێتەوە بۆی و ئەگەرچی لە ڕێگەی ڕەسمییەوە هەوڵ دەدرێ بڵاوکردنەوەکەی ڕابگیردرێت.

١٩٥٨ ڕۆمانەکە لە سوید و گەلێ وڵاتی دیکە پەخش دەکرێ.
٢٣ی ئۆکتۆبەر: خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا.
٢٦ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک خەڵاتەکە قەبووڵ دەکات.
٢٦-٢٧ی ئۆکتۆبەر: لە چاپەمەنییەکانی سۆڤێتدا و لەلایەن یەکێتیی نووسەرانەوە هێرشی توندوتیژ دەکرێتە سەرپاستێرناک.
٢٨ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک لە یەکێتیی نووسەران دەردەکرێت.
٢٩ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک واز لە خەڵاتەکە دەهێنێت.
٣١ی ئۆکتۆبەر: داوا دەکرێت پاستێرناک لە یەکێتیی سۆڤێت دەربکرێت وهاونیشتمانێتیی سۆڤێتی لێ بسەنرێتەوە. پاستێرناک نامەیەک بۆ خروشۆڤ دەنووسێ و تکا دەکات بهێڵن لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە.
٦ی نۆڤەمبەر: نامە بۆ پراڤدا، تێیدا پێ لە هەندێ "هەڵە" دەنێ.
١٩٥٨-١٩٥٩ "هەندێ پێشنووسی ژیننامەئاسا" بە چەند زمانێ بڵاودەکرێتەوە. زنجیرەشیعری "کە هەوا خۆش دەبێ" لەپاریس چاپ دەکرێ.
١٩٦٠ ٣١ی مایس: پاستێرناک بە نەخۆشیی شێرپەنجەی سی دەمرێ.
٢ی حوزەیران: ناشتنەکەی لە پێرێدێلکینۆ

ف. شاکەلی لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی

Boris Pasternak : Livet, min syster,
Inledning: Olga Andrejew Carlisle, Foto: Inge Morath.
Wahlstrom & Widstrand1977, s.117_118


# خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا

ناوی هەموو خەڵاتوەرگرانی نۆبێل لە ئەدەبدا لە سەرەتاوە هەتا ساڵی ١٩٩٣


١٩٠١ سوللی پرودهۆم ( فرانسا)
١٩٠٢ تیۆدۆر مۆمسەن ( ئەڵمانیا)
١٩٠٣ بیۆرنسشێرنە بیۆرنسۆن ( نۆروێژ)
١٩٠٤ فێدێریک میسترال ( فرانسا) و
خۆسێ ئێکێگارای ( سپانیا)
١٩٠٥ هێنریک سینکیڤیچ ( پۆلۆنیا)
١٩٠٦ جیۆسوو کاردوچی ( ئیتالیا)
١٩٠٧ رودیارد کیپلینگ ( بریتانیا)
١٩٠٨ رودۆلف ئۆیکەن ( ئەڵمانیا)
١٩٠٩ سەلما لاگەرلویڤ ( سوێد)
١٩١٠ پاول هێیسە ( ئەڵمانیا)
١٩١١ مۆریس مێتەرلینک ( بەلژیک)
١٩١٢ گێرهارد هاوپتمان ( ئەڵمانیا)
١٩١٣ رابیندرانات تاگۆر ( هندستان)
١٩١٤ نەدرا بە کەس
١٩١٥ رۆمان رۆللان ( فرانسا)
١٩١٦ ڤێرنەر فۆن هایدەنستام ( سوێد)
١٩١٧ کارل یێللەروپ (دانمارک) و
هێنریک پۆنتۆپپیدان ( دانمارک)
١٩١٨ نەدرا بە کەس
١٩١٩ کارل شپیتتەلەر ( سویسرا)
١٩٢٠ کنووت هامسون ( نۆروێژ)
١٩٢١ ئەناتۆل فرانس ( فرانسا)
١٩٢٢ خاکینتۆ بێنابێنتێ ( سپانیا)
١٩٢٣ و.ب. ییتس (ئێرلاند)
١٩٢٤ ڤلادیسلاف رێیمۆنت (پۆلۆنیا)
١٩٢٥ جۆرج بێرنارد شۆ ( بەریتانیا)
١٩٢٦ گرازیا دێلێددا ( ئیتالیا)
١٩٢٧ هێنری بێرگسۆن ( فرانسا)
١٩٢٨ سیگرید ئوندسەت ( نۆروێژ)
١٩٢٩ تۆماس مان ( ئەڵمانیا)
١٩٣٠ سینکلەیر لیویس (وڵاتە
یەکگرتووەکانی ئەمریکا)
١٩٣١ ئێریک ئاکسەل کارلفێلدت ( سوێد)
١٩٣٢ جۆن گالسوۆرثی ( بەریتانیا)
١٩٣٣ ئیڤان بونین ( بێوڵات)
١٩٣٤ لویجی پیراندێللۆ ( ئیتالیا)
١٩٣٥ نەدراوە بە کەس
١٩٣٦ یوجین ئۆنیل (وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٣٧ رۆژێر مارتین دو گارد ( فرانسا)
١٩٣٨ پیرل بەک ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٣٩ ف.ئێ. سیللانپێ ( فینلاند)
١٩٤٠ نەدراوە بە کەس
١٩٤١ نەدراوە بە کەس
١٩٤٢ نەدراوە بە کەس
١٩٤٣ نەدراوە بە کەس
١٩٤٤ یۆهاننەس ڤ. یێنسەن ( دانمارک)
١٩٤٥ گابرییێل میسترال ( چیلێ)
١٩٤٦ هێرمان هێسسە ( سویسرا)
١٩٤٧ ئاندرێ ژید ( فرانسا)


١٩٤٨ ت.س. ئێلیۆت ( بەریتانیای گەورە)
١٩٤٩ ویلیام فۆکنەر (وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٥٠ بێرتراند ڕەسڵ ( بەریتانیا)
١٩٥١ پێر لاگەرکڤیست ( سوێد)
١٩٥٢ فرانسوا مۆریس ( فرانسا)
١٩٥٣ وینستۆن چەرچڵ ( بەریتانیا)
١٩٥٤ ئەرنێست هەمینگوەی ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٥٥ هالدۆرلاکسنێس (ئیسلاند)
١٩٥٦ خ. ر. خیمێنز ( سپانیا)
١٩٥٧ ئالبێرت کامو (فرانسا)
١٩٥٨ بۆریس پاستێرناک ( یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت) ، خەڵاتەکەی ڕەفز کرد
١٩٥٩ سالڤاتۆر کواسیمۆدۆ ( ئیتالیا)
١٩٦٠ سانت - ژۆن پێرس ( فرانسا)
١٩٦١ ئیڤۆ ئەندریچ ( یوگۆسلاڤیا)
١٩٦٢ جۆن شتاینبێک ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٦٣ گیۆرگۆس سەفەریس ( ئەڵمانیا)
١٩٦٤ ژان - پۆل سارتر ( فرانسا)، خەڵاتەکەی ڕەفز کرد
١٩٦٥ میخاییل شۆلۆخۆڤ ( یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت)
١٩٦٦ شمۆییل ی. ئاگنۆن ( ئیسرائیل) و نێللی زاکس ( ئەڵمانیا)
١٩٦٧ میگێل ئا. ئاستوریاس ( گواتیمالا)
١٩٦٨ یاسوناری کاواباتا (جاپۆن)
١٩٦٩ سامویێل بیکێت ( ئێرلاند)
١٩٧٠ ئەلیکساندەر سۆلژێنتسین (یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەت)
١٩٧١ پابلۆ نێروودا ( چیلێ)
١٩٧٢ هێنریش بوێل ( ئەڵمانیا)
١٩٧٣ پاتریک وایت ( ئاوستralia)
١٩٧٤ ئەیڤیند یۆنسۆن ( سوێد) و هاری مارتینسۆن ( سوێد)
١٩٧٥ یوجینۆ مۆنتالێ ( ئیتالیا)
١٩٧٦ ساول بێلۆ ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٧٧ ڤیثێنت ئەلێکساندر ( سپانیا)
١٩٧٨ ئیساک ب. سینگەر ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٧٩ ئۆدیسووس ئێلیتیس ( یۆنان)
١٩٨٠ چێسلاڤ میلۆش ( پۆڵۆنیا/ وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٨١ ئیلیاس کانێتتی ( بەریتانیا)
١٩٨٢ گابرییێل گارثیا مارکێز (کۆلۆمبیا)
١٩٨٣ ویلیام گۆڵدینگ ( بەریتانیا)
١٩٨٤ یارۆسلاڤ سیفەرت ( چێکۆسلۆڤاکیا)
١٩٨٥ کلاود سیمۆن ( فرانسا)
١٩٨٦ وۆلە سۆیینکا ( نیگێریا)
١٩٨٧ جۆزێف برۆدسکی ( وڵاتە یەکگرتووەکان)
١٩٨٨ نەجیب مەحفووظ (میسر)
١٩٨٩ کامیلۆ خۆسێ ثێلا ( سپانیا)
١٩٩٠ ئۆکتاڤیۆ پاز ( مەکسیک)
١٩٩١ نادین گۆردیمەر ( ئەفریقای باشوور)
١٩٩٢ دێرێک والکۆت ( سانتا لویسیا)
١٩٩٣ تۆنی مۆریسۆن ( وڵاتە یەکگرتووەکان)


# هونەرمەند هەڤاڵ ئەحمەد




- ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی لە دایک بووە.
- ساڵی ١٩٨٨ پەیمانگەی تەکنۆلۆژییی لە مووسڵ تەواوکردووە.
- ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا بەشداریی کردووە.
- ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین پێشانگەی تایبەتی خۆی ، خۆڕاگرتن، لە هۆڵی سوورکێو، لە سلێمانی کردۆتەوە.
- ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانە.




HAVAL-A 2-1993


HAVAL-A 6-1993





# ئاوڕدانەوەیەک لە هەندێ کێشەی زیندانییەکانی ئەمڕۆی هەرێم

نووسینی: ئازەر

لە پاش نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی فاشیستی بەغدا بەسەر بەشێکی زۆری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و، لەدایکبوونی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، وەک سیستەمێکی دیموکراسیانەی پەیوەست بە گشت بەندەکانی مافی مرۆڤ و شێوازی نوێی ژیانی هاوچەرخەوە. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، دەسەڵاتە دادوەرییەکان وەک ڕەوتێکی نەوەستاوی دێرینەی لەخۆ گرتبێ، بەبێ گوێدانە باری ناهەمواری نادروستی ئەم وێرانەخاکەی کە حکوومەتی هەرێمی تێدا لە دایک بووە، دەستە دەستە مەردومی بێدەرەتانی ئەم هەرێمە دەهاوێژنە بەندیخانە گۆڕەوشاردراوەکانی هەرێمەوە، کە ئاساییترین پێداویستی گوزەرانی مرۆڤی تێدا بە دی ناکرێ.

من لەو بڕوایەدام هەر دادوەرێ، یاساناسێ، لێکۆڵەرەوەیەکی دەزگای پۆلیس و ئاسایشی کوردستان خۆیان، ئەگەر بۆ چەند مانگێک بخرێنە یەکێک لەو بەندیخانانەی حکوومەتی هەرێمەوە، هەر لە پاش بەربوونیان، بنەوبارگەیان لێک دەدەن و بەرەو هەڵدێری هاتونەهاتی هەندەران بە ڕێ دەکەون. خۆ ئەگەر ئەو کەسە خەڵکێکی خاوەنهەڵوێست نەبووبێ و پشکۆی تاوانەکانی بەعس بە ویژدان و هزرینیدا نەچزابێ، ئەوا بەغدا دەبێتە ئارامگەی دواینی.

لە سەرجەمی زیندانەکانی هەرێمدا، گەلێ کێشەی هەمەجۆر و گەلێ حوکمی هەق و ناهەقیش بەدی دەکرێ. وەک کێشەی تەقینەوە و کوشتن و دزی و تەزویرکردن و کێشەی نامووس و ڕفاندن و...هتد.

کێشەی تەقینەوە وەک بەشێک لە درێژەپێدانی سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی فاشیستی بەغدا دەرهەق بە جەماوەری خەڵکی کوردستان، بەربەستکردنی کارێکی وا سادە و ئاسان نییە و بە تاوانێکی تاکڕەویش لە قەڵەم نادرێ. چونکە ئەم تەرزە تاوانانە بە پلان و نەخشەیەکی سیاسی، دژ بە بارودۆخی ئارام و ئاسوودەی خەڵکی مەزڵوومی کوردستان و، لە ڕێگای کەسانێکی چڵکاوخۆر و ئەڵقەلەگوێ و جاشەکانی دوێنێ و تابووری پێنجەمی ئەمڕۆوە ساز دەدرێ. دیارە بەپێی ڕەچاوکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ، سزای تاوانبارانی ئەم کێشەیە هەر بەندکردنە.

دوای تاوانی تەقاندنەوە، کێشەی کوشتن لە ڕووی دژوارییی مەسەلەکەوە، بە پلەی دووەم دێت. دیارە کێشەیەکی ئەوتۆ ئاڵۆز لە دەرفەتێکی ئاوا سەرپێییدا نایەتە باس کردن، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە لەناوبردنی ژیانی کەسانێکەوە هەیە، ڕەنگە ڕووی هەق و ناهەقی تاوانەکە، بە گەلێ مەسەلەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجی و چەند ئەڵقەیەکی بەیەکاچووی ئاڵۆزەوە بەسترابێ.

کێشەی لەم بابەتانە زۆرن و دەیانخەمە لاوە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ داکۆکیی لەسەر بکەم و پێی لەسەر داگرم، دوو کێشەی زیندووی ناو کێشەی تاوانەکانە، کە بوونەتە تەوقی بەندکردن و زیندانیکردنی گەلێ کەسانی بێچارە. ئەو دوو کێشەیە بریتین لە کێشەی (دزی) و کێشەی (تەزویر).

لە وڵاتێکدا کە پاشماوەی دەسەڵاتی ڕژێمێکی تیرۆریستی بورژوا و دیکتاتۆر بێت و، بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک خەڵکەکەی لە ژێر زەبری پێشێلکردنی مافە ڕەوا و ئاساییەکانیاندا بناڵێنن و داپڵۆسرێن و تامەزرۆی نان و سەربەستی و تۆڵەسەندنەوە بن. وڵاتێک لە ماوەی دە ساڵدا، دوو جەنگی سەروماڵیی بەسەردا سەپێنرابێ و مەردومی بێدەسەڵاتی ئەم هەرێمەش بەشێک بن لەو سوپایەی کە سووتەمەنیی ئەو دوو جەنگە بوون، زنجیرە بڕیارە یەک لە دوای یەکەکانی بەسەربازکردنی جەماوەر و، درێژەپێدانی خزمەتی سەربازی لە دوو ساڵەوە بۆ دە و پازدە ساڵ، داتاشینی یاسا بۆ بە (جیش الشعبی)کردنی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵپەڕاندنیان لە بەردەم لێپرسراوە ڕەوشتنزمەکانی بەعسدا.

ئەمانە هەموو ملکەچییەکی کۆیلایەتییانەی بەسەر ئیرادەی سەربەست و ڕەهای مەردومی کوردستاندا سەپاندبوو. درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەش گەلێ لەو ئەڵقە بەیەکاچووانەی ئارەزووی ڕەفز و سەربەستیی مرۆڤی کوردی لێک ترازاند و ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە سڕینەوەی گشت میکانیزمەکانی بەرگریکردنی دەروون لە لادان و سەرپێچیکردن.

هەموو ئەمانە بە زنجیرەیەک لە چالاکییەکانی بەعس دەژمێردرێن، بۆ ڕووخاندنی کەسایەتیی مرۆڤی سەربەرزی کورد و دەستەمۆکردنیان بۆ قۆناغی داهاتوو، کە قۆناغی ئەنفال و تاڵان و بڕۆ و خاپوورکردنی خاکی کوردستان بوو.

لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئەو قەیرانە ئابووری و بارە سەختە بژی و مەمرەی گوزەرانی ئەمڕۆی خەڵکی هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی زیندوون بۆ خولقاندنی کەسایەتییەک لەسەر ئاستی سەرجەمی کۆمەڵ، کە هەمیشە لە هەڵپەی نان و ناڕەحەتیی بەرەڵڵایی و مەترسیی چارەنووسی نادیار و بارودۆخی نائاسایی و دژواردا بژین.

لێرەدا دەگەینە دوو پلەی دەرەنجامی سایکۆلۆجی: پلەی یەکەمیان لێکترازان و سڕینەوەی ئەڵقە میکانیزمییەکانی شەرم و شکۆ و ئارەزووی سەرپێچیکردن و لادان و خولقاندنی غەریزەی نائاسایی و ڕیزپەڕ (شاذ) لە دەروونی مرۆڤی کورددا.

پلەی دووەمیان دەربازبوونی ئارەزوو و حەزەکان و ئایدی (ID) مرۆڤی کورد، بە ڕەهابوونی لە کۆنترۆڵی خۆدا، کە بە هۆی ڕەنگدانەوەی ئازادیی سیاسی و هەرەسی فاشییەت لە کوردستاندا هاتۆتەگۆڕێ.

ئەمانە هەر هەموویان ئامادەبوونێکی سایکۆلۆجی، لە بیر و دەروونی مرۆڤی کورددا خولقاندووە بۆ لادان و ناوێزەیی و نادروستی لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی

زۆربەی چینەکانی کۆمەڵدا، نەک تەنها خەڵکە ڕەشورووتەکە.

دەبێ بە لاتەوە نامۆ نەبێ ئەگەر لێپرسراوێکت بینی، بێشەرمانە و بە پاسەوانیی کۆمەڵێ چەکداری بەناو پێشمەرگەوە، لە هەڵپەی گواستنەوەی سامانی نەتەوەکەیدا بێ، بۆ فرۆشتنی لەودیوی سنوور و تەنانەت ئەودیوکردنی کەرەسەی ژیانی ڕۆژانەش.

کەواتە هەڵپەی شڕەخۆری و دزی و جەردەیی و تۆڵەسەندنەوەی ناوەخت و بەرتیل وەرگرتن، بووەتە سیمای دروست و ئاسایی ڕۆژانەی کۆمەڵێ ڕەفتاری شیرازەلێکپچڕاوی سەرخان و ژێرخانی ئەم هەرێمە زامدارە. کەواتە (ڤیلهێلم ڕایش) واتەنی، نابی لەوە بکۆڵینەوە کە بۆچی برسییەک کولێرەیەک دەدزێ، بەڵکە دەبێ پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین کە بۆچی برسییەکانی دیکە نایدزن.

ئەمرۆ دیاردەی چینایەتی و ڕقەبەرایەتی کردنی یەکتری، وەک تیشکی ڕۆژی ڕووناک لە هەرێمی ئەمرۆی کوردستاندا دیار و ئاشکرایە. وێرای دابەشکردنە سەرەکییەکەی مەردومی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو هێڵی هاوتەریب، لەسەر ئاستی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی ئەو دوو لایەنە.

یەکگرتنەوەی ئەم دوو چینە لە یەک بۆتەی خەبات و تێکۆشان و لە یەک سەنگەری سیاسیدا، مەسەلەیەکی وەهمی و درۆیە و زاراوەی نامەشرووعی (بورژوای نیشتمانی) بەسەر واقیعەکەدا سەپاندوویەتی. دابەشکردنی بەرژەوەندی دژ بە یەکی، ئەم دوو هێز و دەسەڵاتە گەورەیە، زەمینەیەکی پان و بەرینی بێکاری و زەبوونی و بێدەرامەتی و ڕقەبەرایەتیی خۆش کردووە و بوونەتە بەردی بناغەی ژیانی ئابووریی ئەم کۆمەڵە. سەرخانی فەرهەنگی لە یاسالادان و کوێربوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێو ئەم بارودۆخە نائارامەدا، ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و شکاندنی سنووری یاسا، بووەتە سیمای دیار و نادیاری هەست و نەست و ڕەوشتی ڕۆژانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک.

دادوەر و دەزگای پۆلیس و ئاسایش لە بووکەشووشە و ڕۆبۆتێکی قورمیشکراوی ماددە یاساییەکان دەچن. ماددەی ئەو یاسایانەی کە ئەمرۆ حوکمڕایی کوردستانی پێ دەکرێ. بە نیسبەت کۆمەڵی داڕووخاوی ئەمرۆی ئێمەوە، یان ڕاستتر بڵێم کۆمەڵی نادروستی ئەم قۆناغەی ئێمەوە، نامۆ و نامەشرووعە. چونکە ماددە یاساییەکان هەر هەمان برگەی یاسای سزادانی عیراقین، کە لە دەستووری ئەنجوومەنی بەعسدا هەیە، سروشتی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە دزی و تەزویر و لادانی یاساییەوە، لە دەستووری فەرەنسییەوە وەرگیراون.

زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو ماددە یاساییانە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بوون کە دزی و تەزویر و لە یاسالادان کارێکی ناوێزە و تاوانێک بوون، کەسانێکی زۆر کەم و دەگمەن پێی هەڵدەستان. نەک وەک بارودۆخی ئەمرۆی کوردستانی لەمەڕ خۆمان، کە سیمای دیار و نادیاری زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی جۆراوجۆری، بە ڕەشۆک و کاربەدەست و لێپرسراوانیشەوە، گرتوتەوە. بۆیە سەپاندنی حوکم بەسەر تاوانەکاندا، ڕەوشێکی مۆمیاکراو و ڕەوتێکی ڕۆبۆتیی بە خۆیەوە گرتووە، کە سیمای ماف و بەند و خاڵەکانی دادوەریی مرۆڤانەی تێدا ونە.

لە بارەی کێشەی دزییەوە، شێوەی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆی، لە برێکیاندا لەوانەیە (مدعی) تاکە کەسێک بێت و تاوانباریش گەلێ هۆکاری ناهەمواری باری گوزەران و تێکچوون و شڵەژانی سایکۆلۆجی بوویێتە مایەی خولقاندنی ئەو تاوانبارە. لە بەرامبەر ئەمانەشدا گەلێ دز و چەتەوڵی خۆهەڵکێش و ورگزلی گەورە هەن، کە لە بری یەک (مدعی) سەدان هەزار مدعی، پەنجەی تاوانبارکردنیان بۆ درێژ دەکەن، کە سەرجەمی سامانە گشتییەکانیان ئاودیو کردووە و ماددە قانوونییەکان لە ئاستیاندا کەڕ و لاڵن. لێرەدا ئەو پەندە ئەمەریکاییەم دێتەوە یاد کە دەڵێ: "ئەوەی کولێرەیەکی دزی، با بخرێتە زیندانەوە، ئەوەی سککەی شەمەندەفەرێکی دزی، با بۆ ئەنجومەنی پیرانی هەڵبژێرین."

کێشەی دووەم کە بووەتە تەوقی دیلێتی و لە گەردنی گەلێ خەڵکی بێچارەوە ئالاوە، کێشەی تەزویرە، کە ماددەکانی قانوون، لە پێنج ساڵەوە تا پازدە ساڵ حوکمی زیندانیکردنی بەسەردا دەدات.

کەسانێک بۆ ئەوەی لە دوو سێ مانگ جارێکدا دوو کیلۆ شەکری زیادی دەسکەوێ، لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بەڵگەنامەیەکی عیراقیی تەزویر کردووە و ئێستا لەسەری گیراوە و لە بەندیخانەدا دەناڵێنێ. بەرامبەر بە ئەمیش ڕێکخراوی مافیای تەزویری ئەوتۆ هەن، کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لە هەموو شارەکانی کوردستاندا و تەنانەت کووچە و شەقامەکانیشیان دیارە و بەئاشکرایە، وەک ڕێکخراوێکی ناوکۆیی، لە پەنا چەند لێپرسراو و کاربەدەستی حیزبی و دەوڵەتیدا، زۆر سەرفرازانە کاری تەزویرکردن و قاچاخچێتیی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەبێ ئەوەی کەسێ بتوانێ پێیان بڵێ بەری چاوتان کلی پێوەیە.

ئەگەر سەردانێکی پشکێنەرانەی ماڵی زۆربەی لێپرسراوەکانی حیزب و دەوڵەت بکەی، ئەوا گەلێ پێناسەی مزەوەری هەمەجۆرەی تێدا بەدی دەکەیت. دیارە پەندی دێرینی کوردی (بانێکە و دوو هەوا) دەتوانێ گوزارشێکی پڕاوپڕی ئەم هەڵوێستە دوو فاقییەی دەزگا لێپرسراوەکان بێت.

لە کۆتاییی ئەم لێکۆڵینەوە سەرپێیی‌یەدا لەسەر هەردوو کێشەی دزی و تەزویر، وەک هەوڵێکی سەربەستانە بۆ ڕاستکردنەوەی باری ناهەمواری مەسەلەکە و بۆ داکۆکی کردن لە کۆمەڵانێکی خەڵکی بێچارەی ناو زیندانەکانی ئەمرۆی هەرێم، کە گەلێ هۆکاری ئابووری و مێژوویی و سایکۆلۆجی، بەرپرسیاری یەکەمی کێشەکانیانن، ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک چارەسەرێک دەخەمە پێش چاوی هەمووان:

١- ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووریی ناهەموار و نائاسایی و داڕووخاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پەرەسەندنی برسێتی و سەرگەردانیی جەماوەر، کە دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفتەکانی گوزەرانی باری ئابووریی هەرێم و لاوازیی توانا و دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا.

٢- خوێندنەوەیەکی نوێی ماددە قانوونییەکان و ڕادەی گونجانیان لەگەڵ زەمینەی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستاندا.

٣- پاکسازییەکی فراوان لە دەزگا گرنگەکانی وەک ئاسایش و پۆلیس و گومرگ و بنکە دادوەرییەکان و دانانی کەسانی دەسپاک و هۆشیار چاونەترس و چالاک.

٤- ئاوڕدانەوەیەک لە باری ناهەمواری ژیانی زیندانییەکان و دابینکردنی خۆراک و پێویستییەکانی دیکە و بایەخدان بە باری تەندروستی و ڕاگرتنی پاکوخاوێنی.

٥- داکۆکی لە مافی زیندانییان و سەیرکردنیان بە یەک چاو، چ تاوانبار بێت یان بێتاوان.

٦- دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوون لەو زیندانییانەی کە خیانەتی گەورەیان دەرهەق بە وڵات نەکردووە.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## کۆیە

دڵبەرانی کۆیسنجاق

شاری کۆیە کە لەبالەب لە بوتی نۆش لەبە
گەر فەلەک لێی بگەڕێ، مەنبەعی عەیش و تەرەبە
.................................
.................................
خواستی لێی ماچێ ڕەزا، کافرە نەیدا و وتی
ئەی خووا لەم کوڕە شێخزادەیە چەند بێئەدەبە

هەجوی قازیی کۆیسنجەق

شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا
سەیری کە چیی پێ بکا، دۆم بێ و کەلاش بۆ خۆی بکا
چونکە غەدری کرد لە(لامیع) شەرت بێ، قازی، وای بگێم
هەر گەن و گوویێ لە زگیایە بەجارێ ڕۆی بکا

گەردوون سنکی کردم و هێنامییە کۆی
میوانی لە کن مامە غەفووری لەچەرم کرد

تا ساکینی کۆی مامە غەفوورم، وەکو فەغفوور
کیسەم پڕە دایم لە زەڕ و لیرەیی مەسکووک

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە
با وجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیێ دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی

دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە ژن نەما نەیگێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من، نیسبەتی ئیبنە و ئەبە
ئەلغەرەز سۆزانی و زانی لە کۆیی چاترە
موختەسەر چاکە قسە، کوونی ببە ، کۆیی مەبە

موخبیر خەبەری داوە لەسەر موفتی - یی کۆیێ
حەسرەتکەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیێ

نە وەکوو شاری سولەیمانییە، کۆیە بە کەرەم،
نە وەکوو تاوق و کەرکووکە، نە وەک هەولێرە

هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆیییە
دەستی حیزیشی هەبێ ئەمجا بە تەحقیق کۆیییە

# ئیعتیذار

لەسەر لەچاپدانی (دیوانی شێخ ڕەضا) هەندێ لە شورەفای بەگزادەی جاف دڵگران بووبوون. لە لایێکەوە حەق بە طەرەفیانە، چونکە من خۆم کە پێم ئەڵێن (ئەحمەدی حاجی شێخ محەمەد) بە واسیطەی بەگزادەی جافەوە پێگەیشتووم، ئەمما کە دەستەڵات نەبوو چار چییە؟ ئینسانی کرێکار هەرچیی پێ بکەن ناچار ئەبێ ئیطاعە بکا، کە مادام وا بوو تاوانی من چییە؟؟

لە لایەکی تریشەوە (شێخ ڕەضا) هەجوی تیرە و هۆزەکەی خۆی زۆرتر کردووە و حەتتا بە خۆی ئەڵێ :

دارم شكمی كه بسی حريص است و هلوع
چون طبل صدا كند الجوع، الجوع
در پشت سرم هر كه بەايستد به نماز
بادش ببرد كلاه در وقت ركوع

ئەوی کەوا ئەمە بە خۆی بڵێ ئایا لایقە ئینسان بە هەجوەکانی دڵگران ببێ ؟.
ئیتر ئومێدی عەفوومان هەیە.

حاجی شێخ محەمەد زادە ئەحمەد شوکری

## دیوانی طاهیربەگ

هەڵبەستی شاعیری بەناوبانگ و مەشهوور
طاهیر بەگی عوثمان پاشای جاف

ڕوخصەتی لەچاپدانەوەی لەلایەن جەناب عیززەت بەگی برایەوە وەرگیراوە، بۆ ئێمەیە.

چاپی یەکەم

لەسەر نەفەقەی قوتابیی زانست غەفوور بەکر و پیتڕێکخەرەکان ( ئەحمەد شوکری) و محەمەد ئەمینی ڕەباطی
لە چاپ درا

چاپخانەی سلێمانی
١٩٣٦ –م ١٣٥٥ – ﻫ

# مێژوویەکی گەرد لێ نیشتوو

خوسرەو جاف: پاشایان کوشت (ڕۆمان)، چاپخانەی دار الرسالە، بەغدا ١٩٩٣، ٢١٢ لاپەڕە.

ئەورەحمان زەنگەنە

هەر نەتەوەیەکی داگیرکراو و ژێردەستە، ئەگەر بۆی ڕەخسا و نیمچە ئازادییەکی وەدەست هێنا و ویستی بە تەواوەتی لە کۆت و زنجیر و بەند و داوی کۆیلایەتییەکەی قورتاری بێ و بەرەو دۆزینەوەی پێناسەی ونبووی خۆی هەنگاو هەڵێنێ، ئەرکی پیرۆزی سەرشانی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستیی قووڵ و فراوانە لەمەڕ "مێژوو"، زمان، ئەدەب، هونەر و فۆلکلۆری خۆی.

ئێمە تا ئێستا زانیارییەکی ئەکادیمییانەی تەواومان لە بارەی مێژووی نەتەوەکەمانەوە لە بەردەستدا نییە. ئەو نیمچە زانیارییانەی تا ئێستا لە پشتی پەردەوە دەستمان کەوتوون، ناتەواو و پڕ لە گومان و دوودلی، چونکە لە مێژە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەپێی بەرنامەی دیاریکراو، بۆ شێواندن و فەوتاندنی هەموو ئاسەوارێکی نەتەوەکەمان، هەلیان لە دەس نەداوە و هیچ درێغییەکیان نەکردووە. هەر بەڵگەیەکیش بوونی نەتەوەی کوردی لەسەر ئەم خاکەدا سەلماندبێ، بە دزی و بە ئاشکرا، فەوتاندوویانن و لەناویان بردوون و شوێنەواریان سڕیونەتەوە. تەنانەت کتێبی هەموو پلە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەی کوردستان، بە شێوەیەکی ئەوتۆ داڕێژراون، وەک بڵێی قەت کورد لەسەر ئەم خاکەدا نەژیابێ و لە ئاسمانەوە بەربووبێتە خوارەوە.

ئەو ڕاستییانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە ئەمڕۆ کورد لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بەوە هەیە، کە سەرلەنوێ مێژووی نەتەوەکەی خۆی لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە یادداشت کاتەوە. ئەنجامدانی ئەم تەرزە کارانەش، بە دامەزراندنی دەزگای پسپۆڕ و شارەزا سەقامگیر دەبێ. هەر ئەو کاتەش پەردە لەسەر زۆرینەی لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کێشەی نەتەوەکەمان هەڵدەدرێتەوە و بۆ هەموو جیهان دەسەلمێ،




کە بوونی کورد وەک لایەنێکی سیاسی لە ناوچەکەدا، چ ڕۆڵێکی کاریگەری لە گۆڕینی ڕووداوە سیاسییەکاندا بینیوە و دەبینێ. هەر ئەو کاتەش کورد دەتوانێ جێی دیاریکراوی خۆی لەسەر نەخشەی سیاسیی وڵاتاندا بکاتەوە و چیتر هەنگاوی کوێرانە هەڵنەهێنێتەوە.

ڕۆمانی "پاشایان کوشت" لە نووسینی کاک "خوسرەو جاف"، ئەو بۆچوونانەی سەرەوەمان بۆ دەقرسێنێ و هەنگاوێکی بەجەرگانەیە بەرەو لابردنی تەمومژی سیاسی لەسەر لایەنێک لە کێشەی نەتەوایەتیی دوور و

نزیکمان و لاپەڕەیەکی پرشنگداری شاراوەی پڕ شانازی لە مێژووی دێرینی نەتەوەکەمان دەخاتە ڕوو.
کاک خوسرەو جاف لە پاش "عەرەبی شەممۆ" لە قەڵای دمدم و تەقەلاکەی عەزیزی مەلا ڕەش لە "کوێخا سێوێ"دا، بە شۆڕەسواری ئەم گۆڕەپانە دەژمێردرێ، کە سەرکەوتووانە خۆی لە قەرەی ئەم تەرزە ڕۆمانە مێژووییانەدابێ.
لایەنی گرنگی ڕۆمانەکە لەوەدایە، کە نەک وەک هەر ڕۆمانێکی مێژوویی، تەنها زادەی بیر و ئەندێشە و خەیاڵی نووسەر خۆی بێت و بەس، بەڵکە کردنەوەی گرێکوێرەی زنجیرە ڕووداوێکن، پاڵەوانەکانی باووباپیرانی نووسەر خۆیەتی و بەسەرهاتەکانی هێشتا هەر نمی بەرەبەیانی دەشتی گەرمیان و شارەزووریان پێوە دیار و ئاشکرایە.
ڕۆمانەکە بە چاوەڕوانیی کەیخوسرەو بەگی سەرەک ئێڵی جافان دەست پێ دەکات، لە پێشوازیی هاتنی ئۆردووی ئینگلیز و گەشتەکەی مستەر ڕیچ بەوێدا، بەرەو لای ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانیی سنە، لە سەردەمی میرایەتیی مەحموود پاشای باباندا، کە لەو کاتەدا بەغدا لە ژێر فەرمانڕەوایی داوود پاشای والیی عوسمانیدا بووە. واتە ئیمارەتی بابان لە نێوان ململانێی دوو بەرداشی ڕۆم و عەجەماندا تلاوەتەوە و هەر یەکەیان بە سەدان تۆڕ و پیلانیان گێڕاوە، بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بۆ بەرژەوەندی و سوود و قازانجی تایبەتی خۆیان بەکاریان بێنن. بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش هەمیشە سوودیان لە ناتەبایی نێوان سەرکردە بابانەکان خۆیان وەرگرتووە و، هەر جارەی ئامۆزا یان برایەکیان لە دژی ئەوی دیکە هان داوە و کردوویانەتە بەردەباز و کوردیشیان دووچاری شەڕی گران و کوشندەی براکوژی و ماڵوێرانی کردووە، هەر وەک لە ڕەوتی یەکێک لە دەیان لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ. لەشکری بابان دەبنە دوو بەشەوە، بەشێکیان لەژێر فەرمانڕەوایی سولەیمان پاشای بابان لەگەڵ عوسمانییەکاندا و بەشی دووەمیان لەژێر فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای بابان و لەگەڵ لەشکری عەجەمان دەکەوێ، لەو شەڕەی نێوان عەجەم و تورکان کە لە دەشتی شارەزوور و دەوروبەری عەربەتدا بەرپا بووە، میرە بابانییەکان لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و کورسی و پایە و دەسەڵاتدا، ئەم برا و ئەو خاڵۆزا، دژ بە یەک دەجەنگن و یەکتری لە بەین دەبەن و چەندین شارۆچکەی ئەو دەوروبەرە خاپوور و تالان و قڕ دەکەن.
نوشوستی گەورەی بابانەکان، بە هاتنە سەر کاری ئەحمەد پاشای بابان و ئەحمەد بەگی خاڵی دەست پێ دەکات، وەک لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ. کە وردە وردە دەسەلات و توانای ئەو ئیمارەتە کوردییە، خۆی لە کزی دەدا و بە تەواوەتی دەبێتە داشی دامەی دەستی داگیرکەران و دوژمنی ڕاستەقینە لە بیر دەچێتەوە و بێبەزەییانە دەکەونە وێزەی یەکدی و دەبنە دوژمنی باوەکوژی سەری یەکتری، تەنانەت بۆ لەبەین بردنی یەکدی، پەنا دەبەنە بەر دڕندانەترین شێوەی براکوژی، کە بە خەیاڵی شەیتانیشدا گوزەری نەکردبێ، وەک بڕین و هەڵکەندن و سووتاندنی ڕەز و باغاتی هەوراميیەکانی دەوروبەری زەهاو، کە هەموو ژیانیان لەسەر ئەو باغ و ڕەزانە بووە. یان زەهراویکردنی برینی پاڵەوانێکی وەک عەبدوڵڵا بەگی جاف، کە لە شەڕی بەرامبەر بە دوژمن و لە پێناو ئەواندا بریندار کرابوو.
ئەنجامی کار بە مۆرکردن و ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان ئێرانی و عوسمانییەکان و ماڵوێرانیی کوردان و ئاوابوونی ئیمارەتی بابان کۆتایی پێ دێ.
لە هۆنینەوە و ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا، کاک خوسرەو جاف ڕاستەوخۆ پەردەی لەسەر عەقڵییەتی سیاسیی ئەو سەردەمەی میرانی بابانەکان بە تایبەتی و ئیمارەتەکانی دیکەی ئەوسای کورد بە گشتی هەڵدەداتەوە و ئەوە دەخاتە ڕوو کە کوردایەتی و بیری نەتەوایەتی، هەرگیز خولیای بیری ئەو سەرکردە کوردانە نەبوون و هەمیشە لە خەیاڵی برەوپێدانی بەرژەوەندی و توانای تایبەتی و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون و هەر لەو ڕوانگەشەوە ڕوانیویانەتە ڕووداوەکان. ئەگەر بیری نەتەوایەتی لە مێشکی ئەو سەرکردانەدا هێلانەی کردبا، دەبووایە ئیمارەتی ئەردەڵان جێی متمانە و دڵنیایی ئیمارەتی بابان بووایە، کە هەردووکیان کورد و تەواوکەری یەکتر بوون، نەک مایەی مەترسی و ڕاڕایی یەکتری بن وەک لە ڕەوتی قسەکانی مەحموود پاشای باباندا دەردەکەوێ. تەنانەت بابانەکان هەر لەناو خۆیاندا، ئەوەندە دوژمنی یەکتری بوون، ئەوەندە دوژمنی بێگانە داگیرکەرەکان نەبوون، کە هەمیشە وەک پارووەکی چەور ڕوانیویانەتە خاکی کوردستان. بۆ بەڵگە تەنها لە ماوەی سێ و چوار ساڵێکدا، ئەم برا پاشای بابان لە دژی ئەو برا پاشا، سێ جار پەنایان

بردۆته بەر بێگانە و لەشکری دوژمنیان هێناوەتە سەر یەکتری، لە هەر سێ جارەکەشدا سولەیمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری بە تەواوەتی خاپوور و تالآن و ئەنفال کراون و بە هەزارەها پاڵەوانی کورد گیانی بە فیرۆ لە دەس داوە و هەزارەها خانەوادە ڕەویان کردووە و ئاوارەی هەندەران بوون.
لایەنێکی دیکەی ڕۆمانەکە، لە باسی سروشتی کوردستان و ڕێورەسم و داب و نەریتی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردەواری، بۆن و بەرامە و چێژێکی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، بە تایبەتی لە ڕێڕەوی کۆچی گەرمیان و کوێستانی هەوای پادەشت و شنەی کۆسارانی ئێڵی جافاندا.
لە هەندێ شوێنی ڕۆمانەکەدا، کەمۆکەیەک لایەنی بێهێزی و برۆکەیەک شتی پێچەوانە بە دی دەکرێ. هیوادارم ئەگەر مەبەستم هەنگاوتبێ لە چاپکردنەوەیدا ڕەچاو بکرێ. وەک ئەوەی لە چوار دێڕی خوارەوەی لاپەڕە ٥٣دا هاتووە، کە سولەیمان پاشا بەرەو لەشکری داگیرکەر هەڵدێ، لە هەمان کات و شوێندا مەحموود مەسرەف هەر لەوێ و لە حوزووری پاشادا ئاگادار دەکرێتەوە، ئیتر چۆن ڕێی تێدەچێ پێشتر خەڵکی بە دوای سولەیمان پاشادا ناردبێ بۆ گرتنی.
لە لاپەڕە ٧٢دا شەڕەکە لە هاویندا ڕووی داوە، تەنانەت ڕشانەوە و تاعوونیش تەنگی بە خەڵکەکە هەڵچنیوە، لە پاش هاوینیش پاییز دێت نەک بەهار وەک لە دێڕی چوارەمی لاپەڕە ٧٥دا هاتووە کە عەبدوڵڵا بەگی تێدا بریندار کراوە.
لە لاپەڕە ١٣١دا بە تەواوەتی هەست بەوە دەکرێ، کە ناوی (نالی) بە زۆر خزێنراوەتە نێو ڕووداوەکانەوە، بە تایبەتی وەڵامەکەی نالی زۆر ساکار و بێسەروبەرە، چونکە ئاوا وەڵامێ لە نالیی شاعیر و زانا و فەیلەسووف ناوەشێتەوە، لە وەڵامی میری باباندا کە دەیەوێ وەکو پەیکێک بۆ ناو خێڵی جافانی بنێرێ، بڵێ نارۆم چونکە "هەموویان شیفتە و عاشقی ئەدەبیات و ئەشعاری گۆرانن و لە شیعر و ئەدەبیاتی من لەزەت و چێژێکی ئەوتۆنابینن..."
لە لاپەڕە ٩٢دا زۆر لە جی خۆیدا و دەرفەتێکی زۆر باش هەڵکەوتبوو، بۆ هێنانە ناوەوەی مەولەویی شاعیر و شیعرە بەناوبانگەکەی لەمەڕ ناشتنی تەرمی قادر بەگ لە سەید خەلیل، کە لە ئەنجامی شەڕی براکوژیدا لە بەین چووبوو.
داخەکەم وەک زۆربەی زۆری کتێبە کوردییەکان، تەمومژی هەڵەی چاپ و برێ هەڵەی زمانەوانیش، سەرتاسەری ڕۆمانەکەی داگرتووە و دەست لێدان و دەسنیشان کردنیان زۆری دەوێ.

سوێد
١٩٩٤/٤/١٤



# گوڵبژێری بەڵگەنامە سیاسییەکانی ئێران و عوسمانی (١٧٩٦-١٩٠٦)

ئەنوەری سوڵتانی

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" لە ساڵانی ١٣٦٩ و ١٣٧٠ی هەتای (٨١-١٩٨٠زایینی) ٨٢٨ بەڵگەنامەی لەمەڕ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی بڵاوکردۆتەوە.(١) بەڵگەنامەکان، ساڵانی ١٢١٢ تا ١٣٢٤ی مانگی بەرانبەر بە ١٧٩٦ تا ١٩٠٦ی زایینی ئەگرنەبەر و بریتین لە ژمارەیەکی زۆر لە نامە و ڕاپۆرت و فەرمان و یاسا و پەیماننامە و تەنانەت لێکۆڵینەوەی مێژوویی کە خراونەتە توێی چوار بەرگ کتێبەوە و ژمارەی لاپەڕەکانی چوار بەرگەکە، ئەگاتە ٢٠٣٧. دوای دەرچوونی "کتێبی سەوز" کە بریتی بوو لە ٤١٦ بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی(٢)، ئەمە یەکەم جارە کە وەزارەتی ناوبراو هەوڵی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی ناو دامودەزگای خۆی ئەدات.

کتێبەکە، لە لایەن "بەشی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە" لە "بنکەی تۆژینەوە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان"ی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بڵاوبووەوە و چەند کەسێک کە ناویان لە سەرەتای بەرگی یەکەمدا هاتووە، کارەکەیان ڕاپەڕاندووە.(٣)

ئەوەی ڕاستی بێت، نە لە سەرەتا و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی کتێبەکەدا، ئامانجی کاربەدەستانی وەزارەتی ناوبراو لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان ڕانەگەیێندراوە، بەڵام لە سەرەتای بەرگی یەکەمدا، ئاماژە بە چەند خاڵێک کراوە کە ڕەنگە بتوانین وەک هۆی بەڕێوەچوونی پرۆژەکە بیانگرینە بەرچاو.

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی نووسەرانی سەرەتا، ئەم کارە دوای "پەسەندی مەجلیسی شووورای ئیسلامی" و "قۆڵکێشانی دەوڵەت" هاتۆتە ئەنجام و ئامانجی کارەکەش، "دۆزینەوەی هۆگەلی هەڵدان و دواکەوتنی وڵاتان.... و گرنگی دان بە مێژووی هاوچەرخ لە بواری ڕوونکرنەوەی...ڕاستەقینە مێژووییەکان... بەگوێرەی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو" بووە.(٤)

نووسەرانی سەرەتا، لەم بۆچوونە گشتییە بەولاوەتر نەچوون و ئاشکرایان نەکردووە کە ئەم "دۆزینەوەی هۆگەلی هەڵدان و دواکەوتنی وڵاتان"ە لە پێناو چ ئامانجێکدایە و بۆچی ئەم ئەرکە خراوەتە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری دەرەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، وا هەیە هەلومەرجی سیاسیی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت ئەو تەنگوچەڵەمانەی وەزارەتی دەرەوە لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تووشی هاتووە، تا ڕادەیەک بتوانن هۆی دەرچوونی کتێبەکەمان بۆ یەکالا کەنەوە:

١- دوای ئەوەی بەڕێوەبەرانی "کۆماری ئیسلامی" ڕاستەخۆ لە حوجرەی مەدرەسە ئاینییەکانی "قوم" و "مەشهەد"وە هاتنە سەر حوکمی سیاسیی ئێران، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بوونەوە کە ئەگەر لە ناوخۆی وڵاتدا بە هۆی زەبروزەنگ و چاوترساندن یا بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی فەناتیکی توێژگەلی دواکەوتووی کۆمەڵگا ئەتوانن سواری ئەسپی ڕێبەرایەتی بن، لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهاندا، مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە جیاوازە.

لێرەدا، سیستەمێکی دامەزراوی وەک ئەنستیتووی فیکری، سیاسی، ئابووری و عەسکەریی ئەورووپا و ئەمریکا لە ڕوویاندا وەستابوو، کە نە پێیان ئەڕووخا و نە بە دروشمی خوازراوەی "نە شەرقی، نە غەربی"یەوە ئەیانتوانی ژیانی هاوبەشیان لەگەڵی هەبێت.

یەک لەو دوو بەرەیە، واتە ڕۆژئاوا و بەتایبەت "شەیتانی گەورە"، پشتی بە تەکنیک و دەسکەوتی زانستی و هەروەها ژێرخانێکی قورس و قایمی ئابووری بەستبوو کە مێشکی ساکار و یەکلابینی مەلاکان بۆی یەکالا نەئەکرایەوە و زۆری پێ نەچوو، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی

کە نفووز لە قەڵای کۆنکرێتی سیاسەت و پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا پێویستی بە کەرەسەی تایبەت و پسپۆڕ و لێزانی لێهاتوو هەیە.

لەم بوارەدا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کەوتنە هەوڵی پەروەردەکردنی کادیر و کاربەدەستی پێویست بۆ ئیش و کاری دەرەوەی وڵات و پڕۆژەکەش لە ژوور هەموو شتێکەوە بەسترابوو بە کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ و پەروەردەکردنی مامۆستا و دابینکردنی کەرەسە، واتە کتێب و سەرچاوەی لازم. بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگەنامانە، لە پەیوەندییەکی ئەوتۆدا، واتا پەیدا ئەکەن.

٢- هۆیەکی تری بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکان ئەبێ ڕیشەی لە شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئێران و عیراقدا بدۆزرێتەوە. حوکمی "قاجارەکان" بۆ پاکانەکردن و شۆردنەوەی دەستی خۆیان لە کارەساتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، "کتێبی سەوز"یان بڵاوکردەوە و کۆماری ئیسلامیش دوای نۆشکردنی "جامە زەهرەکە" و کۆتایی هێنان بە شەڕی خۆی لەگەڵ "سەددامی کافر"، کەوتە بیری بڵاوکردنەوەی بەڵگەی پەیوەندیدار بە سنووری ڕۆژئاوای خۆیەوە بەو ئامانجەی کە ناهێمنبوونی سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵات وەک دیاردەیەکی مێژوویی لە قەڵەم بدات و وای بنوێنێ کە گوایە مەلاکان هیچ دەورێکیان لە دەست پێ کردن یان درێژەپێدانی شەڕدا نەبووە.

٣- هۆیەکی دیکەی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانیش ڕەنگە هەر لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی کۆماری ئیسلامیدا بدۆزرێتەوە:

مەلاکان، لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی ڕژێمەکەیانەوە تا ئێستا، تاوانی هەموو ناتەواوی و کەموکووڕییەکی ئابووری یا چەواشەکارییەکی فەرهەنگی و سیاسییان داوەتە پاڵ "سیستەمی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی" و بە تایبەت، ڕژێمی "قاجار" و "پەهلەوی" کە بە داردەستی "شەرق و غەرب"یان داناون و بەم کارە ویستوویانە خۆ لە تەوژمی ناڕەزایی کۆمەڵانی گەل ڕزگار کەن.

دیارە، نموونەی ئاشکرای دەست تێوەردانی "شەرق و غەرب" لە کاروباری ناوخۆی ئێرانیشدا حوکمی قاجارەکانە و کارنامەی سیاسیی قاجار، ئەم ڕاستییە ئەخاتە ڕوو:

- "فەتح عەلی شا"ی قاجار (١٧٩٧-١٨٣٤) بە فەتوای پیاوانی ئایینی، ئێرانی خستە ئاگری شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری و لە ئەنجامی مۆرکرانی پەیماننامەی "گوڵستان" (١٨١٣) و "تورکمان چای" (١٨٢٨) بەشێکی زۆر لە خاکی ئێران خرایە سەر ڕووسیا.

- فەرمانی حکوومەتی "مەشرووطە" (١٩٠٦)، "مظفرالدین شا"ی قاجار مۆری کرد ـ ئەو مەشرووتەیەی وا موجتەهیدانی وەک "شێخ فضل‌الله نوری" بە "پیلانی کافران" و دژ بە "مەشرووطە"یان ئەزانی و گیانیان لە پێناو دژایەتیکردنیدا ئەبەخشی.

- هەر لە سەردەمی قاجارەکانیشدا بوو، کە ئێران لە نێوان ڕووس و ئینگلیس واتە "شەرق و غەرب"، دابەش کرا (١٩٠٧ و ١٩١٥) و چەند ڕووداوی مەزنی سیاسیی وەک دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان (١٩٤٦) ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو دابەشکرانەن. مەلاکان دژایەتیی خۆیان لەگەڵ هەردوو کۆمارەکە و ڕقبوونەوەیان لە ڕێبەرەکانیان ناشارنەوە.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە سەر هەڵئەدات: چۆنە وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەناو هەموو وڵاتانی هاوسێ یا بەرەی "شەرق و غەرب"دا، عوسمانییەکان هەڵئەبژێرێ و سەنەد و بەڵگەی ئەوان ئەخاتە ڕوو؟

ڕەنگە وەڵامی پرسیارەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بدرێتەوە:

١- سیستەمی خەلافەتی سوڵتانەکانی عوسمانی بە ڕوواڵەتیش بێت لەسەر لایەنگری و دەمارگیریی ئایینی "سوننە" دامەزرابوو و ئەوەش لە کاتێکدا کە هەموو دەوڵەتەکانی ئێران لە "سەفەوی" بەدواوە خۆیان بە پارێزەری "مذهب حقه جعفری" داناوە و دژ بە عوسمانییە "سوننی"یەکان وەستاون.

٢- حوکمی سیاسیی عوسمانییەکان دەیان ساڵە هەڵوەشاوەتەوە و دەرخستنی پەیوەندییەکانی مردوویەکی بێ میراتگری وەک ڕژێمی عوسمانی هیچ چەشنە زیانێک لە رابیتەی نێوان ئێران و تورکیا نادات. تورکیای کەمالی نەک هەر حیسابی خۆی لە حیسابی سوڵتانەکان جیا ئەکاتەوە، بەڵکوو هەموو تاوانی پچڕپچڕبوونی خاکی "تووران" ئەخاتە ئەستۆی ئەوان. بێنرخکردنی سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی سوڵتانەکان هەتا ئێستاش لە تورکیادا هەر پەیڕەو ئەکرێ و بەم پێیە، سەیر نابێ ئەگەر بڵێین بەشێکی بەرچاوی بەڵگەنامەکان لە ئارشیڤی دەوڵەت و سەرەکوەزیری کۆماری تورکیا

وەرگیراون! (ئەم دیاردەیە، لە عەینی وەختدا، ناتەواوی و کەموکووڕیی ئارشیڤەکانی وەزارەتی دەرەوە و بە گشتی هەموو دامودەزگای دەوڵەتی ئێران نیشان ئەدات.)

٣- سنووری ئێران و عوسمانی (ئێران و تورکیا و ئێران و عیراقی ئێستا)، جگە لە ناوچەی "خوزستان" هەر لە ئیلامەوە تا کرماشان و کوردستان و ئازەربایجان نیشتەجێی کوردە و بەدەگمەن گەلانی دیکەی تێدا ئەژین. بڵاوکردنەوەی ٩١ بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و کوڕەکانی هەروەها زۆر بەڵگەی تریش لەمەڕ کوردستان، ئەتوانێ لە بەرژەوەندی ئەو سیاسەتەی مەلاکاندا بێت کە "ئاڵۆزییەکانی سەر سنوور" واتە مەسەلەی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا، وەک کارەساتێکی مێژوویی بدەنە قەڵەم و وای بنوێنن کە گوایە مەسەلەکە پەیوەندی بە بێگانەی ئەودیو سنوورەوەیە و بەم شێوەیە مۆرکی "داردەستی" لە بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد بدەن. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی خۆی لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بدزێتەوە، پەنا ئەباتە بەر گەلێک فروفێڵی کۆن و نوێ و ئەمەش هەشتێکە لەو مشتە!

بنکەی بڵاوکەرەوەی کتێبەکان، بایەخێکی زۆری بە "هۆز"ە کوردەکان داوە و هەندێ ڕاستیی لەمەڕ بارستایی و گرنگایەتیی کورد لە ئێراندا دەربڕیوە. نووسەرانی سەرەتای بەرگی دووهەم، کاتێ دێنە سەر باسی "هۆزەکانی سەرسنوور" ئەنووسن:
"کوردەکان گرنگترین هۆزی ئێرانن و لە مەڵبەندێکی بەرینی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوا(ی ئێران) کە لە ناوچەی "ماکۆ"وە دەست پێ ئەکات و تا باکووری لوڕستان ئەکشێ و هەروەها لە بەشێکی "خوزستان"یشدا نیشەجێن."
ئەو کوردانەی لێرەدا بە دانیشتووی خوزستان لە قەڵەم دراون، بێگومان "بەختیاری" و "لوڕ"ەکانن و بۆچوونی بێلایەن و ڕاستگۆیانەی وا، ئەویش لە لایەن ڕێکخراوەیەکی ڕەسمیی دەوڵەتی ئێرانەوە، دیاردەیەکی کەموێنە و سەرنجڕاکێشە.
نووسەرانی سەرەتا، لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەیانا ئەنووسن:
"لوڕ، نیشتەجێی باشووری کوردستانن و هەندێ جوغرافیزانی وەک "ابن بلخی" و "اصطخری" بە هۆزێکی کوردیان دائەنێن." کە ڕوانینێکی تازەی دەوڵەت یا بەلای کەمەوە دامو دەزگای وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە نیسبەت کوردەوە ئەخاتە بەرچاو و بۆ یەکەم جار هەوڵی دابڕین و جیاکردنەوەی لوڕ لە کورد نادات.
بەڵام لە سەرێکی ترەوە، نووسەرانی سەرەتا، ڕوانگەی ڕەگەزپەرستە فارسەکان ئەخەنە ڕوو، کاتێ کە گەورەترین "گەل"ی بێدەوڵەتی ئەم جیهانە بە "هۆز" و عەشیرەت ناوئەبەن و خۆ لەو ڕاستییە ئەپارێزن کە کورد، "گەل"ێکی سەربەخۆی ژێردەست کراوە و هەموو تایبەتمەندییەکی دیاردەی "گەل"ی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکان پەیوەندییان بە کوردستان و کوردەوە هەیە و بەم بۆنەوە، لێرەدا (ئـا) کورتەیەک لە ناوەڕۆکی هەر چوار بەرگی کتێبەکە ئەخەمە بەر چاو، (ب) ئەمجا چەند بەڵگەنامەیەکی هەڵبژاردە وەرئەگێڕمە سەر کوردی و (پ) لە ئەنجاما، کورتەی هەموو ئەو بەڵگانەی وا پەیوەندییان بە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدیللای شەمزینییەوە بێت، ئەدەم بە دەستەوە.
بەشێکی بەرچاو لە بەڵگەنامەکان تاریخیان بە سەرەوە نییە و لە شوێنی خۆیاندا چاپ نەکراون. ئەم بێنەزمییە، بە پێچەوانەی خواستی من، خۆی لە کورتەباسی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بە شێخ عوبەیدیللادا نیشان ئەدات و خوێنەر ئەبێ پاش و پێشبوونی تاریخی بەڵگەکان بگرێتە بەرچاو.
بەڵگەنامەکان، سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەک و ئەو ڕاستییەش کە چاپکراو وەزارەتی دەرەوەی ڕژێمێکن کە بە درێژایی تەمەنی، پێشێلکەری گەورەی مافی گەلەکەمان بووە، بایەخی مێژوویی زۆریان هەیە و ئەتوانن ببنە سەرچاوەی دەیان باس و تۆژینەوە لەمەڕ مێژووی هاوچەرخی کوردستان.
لە سەرێکی ترەوە، ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان پەردە لەسەر خواستی داگیرکەرانی نیشتمانمان هەڵئەماڵن و خەباتگێڕانی ئێستای گەلەکەمان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە زەقە ئەکەنەوە کە داگیرکەرانی کوردستان، سەرەڕای هەموو ناتەبایی و ناکۆکییەکی ناوخۆیان لە داپڵۆسین و سەرکوتکردنی کورددا هاوبەش و هاوهەنگاون. سەتان ئەزموونی تاڵی مێژوویی پێمان ئەڵێ کە پشت بە داگیرکەر نەبەستین و ددانی مار نەکەینە دەسکی خەنجەر.

ئا- بەڵگەنامەکان بەپێی بابەت دابەش کراون و هەر بەگێکی کتێبەکە بریتییە لە چەند بابەتی تایبەت:

* بەرگی یەکەم ۸٦۸ لاپەڕەیە و ۱۷۹ بەڵگەی ساڵانی ۱۲۱۱ تا ۱۲۷۰ی مانگی (۱۷۹٦ تا ۱۸۵٤)ی گرتۆتە بەر:
- نامەی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان سەرۆکان (شا و سوڵتان) و حاکمان و کاربەدەستانی هەردوو وڵات: ۱۸ بەڵگە.
- کاروباری سەرسنوور و مێژینەی مێژوویی بەڵگەنامەکانی "محەممەرە": ۲۷ بەڵکە.
- بەڵگەنامەی وتووێژەکانی ارزنه الروم: (۲۷).
- بەڵگەنامەکانی سنووری کوردستان و ئازەربایجان: (۲۹)
- دقی وتووێژەکانی "ارزنه الروم": (۱۵)
- نموونەی چەند حوکم و قەباڵەی گوندەکانی سەرسنوور: (۱۰)
- کورتەیەک لە مێژووی ئێران و عوسمانی (سەرەتا) و لیستەی ناوی سوڵتان و صدراعظم و شێخ الاسلامەکانی عوسمانی (پاشکۆ).

** بەرگی دووهەم ۷٥٤ لاپەڕەیە و ۲۰۹ بەڵگەی ساڵانی ۱۲۷۱ تا ۱۳۱۳ (۱۸٥٤ تا ۱۸۹٦)ی گرتۆتەوە:
- کورتەیەک لە مێژووی سنوورەکانی ئێران و عوسمانی: (یەک بەڵگە).
- بەڵگەنامەکانی سەرسنوور (ئازەربایجان، کوردستان، لوڕستان و خوزستان): (۷۹)
- کومیسیۆنی سەرسنوور و دەوڵەتە نێوبژیکەرەکان: (٦٤)
- هۆزەکانی سەرسنوور: (٦٥)
- کورتەیەک سەبارەت بە هۆز و عەشیرەتەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان: (پاشکۆ)

*** بەرگی سێهەم ۸۰۱ لاپەڕە و ۲۲۹ بەڵگەنامەیە، باسی هەمان ساڵانی بەرگی دووهەم ئەکات:
- کاروباری تەشریفاتی: (٥٤ بەڵگە)
- ئیش و کاری خەڵک: (۳۱)
- کاروباری ئابووری و پەیوەندییەکان (پەیماننامە): (٥٥)
- مەسەلەی زیارەتکەران و کاروباری حەج: (۱۵)
- مەسەلەی شێخ عوبەیدیللا: (٦٦)
- ناوی صدراعظم و شێخ الاسلامەکانی چوار سوڵتانی عوسمانی: (پاشکۆ).

بەرگی چوارەم ٥۹٦ لاپەڕە و ۲۱٥ بەڵگەنامەیە کە ساڵانی ۱۳۱۳ تا ۱۳۲٤ (۱۸۹٦ تا ۱۹۰٦) دەگرێتە بەر:
- بەڵگەنامەکانی سەرسنوور: (٤۱ بەڵگە)
- دەستدرێژی و مەسەلەی عەشایر: (۱۱٥)
- لیژنە سەرحەددییەکان و دەوڵەتی نێوبژیکەر: (۳٤)
- مەسەلەی شێخ قادر و شێخ صدیق -کوڕانی شێخ عوبەیدیللا-:(۲٥)

ب- وەرگێڕدراوی شەش بەڵگەنامەی هەڵبژاردە:

۱- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٥
باسی تەمێکردنی میری ڕەواندوز
تاریخ ۱۲٥٤ (۹-۱۸۳۸ز)
دەوسیە: ؟
فایل: ٤ (نووسراوە کۆنەکان)
دەقی نامەی "میرزا مەسعوود خان" وەزیری دەوڵەتانی دەرەوەی ئێران
بۆ چاودێریکەری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی ڕۆم
لەم ساڵانەدا، میری ڕەواندز کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی مەزنتان بە "ڕەعیەتی سەربزێو" ناوی لێ ئەبەن، چەند جاران زوڵم و دەستدرێژیی کردۆتە سەر سنووری دەوڵەتی خاوەنهێز(ی ئێران) و زیانێکی زۆری پێ گەیاندووە.
بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی هەمیشەیی و دەسەڵاتداری ئێمەش بۆ ڕێزگرتنی دۆستایەتی و لەبەر ئەوەی ناوبراو سەر بە دەوڵەتی مەزنتان ئەزانن، خۆیان لە تەمێکردنی پاراستووە تا ئەو جێیەی کە بەهاری ئەمساڵ دەستدێرژییەکەی لەسەر سنووری دوو وڵات پەرەی سەند و بووە هۆی نارەزایی زیاتری هەردوو دەوڵەتی مەزن و لە هەردوو لاوە فەرمانی پاککردنەوەی ئەو سەربزێوە یاخییە دەرچوو و جەنابی... ئەمیر نیزامی سەرکەوتوو و وەزیری جەنابی وەلیعەهد لەگەڵ جەنابی... حاجی ڕەشید پاشا و سەرعەسکەری "ارزنه الروم" و وەزیری دار السلامی بەغدا بۆ وەرگرتنی ئیجازە، نامەیان نووسی و هەواڵیان نارد بەڵام هیچکام (لە بەرپرسانی عوسمانی) نەیانسەلماند کە سوپای سەرکەوتووی ئەم دەوڵەتە هەمیشەییە بکەوێتە شەڕ و ڕاونانی سەربزێویکەری ناوبراو و لە بەرانبەردا ئەرکی لە ڕیشە

دەرهێنانی ئەویان گرتە ئەستۆی خۆیان.
لێرەدا، پێویست بوو کە ئەم دۆستەتان ڕاپۆرتی کارەکە بۆ ئاگاداریی جەنابی سامی بنووسێ و ئەو نوکتەیەش ڕابگەیێنێ کە پێویستە هەردوو دەوڵەت ڕەعیەت و وڵاتەکەیان لە زیانی دەستدرێژیکەران بپارێزن و بەرپرسانی دەوڵەتی مەزن (ی ئێران)یش لازمە لەشکرێک لەسەر سنووری ئەو دەستدرێژیکەرە دامەزرێنن. جا، چونکە هۆی هەموو ئەو خەرج و مەسرەفەی سوپای ئێمە، ڕەعیەتی دەوڵەتی مەزنتانە و ئیجازەی سەرکوتکردنیشی بە ئێمە نادەن، بەپێی یاسای گشتیی دەوڵەتان کە لەسەر بناغەی دادپەروەری دانراوە، پێویستە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێوە یا ئیجازەی سوپای ئێمە بدەن ئەو سەربزێوە ئەدەب بکا و زیان و زەرەریش لە خۆی بستێنێتەوە، یاخود (دەوڵەتی مەزنتان) زیان و خەرج و مەسرەفی ئەو سوپایەی ئێمە کە لەسەر سنوور دامەزراوە، بگرێتە ئەستۆ... جەنابی "جەواد خان" لە لایەن ئەم دەوڵەتە مەزنەوە مەئموور کراوە باسی زیاتری ئەم کورتەیە بۆ جەنابی سامی بکات و لە هەر کوێ تووشی موشکیلەیەک هاتن، بۆیان ڕوون کاتەوە.

٢- بەڵگەنامەی ژمارە ١٤٥ و ١٤٦
تاریخ: ڕەمەزانی ساڵی ١٢٦٧ (١٨٥١ز.)
فایل: ١٣
دەوسیە: ٥/ع
نامەی ١٨ کەس لە خەڵکی سەردەشت و ٣٤ کەسی خەڵکی بانە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەمەڕ "دەروێش پاشا" کاربەدەستی عوسمانی کە داوای لێ کردبوون شارەکانیان سەر بە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیێنن. (ناوی هەموو ئەو ٥٢ کەسە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە.)

٣- بەڵگەنامەی ژمارە ١٨٧ و ١٨٨
تاریخ: ١٣ و ٢٢ی مانگی مایسی ١٨٥٤
فایل: ٧ (نووسراوە کۆنەکان)
دەوسیە: ؟
گازندەی قۆنسوڵی ڕووس لە پیاوەکانی "عەزیزخانی سردار کل" و خەڵکی سەردەشت و سابڵاخ و لاجان کە یارمەتیی عوسمانی ئەدەن (لە نامەکاندا ناوی دەیان خەڵکی ئاسایی و ئاغاواتی ناوچەکە هاتووە.)
٤- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢٤ تا ٣٨٩
تاریخ: ٢٩ ذیقعدە ١٢٧١(= ١٤ ئاگۆستی ١٨٥٥) تا ٦ ربیع الثانی ١٣١٣(= ٢٧ سپتەمبەری ١٨٩٥)
فایل: -
دەوسیە: -
نامە و ڕاگەیاندنی هەردوو وڵات لەمەڕ هۆز و تیرە کوردەکان (جەلالی، شکاک، مەنگوڕ، مامەش، ئەحمەدوەند، زەهاو، پیران، جاف و...) و شەڕ و کێشەی ناو هۆزەکان و هاوکاریی هەردوو دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵ و دەست بەسەرداگرتنیان، داواکردنی قەرەپاپاخ بۆ گەڕانەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی، هێرشی چوار تیرەی ناوچەی هەکاری بۆ سەر خەڵکی سۆما و برادۆست (٣٣٣)، هەڵاتنی سەعید سوڵتان و ڕۆستەم سوڵتان لە هەورامان (٣٤١). بۆچوونی عوسمانییەکان لەمەڕ هۆزی مامەش کە خەڵکی عوسمانین و کۆچیان کردووە بۆ ئێران (٣٥٦)، هێرشی هۆزی خالیدی (ایوان غەرب) بۆ سەر کاربەدەستانی عوسمانی (٣٨٣)، پێکهاتنی کۆمیسیۆنی دوو لایەنی ئێران و عوسمانی بۆ هێمن کردنەوەی سنوورەکان (چەند بەڵگە)، نامەی شابەندەری عوسمانی لە تەورێز بۆ عەلی ئاغای شکاک و بانگهێشتن کردنی بۆ تەورێز (٣٢٥)، نامەی مظفرالدین میرزای وەلیعەهد لەمەڕ کۆچی هۆزی پیران لە عوسمانییەوە بۆ ئێران (٣٨٨ و ٣٨٩)، بەرگریکردن لە هاتنی هۆزی جاف بۆ ناو خاکی کوردستانی سنە (٣٨٧) و دەیان بابەتی دیکە.

٥- بەڵگەنامەی ٣٤٦
تاریخ: ٢٢ی موحەڕڕەمی ١٢٨٧(=٢٥ی ئاپریلی ١٨٧٠)
بابەت: پرسیار لە "هەمزاغا"ی مەنگوڕ
دەوسیە: ١٣
فایل ٥/ح
کورتەی وتووێژی دانیشتنی چوارەمی کۆمیسیۆن (ئێران و عوسمانی) کە لە ڕۆژانی ٢٢ی موحەڕڕەمی ١٢٨٧ و ١١ی نیسانی ساڵی ١٢٨٦ (١٨٦٩) بەستراوە.

"دەقی وتووێژەکانی دانیشتنی سێهەم خوێندرایەوە...و پرسیارکردن لە هەمزاغا درێژە پێ درا:

پرسیاری ١: کاتی ئاور تێ بەربوونی شاری سەردەشت چەند ڕۆژ لە گەیشتنت بە هوردووی "تەقی پاشا" ڕائەبرد؟
وەڵام: کاتێ گەیشتمە هۆردووەکە، بەم هەواڵەم زانی.

پ۲: له کوێوه ئەهاتی؟
و: له ماڵی خۆمەوه.
پ۳: ئاگر تێ بەربوونی سەردەشت پێش ئەوه بوو که "تەقی پاشا" تۆ بخاته زیندان، یا پاش ئەوه؟
و: پێش گیرانی من بوو.
پ٤: تۆ دەڵێی له کاتی ئاگر تێ بەربوونی سەردەشت لەوێ نەبووی، له کاتێکدا ناوی ئەو کەسانه ئەبەی که لەوێ بوون و له دانیشتنی پێشووشدا، ناو بردەت کردن.
و: من له کەرکووک دەست بەسەر بووم که یەکێ له پیاوەکانم هەواڵی بۆ هێنام و گوتی ئەو کەسانه ئاگریان تێ بەرداوه.
پ٥: ناوی پیاوەکەتان چییه؟
و: مەحموود.
پ٦: ئەو کەسه ئێستا له کوێیه؟
و: له ماڵی من.
پ٧: له "شەروێت"؟
و: خێر، ئێستا من ماڵم له "ژاراوێ"یه و ئەویش لەوێیه.
پ٨: پێش ئاگرتێبەربوونی سەردەشت چوویه ئەوێ یا دواتر؟
و: دوو ساڵێک ئەبوو نەچووبوومه سەردەشت.
پ٩: ئەم سووتاندنەی سەردەشت دوای ئەوه بوو که قەرەپاپاخەکان هێرشیان هێنایه سەرت یا پێش ئەوه؟
و: دوای ئەوه.
پ١٠- چ ماوەیەک کەوته بەینی تالانکردنی تۆ له لایەن لەشکری "شجاع الملک" و هێرشەکەی سوارەی قەرەپاپاخ؟
و: حەوت مانگ.
پ١١: عەشیرەی "گەورک" و "کەڵوێ" کەی تالانیان کردی؟
و: هاوکات لەگەڵ "شجاع الملک".
پ١٢: دوای ئەوەی لەشکری "شجاع الملک" تالانیان کردی، تا کارەساتی سەردەشت، هیچ چوویه سابلاخ؟
و: بەڵێ چووم. شجاع الملک دوو برا و یازده برازا و هەموو خێزان و منداڵەکانمانی زیندانی کردبوو، چووم ئازادیان کەم.
پ١٣: ڕزگارت کردن؟
و: بەڵێ هەموویانم ڕزگار کرد.
پ١٤: چۆنت ئازاد کردن و چیت کرد؟
و: قادر ئاغای کوڕی هەباس ئاغا هاته گوندی "حاجی مامیان"، کوڕ و براکەی لەوێ دانا و لەگەڵیدا چووم بۆ لای شجاع الملک، ئەویش برا و برازا و پاشماوەی خاو و خێزان و منداڵەکانمانی بەڕەڵلا کرد. ئێمەش هەڵمانگرتن و هاتینەوه.
پ١٥: شوجاع الملک بۆچی له زیندانی خستبوون؟
و: کاتێ له لای "باڵەک"ەوه هاتمه ئەودیو، براکەم له "شجاع الملک" دڵنیا بوو و بەو هیوایەی که هیچیان لێ ناکات لەوێ مابووەوه بەلام شجاع الملک ئەوانیشی تالان و دەست بەسەر کردبوو.
پ١٦: ئایا چوونه سابلاخی تۆ چەنده پێش کارەساتەکەی سەردەشت بوو؟
و: حەوت مانگ.
پ١٧: لەو ماوەیەدا ئیتر تۆ نەچوویتەوه سابلاخ؟
و: خێر.
پ١٨: له یەکێ له قسەکانی پێشووتدا گوتت خزم و عەشیرەتم ژمارەیان ئەگاته ٥٠٠ خێزان و جارێکی تر به ١٥٠٠ خێزانت دانان. عەشیرەتی مەنگوڕ ٥٠٠ بنەماڵەیه یاخود ١٥٠٠؟
و: عەشیرەتی من ئەوەی که ئێستا هەیه، ژمارەیان له ١٥٠٠ خێزانیش تێ ئەپەڕێ.
پ١٩: له ئاگرتێبەردانی سەردەشتدا، هەموو ئەو خەڵکه ئاگادارن و ئەڵێن که تۆشیان لەگەڵ بوونی بەلام تۆ ئەڵێی نەبووم.
و: نەخێر، نەبووم.
پ٢٠: کاتێ چووی بۆ ڕزگارکردنی خزمەکانت که لای شجاع الملک حەپس کرابوون، ئایا لەوێ باسی زاڵبوون بەسەر قەره پاپاخەکانت کرد یا خێر؟
و: خێر.
پ٢١: ڕاست بڵێ هەمزاغا، لەو هێرشەی سەر سەردەشتدا ئامادەبووی یا نا؟
و: خێر نەبووم. من ماڵ و دەوڵەتم که له دەست چوو و هیچ، ئێستا ئەتانەوێ به درۆزنیشم دانێن؟
پ٢٢: ئەم قسانەی کردت، ئەتوانی سوێند بخۆی هەمووی ڕاستن؟
و: به نەفسی خۆم سوێند لەسەر ڕاستیی قسەکانم ئەخۆم.

شوێنی مۆری کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی.

٦- بەڵگەنامەی ژماره ٥٤٣
سەبارەتی به کاروباری زیارەت
تاریخ: ٤ی ذیحجه ١٣٠٩(=٢ی جولای ١٨٩٢)
فایل: ٢١

دەوسیە: ١٥گ

نامەی کارپەردازی ئێران لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە(ی ئێران).

ڕاپۆرت

حکوومەتی بەغدا، لەبەر دەمارگیریی ئایینی و تەنیا بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵک گرنگایەتی بدات بە گۆڕی "ابا یوسف"، داوای لە ئەستەمووڵ کردبوو ڕووپۆشێکی خانەی کەعبە بۆ "ابا یوسف" و یەکێکی تر بۆ ئیمامی ئەعزەم "ابو حنیفە" بنێرن. لەم ڕۆژانەدا، بە هۆی نێردراوێکی تایبەتەوە (ئەو دوو ڕوو پۆشەیان) لەگەڵ چەند تاڵێک لە مووی ڕیشی موبارەکی حەزرەتی خاتەم درووەی خوای لێ بێ نارد و گەیشتنە جێ. حکوومەتی بەغدا ئەم کارەی بە کارپەرداز(ی ئێران) ڕانەگەیاندبوو بەڵام چونکە بڕیاریان دابوو کە ڕۆژی بیست و یەکەمی ذیقعدە، مووی موبارەک بەرن بۆ شاری "کاظمین" و لەوێ بە ئەمانەتی دانێن، وام دانا کە لە ڕۆژی بڕیاردراو، جەنابانی عولەمای مەزنی "کاظمین" تا دەرەوەی شار بەرەو پیری بچن و خەڵکیش دووکان و بازاڕ داخەن و شێوەی ئیحترام بەجێ بێنن و بە هۆی ئەوەوە کە ڕۆژی جومعە بوو و لە ناخی دڵیشەوە ڕێزگرتنێکی ئەوتۆ بە پێویستی دین و دەوڵەت ئەزانم، خۆشم چووم بۆ کاظمین.
جەنابانی والی پاشا و موشیر پاشا و نوسرەت پاشای موفەتیشی هۆردووی عیراق بە کۆمەڵێکی زۆری ئەمیرانی مەدەنی و عەسکەرییەوە هاتن و هەر گەیشتنە بەر خێوەتی عولەمای مەزن، وچانێکیان گرت، ئەوجا وەرگێڕی کارپەرداز(ی ئێران) هەموو عولەمای یەک بە یەک ناساند و ڕێز لە هەموویان گیرا و هەواڵیان پرسرا. ئێرانییەکانیش بە ئیشارەی من پێشوازییەکی باشیان کرد و هەشت سەر مەڕیان کردە گاو و گەردوون... والی پاشا و هاوڕێکانی چوونە ناو حەرەمی شەریفەوە و گەرەکیان بوو جێگایەک بۆ ئەو قوتووە بکەنەوە کە مووی ڕیشی شەریفی (حەزرەتی) تێدا بوو. هەر ئەوەندەی قوڵینگێکیان لە دیوارەکە دا، شوێنێکی پڕ بە پێست بۆ قوتووەکە کرایەوە و دوای سەڵەوات و دۆعا بۆ (حەزرەتی) محەمەد و بنەماڵەکەی ـ سڵاوی خودایان لێ بێت ـ قوتووی گۆڕینیان لە شوێنەکە دانا و دوای بەجێهێنانی ڕێز و ئیحتیرام گەڕانەوە دواوە. لە کاتی نیوەڕۆشدا، ڕووپۆشەکەیان لەسەر گۆڕی "ابو یوسف" دانا، بەڵام چون منیان بە شێوەی ڕەسمی بانگهێشتن نەکردبوو، نەچووم و لە باتی ئەوە چوومە ماڵی شاهزادە حاجی ابو الفضل میرزا و ئێوارێی هەمان ڕۆژ، تەنیا لەبەر بەجێهێنانی دڵیان چووینە سەر گۆڕی ابا یوسف و فاتیحەمان دادا. جەنابان (ی کاربەدەستی عوسمانی) بەو کارەی من دڵشاد بوون، گەرچی بە هۆی دەمارگیریی زۆر لە نێوان هەردوو فیرقەدا، ئەم دڵنەواییانە بێئاکام ئەمێننەوە.

٤ی مانگی ذیحجە الحرام ١٣٠٩ مۆری عەلیقولی

پ- کورتەی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی وا پەیوەندییان بە شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و شێخ قادر و شێخ صدیقی کوڕیەوە هەیە(٤).
هەموو فەسڵی پێنجەم لە بەرگی سێهەمی کتێبەکە (٦٧ بەڵگەنامە) و فەسڵی چوارەم لە بەرگی چوارەم (٢٦ بەڵگە) تایبەت بە مەسەلەی ڕاپەڕینی شێخ و کوڕەکانی کراوە و بەڵگەکان نیشان ئەدەن کە لە ماوەی هەموو ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٨٨٠ و تەنانەت ٢٢ ساڵ دوای تێکشکانی بزووتنەوەکەش، کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی پەیوەندی و هاوکارییەکی توندوتیژیان بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی شێخ و بەگشتی کوردەکان لە نێواندا بووە و حاکمانی ئێران هەموو توانای عەسکەری و سیاسیی خۆیان بۆ بەربەستکردنی شێخ و گەڕاندنەوەی بۆ ئەوبەری سنوور خستۆتە کار: شێخ ئەڵێ "من ببم یا نەبم، کورد لە بەهار(ی ساڵی ١٨٨٠)دا ئەکەوێتە ڕێ." (بەڵگەی ٥٤٥)، وەزیری موختاری ڕووس لە تاران ئەڵێ گوایە سوڵتان شێخی بانگ کردۆتە ئەستەمووڵ بەڵام ئەو نەچووە (٥٤٩)، ئەو نامانەی وا شێخ بۆ باڵوێزی عوسمانیی لە تاران ناردووە، دوای ئەوەی بە ئێرانییەکان نیشان ئەدەرێن، ڕەوانەی ئەستەمووڵ ئەکرێن (٥٥٠)، وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە باسی مەسەلەی شێخدا، نامەی تایبەت بۆ باڵوێزخانەی عوسمانی و ڕووس و ئینگلیس لە تاران ئەنێرێت (٥٥١)، ناصرالدین شاهـ بە دەسخەتی خۆی قسەی پیس و جنێو ئاراستەی شێخ ئەکات و بە وەزیری دەرەوە فەرمان ئەدات لە عوسمانییەکان بخوازێ شێخ دەستبەسەر کەن (٥٥٢)، ناصرالدین شا داوا لە عوسمانی ئەکات کوڕانی شێخ شاربەدەر کەن و هەمزاغا(ی مەنگوڕ) بدەنەوە بە ئێران (٥٥٣)، باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بە تاران ڕائەگەیێنێ کە وەزیری دەرەوەی عوسمانی دوا بڕیاری دەوڵەتی بۆ دەستبەسەرکردنی شێخ دەربڕیوە. باڵوێز لە

کۆتاییی تێلگرافەکەیا ئەڵێ شوکور بۆ خودا کە دوای چەند مانگ هەناسەیەکی ڕاحەتم کێشا (٥٥٦)، ناصرالدین شا ئەڵێ پێویستە میدالیا و نیشان بدرێ بەو کەسانەی وا لە کارەساتەکەی شێخدا زەحمەتیان کێشاوە (٥٥٧)، کارپەردازی ئێران لە "وان" هەواڵی ڕاگوێزرانی شێخ ڕائەگەیێنێ و ئەڵێ شێخ داوای کردووە خێزانەکەشی لەگەڵی بن. "میر صادق" ناوێک کە مەئمووری لێکۆڵینەوە لە کارەساتی شێخ بووە ئەڵێ "شجاع الدولە"ی پێشکاری ئازەربایجان زوڵم و زۆرێکی لە ڕادە بەدەری دەرحەق بە شێخ "سلمە الله" کردووە و ویستوویەتی گوندەکانی لە دەست بستێنێ (٥٦٢-١٨ محرم ١٢٩١)، کومیسیۆنی هاوبەشی ئێران و عوسمانی لەمەڕ مەسەلەی شێخ پێک دێ بەڵام دوای ساڵێک عوسمانییەکان خۆیان لە کومیسیۆن ئەکشێنەوە و ئەڵێن کە "جەنابی شێخ عبیداللە افندی" ئامادەی حەلکردنی مەسەلەکەیە (٥٦٦-١٣ جمادی الاخر ١٢٩٢)، هەردوو دەوڵەت، لە عەشیرەتە کوردەکان کەڵک وەرئەگرن و لایەنەکەی تری پێ ئەترسێنن (٥٦٧ و ٥٦٨)، ئێران ئەڵێ شێخ عوبەیدیللا هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی شنۆ و بەم بۆنەیەوە هێزێکی عەسکەری ئەنێرێتە سەر سنوور (٥٦٨ و ٥٦٩ -٢٧ی شەعبانی ١٢٩٣)، اقبال الدولەی حاکمی ورمێ هێرش ئەباتە سەر گوندەکانی شێخ لە ناوچەی مەرگەوەڕ (٥٧٠ -١٤ی ڕەمەزانی ١٢٩٣)، دەقی بیست تێلگرامی باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ تاران لە باسی مەسەلەی شێخدا (٥٧٤ -٢٩ شوال تا ٣ی سەفەری ١٢٩٨)، هەواڵی ئامادەبوونی شێخ قادر ئەگاتە تاران و ناصرالدین شاه فەرمان ئەدات "حشمت الدولە"ی مامی بە دە هەزار کەسەوە بەرەو ناوچەکە ببێتەوە (٥٧٥ -کۆتایی مانگی شوال ١٢٩٧)، هەواڵی گیرانی شاری سابڵاخ و هێرش بردنی هەمزاغا بۆ سەر مەراغە و بناو (٥٧٦ -کۆتایی شوالی ١٢٩٧)، "ساعد الملک"ی کارپەردازی تەورێز لە پەیوەندی شێخ و ئینگلیسەکان ئەدوێت و لەم پەیوەندییەدا ناوی "موسیۆ ئابێت" کونسوولی ئینگلیس لە ورمێ دوێنێ (٥٧٧ -٨ی ذیقعدە ١٢٩٧)، وەرگێڕاوی هەواڵێکی چاپکراو لە ڕۆژنامەیەکی ڕووسیا (ئاگۆستی ١٨٨١) و دژایەتی نواندنی ڕووس سەبارەت بە شێخ (٣-٩٧٥-١٢٩٨)، نامەی دوور و درێژی "ابو القاسم" ناو -کارگوزاری دەوڵەت- لە شاری سابڵاخ کە تیایا باسی گیرانی شار، هاتنی شێخ قادر، هەڵوێستی عەشایر، کارەساتی شکانی شێخ قادر، هاتنی حسنعلی خانی گەڕۆس (وەزیری فەواید)، کوژرانی هەمزاغا ڕۆژی جومعە، دووی ڕەمەزانی ١٢٩٨ دوا ڕۆژی مانگی جولای ساڵی ١٨٨١ی زایینی (٥٨٠-ذیقعدە ١٢٩٨)، ناصرالدین شا داوا لە ڕووس و عوسمانی ئەکات شێخ عوبەیدیللا بگرن و دەرەتانی هەڵاتنی پێ نەدەن (٥٨١-١٢٩٨)، هەواڵی گەڕانەوەی شێخ بۆ سەر سنوورەکانی ئێران (٥٨٣ -٦ شوال ١٢٩٩)، کارپەردازی ئێران لە بەغدا ئەڵێ گوایە شێخ پەیوەندیی لەگەڵ عوسمانییەکان هەیە و بێ ئیجازەی ئەوان نەگەڕاوەتەوە سەر سنوور (٥٨٤-٦شوال ١٢٩٩)، دەرچوونی حوکم بۆ گرتنی شێخ لە لایەن عوسمانییەکانەوە (٥٨٥-١٣ شوال ١٢٩٩)، وەزارەتی دەرەوەی ئێران و هەروەها ناصرالدین شاهـ بە "ئەمیر نیزام"ی ڕائەگەیێنن کە دڵدانەوەی شێخ کارێکی بێمەعنایە (٥٨٦ -١٣ شوال ١٢٩٩)، هەواڵی گەڕانەوەی شێخ بۆ سەر سنوور (٥٨٧ -شوال ١٢٩٩)، کارپەردازی ورمێ لە زمانی "میرزا جەواد خان"ەوە ئەنووسێ کە شێخ پیاوی ناردۆتە لای و داوای لێبووردنی کردووە (٥٩٤ -٢٩ شوال ١٢٩٩)، سوڵتان داوا لە شێخ ئەکات بچێ بۆ مەککە (٥٩٨ -٥ ذیقعدە ١٢٩٩)، کارپەردازی کوردستان (سنە) بە وەزارەتی دەرەوەی ڕائەگەیێنێ کە لە لایەن کوڕی شێخ عوبەیدیللاوە نامە بۆ حاکمی سەقز و بانە هاتووە و داوایان لێ کراوە بە قشوونی خۆیانەوە بچن بۆ هۆردووەکەی دەنا تا حەوتوویەکی دیکە ئەمان خۆیان ئەچن بۆ سەقز و بانە. هەردوو حاکم داوای سوپا و تۆپخانەیان کردووە تا وەک سابڵاخیان بەسەر نەیێت (٦٠٤-١٢٩٩؟)، هەواڵی گەیشتنی شێخ بە مووسڵ (٦٠٧ -٢٠ تشرین ثانی ١٣٠٠)، بڕیار لەمەڕ ناردنی شێخ بۆ مەدینە (٦٠٨ -١٢ صفر ١٣٠٠)، باڵوێزی عوسمانی لە تاران هەندێ تووتنی "شەمزینان" ئەنێرێ بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران و ئەڵێ دوای شاربەدەرکرانی شێخ، تامی تووتنەکە خۆشتر بووە! (٦٠٩ -١٢ ربیع الثانی ١٣٠٠)، باڵوێزی عوسمانی داوا لە ئێران ئەکات کە گوندەکانی شێخ لە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بدرێن بە "شێخ نورالدین نقشبدی" برای شێخ کە هەمیشە دژ بە ڕاپەڕینی شێخ وەستاوە و لایەنگری ئێران بووە، بەڵام ئێران ئەو داواکارییە ئەداتە دواوە (٦١٠-٢٨ ربیع الثانی ١٣٠٤)، ئەمیر نیزامی گەڕووس هەواڵی گەیشتنی شێخ عبدالقادر بۆ ناوچەکە ڕائەگەیێنێ (٦١١ -١٧ رمضان ١٣٠٧)، "نایب السلطنە"ی ئێران داوای دوورخرانەوەی

شێخ صدیق ئەکات (٨٠٣-٢٣ی سەفەری ١٣١٤) کارپەردازی شاری "خۆی" لە ئازەربایجان بە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی رائەگەیێنێ کە شێخ عبدالقادر لە حیجازەوە بە ڕێگای ڕووسیادا گەڕاوەتەوە کوردستان و داوای مڵکەکانی ئەکاتەوە کە بوونەتە مڵکی دەوڵەت و بە "سراج السلطنه" فرۆشراون (٨٠٥ -١٩ محرم ١٣١٧)، مظفرالدین شا لە پەراوێزی نامەی ناوبراودا داوای کردووە بە "اقبال الملک" بسپێرن بۆ ماوەی دەقیقەیەکیش چاو لەو "کوڕە" غافڵ نەکات (هەمان). کوژرانی یەکێ لە خزمانی شێخ صدیق لە گوندی "موانە"ی ورمێ بە دەست ڕەعیەتە مەسیحییەکان (٨٠٦ -٢٠ی محرم تا ٢ ربیع الثانی ١٣١٧)، هاتنی شێخ صدیق لە "وان"ەوە بۆ ئێران و داواکردنی بۆ چوونە خزمەت "مظفرالدین شا" لە "جولفا"ی ئازەربایجان و درانە دواوەی داواخوازییەکەی (٨٠٩ تا ٨١٢ -جمادی الاول تا جمادی الثانی ١٣١٨) نامەی "امیر نظام" پێشکاری ئازەربایجان بۆ وەزارەتی دەرەوە لەمەڕ دوورخستنەوەی شێخ صدیق لەسەر سنووری نزیک بە ئێران (٨١٤ تا ٨٢٠-ذیقعده ١٣٢٠ تا ١٨ جمادی الاول ١٣٢١)، نامەی باڵوێزخانەی ڕووس لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵەی کە گوایە شێخ صدیق خەریکی دروستکردنی قەڵایەکە لە سۆما و برادۆست و لەگەڵ حاکمی "وان"دا پەیوەندیی هەیە، عوسمانییەکان تفەنگی زۆریان داوەتێ و قشوونی ئێران لەسەر سنوور لاوازە و ناتوانێ بە گژیدا بچێ (٨٢١ -٢٦ذیحجه ١٣٢١)، وەزارەتی دەرەوەی ڕووس داوا لە باڵوێزەکەیان لە ئەستەمووڵ ئەکات هەوڵی دوورخستنەوەی شێخ صدیق لەسەر سنووری ئێران بدات (٨٢٢ -٨محرم ١٣٢٢)، باسی مڵک و ماڵی شێخ لە ئێران و دژایەتی نواندنی دەوڵەت بۆ گەڕاندنەوەیان بە شێخ صدیق هەروەها ناحەزی پێشاندانی مظفرالدین شا بۆ برینەوەی ساڵی ١٥٠ تمەن بۆ تەکیەی شێخ (٨٢٥-١٣٢٢).

## پەراوێزەکان

١- گزیدهء اسناد سیاسی ایران و عثمانی (دورهء قاجاریه). واحد نشر اسناد، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، وابسته به وزارت امور خارجهء جمهوری اسلامی ایران، چاپ اول، ج ١ تا ٤، ٧٠-١٣٦٩، تهران.

٢- کتاب سبز (بیطرفی ایران)، مراسلات و مذاکرات متعاطیه بین دولت علیه و دول خارجه از بدو وقوع جنگ بین الملل در سنهء ١٣٣٢ هجری مطابق با ١٩١٤ مسیحی، ج اول، تهران، چاپ اول (سنه ١٣٣٦) مطبعه روشنائی، متمم شش ماه اول (جلد دوم) ١٣٣٧، مطبعه کلیمیان. چاپ دوم با مقدمه رضاقلی نظام مافی، نشر تاریخ ایران، تهران، ١٣٦٣ (١٩٨٤).

٣- رضا حسین میرزا طاهری، محمد حسن کاووس عراقی، داود کریملو وعلی اکبر وزیری، امیر حسین اکبر، فریبا شعبانی نصر، خدیجهء افخمی.

٤- وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا گوترا، ئەم بەڵگەنامانە بەپێی تاریخ چاپ نەکراون و گەلێک پاش و پێشیان تێدا ئەبیندرێ بۆ نموونە، باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٨٠ لە هەندێ شوێندا خراونەتە دوای کارەساتەکانی ١٨٨١ و هتد...



# گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان :لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل

نووسینی: مۆردیخای زاکێن
زێرەڤان توڤی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

هاوینی ساڵی ١٩٨٨، دەستەیەکی بیست نەفەری لە دانیشتووانی قودس خۆیان ئامادەکرد بۆ سەردانێکی تورکیە، وەک هەر کۆمەڵە تۆریستێکی دیکەی ئیسرائیلی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەستەیە لە نەژادی کوردە جوولەکەکان بوون و ڕەگ و ڕیشەیان لە زاخۆی کوردستانی عیراقەوە بوو و زۆربەیان لەو کوردە جوولەکانە بوون کە لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥١دا کۆچیان پێ کرابوو بۆ ئیسرائیل و نیازێکی تایبەتیان هەبوو لەم گەڕانە و هەوارگەی ئەم کاروانە، ڕۆژهەڵاتی تورکیە بو، کە نیشتیمانی کوردەکانە.

لەبەر ئەوەی دانیشتووانی ئیسرائیل بۆیان نییە لە ڕێی عیراقەوە سەردانی کوردستان بکەن، پەیوەندی دیپلۆماسیی نێوان تورکیە و ئیسرائیلیان بە هەل زانی و لە ڕێگای تورکیەوە و بە ناوی تۆریستی ئیسرائیلییەوە ڕوو لە تورکیە دەکەن تا بە مەرامی دڵی خۆیان بگەن و جارێکی کەش شاد ببنەوە بە تام و بۆنی ژیانی کوردەواری و چاویان ڕەش بکەن بە دیدەنی کوردان و نەغمەی ژیان لە کوردستاندا. ئەو ئاوازە لە بیرنەکراوەی هەر لەو ڕۆژەوەی کوردستانیان بەجێ هێشتووە هەتا ئێستا لە مێشک و دڵ و گیانیاندا دەزرنگێتەوە. کوردستان، دیمەنە شیرینەکانی، خەڵکەکەی، ژیانی ڕۆژانەیان، ئاووهەوای کولتوور و فۆلکلۆرەکەی، سترانی کوردی و دەنگبێژی کورد لە کوردستان، ئەو هەناسە کوردییەی کە پێی هاتبوونە دنیا و لەناویا گەورە بووبوون و تاسوق و تامەزرۆی بوون. غەریب کەوتنی کوردە جوولەکەکان بۆ کوردستان، سەیرێکە سەیرانی لێ بێتەوە، هەر بۆ نموونە، پارساڵ دەستەیەکی دیکەی کوردە جوولەکەکان هەر بەم شێوەیە لە ڕێگای تورکیەوە خۆیان گەیاندە کوردستان. ئەمانە زۆر حەزیان دەکرد گوێ لە دەنگبێژێکی کورد بگرن سترانی کوردییان بۆ بچڕێ، بەڵام چۆن و چ ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ هێنانەدیی ئەم ئاواتەیان؟ لە تورکیەی ئەمڕۆدا ئاخافتن بە زمانی کوردی یاساغ وبڤەیە، گۆرانی وتن بە کوردی لەناو کۆمەڵدا، لە شوێنێکی گشتی و بە ئاشکرا، بڤەیەکی گەورەیە. ئەگەر دەوڵەتی تورکان پێ بزانێ نەک هەر سەیرانەکەیان لێ تێک دەدات بەڵکە سەد بروبیانووی دیکەشیان پێ دەگرێ و ئیتر جارێکی دی ناتوانن وا بە ئاسانی بە مەرامی سەردانی کوردستان ڕوو لە تورکیە بکەن. خۆ باسی سزا و ئەشکەنجەی ئەو کوردە بەدبەختانەی لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکاندان و تاوانێکی ئەوەندە (گەورە!)یان کردبێ ئەوە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ بە کوێ دەگات. ئەی تەگبیر چییە؟

بۆ ئەوەی بەم ئاواتە بگەن و لە بەڵای شەڕی تورکانیش خۆیان ڕزگارکەن، هەستان بە سواریی بەلەم، بە خۆ و بە گۆرانیبێژەوە چوونە نێوقەدی ڕووبارێ، لەوێندەرێ کە نە دەستی تورکیان دەگاتێ و نە چ سیخوڕێک دەیانبینێ تا پڕ بە دڵ گوێ بدەنە لاوژەی کوردی.

ئا بەم شێوەیە، لەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا ژمارەی ئەم پۆلە گەرۆکانە لە کوردە جوولەکەکان لە زیادبووندایە. کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل ئەوەندە بە توندی بەستراونەتەوە بەو کۆمەڵە کوردەوارییەی لە ناویدا لە دایک بوون و ژیاون،

هەندێکیان ئامادەن سەر و ماڵیان بدەن لە ڕێی تاکە سەردانێکی ناوچەکەی خۆیان، ئەوەی کە لە ژێر دەستی عیراقدایە و ڕێگایان نییە سەردانێکی بکەن.

هەروەها هاوینی ساڵی ١٩٨٨، دەستەیەک لاوان و نەوجەوانانی ئیسرائیلی بانگهێشتن کران بۆ سەردانێکی ڕەسمی لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا و ئیتالیا، نەوجەوانانی ناوچەی (کەتەمۆنیم ) یان (گۆنەنیم)ی نیزیک قودس کە نوێنەرانی پایتەخت بوون لەم سەردانەدا، هەڵپەڕکێی کوردییان هەڵبژارد بۆئەوەی خۆیانی پێوە هەڵکێشن نەک شێوە هەڵپەڕکێی میللیی ئیسرائیلی. لەوانەیە ئەم هەڵوێستەتان بە لاوە سەیر بێت و بپرسن داخۆ چما ئەم لاوانە هەڵپەڕکێی کوردییان لا پەسەندتر بوو؟ ڕاستییەکەش ئەوەیە زۆربەی لاوانی ناوچەی (گۆنیم ) یەکەمین نەوەی کوردە جوولەکەکانن کە لە ئیسرائیل لە دایک بوون و هەڵپەڕکێی کوردی بە ماڵی باوک و باپیری خۆیان دەزانن و زۆریان لا خۆشە خۆیانی پێوە بنوێنن. دەبێ ئەوەش بزانین ئەمە نە یەکەم جارە لەم جۆرە نوێنەرانە بگەڕێن بە وڵاتاندا و نە یەکەم داوەتگەری کوردە نوێنەری ئیسرائیل بن لەناو لاوان و نەوجەوانانی ئەوروپادا. بە لای کەمەوە دەرزەنێک گرووپی لەم بابەتە لە ئیسرائیلدا بەرچاو دەکەون.

(نعوز زیون)(کاستەل)ی نزیک قودس یەکێکی دیکەیە لەو کۆمۆنانەی بەزۆری کوردە جوولەکەکانی تێدا دەژین. زۆرجار لە ڕۆژانی پشوداندا هەڵپەڕکێی کوردی لە یانەی کۆمەڵەی کورداندا دادەبەستن، دەهوەت و شایی و زەماوەند و گەلێک جۆرە سەیرانی خۆشی لێ دەکرێ. لە ساڵی ١٩٧٤دا هەر لەم کۆمۆنە تیپێکی هەڵپەڕکێی ڕەسمییان دامەزراند کە سەر بە شارەوانیی ناوچەکە و بەڕێوەبەرەکەیشی کوردێکی جوولەکە بوو ناوی (ناثانێل گابای) بوو و ساڵانی پاشتر ئەم تیپە بانگهێشتن کرا بۆ ئاڵمان و هۆڵاند و لە پاداشتی لێهاتوویی و ڕێکوپێکی و خۆنواندنی جوانیاندا لە لایەن ئەو وڵاتانەوە خەڵات کران.

سەرهەڵدانی ئەم گرووپی هەڵپەڕکێی کوردییانە و سەردانی کوردە جوولەکەکان بۆ کوردستان بۆمان دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک کوردە جوولەکەکان پابەندی ئەو زێدەن کە لێیەوە هاتوون و چۆن هەر شتێک پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، گەرموگوڕ هەستیان دەبزوێنێ و دڵیان دەجۆشێنێ و چۆن هەتا ئێستاش هەر بیر لە کوردستان دەکەنەوە.

سەرەڕای دوو کۆمۆنی ( کاتامۆنیم و کاستێل)، لە چەندێکی دیکە لە کۆمۆنەکانی ئەو ناوچەیە گیانی کوردایەتی بەهێز و ئاشکرایە، هەر لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانیان لە کوردە جوولەکەکانن.

جوولەکەکانی کوردستان لە ناو خۆیاندا زمانی ئارامیی نوێیان بە کار دەهێنا لە کوردستان. ئێستاش لە کۆڵان و ڕێوبانەکانی ئەم کۆمۆنانەدا ئەم زمانە وا دەبیسترێ هەر دەڵێی هێشتا هەر لە کوردستانن. ئەگەر بیانییەک ڕێی بکەوێتە (کاتامۆنیم)، هەر سەری سوڕدەمێنێ کاتێ پیرەپیاوی کوردی بەرچاو دەکەوێ بە بەرگی کوردیی دێرینەوە و جامانە لەسەر بە زمانی ئارامیی نوێ دەدوێن. ئاشکرا و ڕوونە، نە تەنیا ئەوانەی لەکوردستانەوە هاتوون ئەم هەستەیان بەرانبەر بە داب و نەریتی کوردانەوە هەیە، بەڵکە منداڵەکانیان و نەوەکانیشیان زۆر بە چاکی لە ڕیشەی کوردبوونی خۆیان ئاگادارن و شانازیی پێوە دەکەن. کەواتە سەیر نییە کە ئەم لاوانە وا بە گەرمی بەشداریی تیپی هەڵپەڕکێی کوردی دەبن و وا توند دەستیان بە بۆنە کوردییە ڕەسەنەکانەوە گرتووە، وەک شایی و سەیرانی بەهارەی (سەهرانە).

نەوجەوانانی کوردی ئیسرائیل زۆر بە گەرمی بەرەو پیری ئەم بۆنەیەوە دەچن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەشداری کردن، بە هەڵپەچکێی جۆراوجۆر و بە بەرگی کوردیی ڕەنگین و شۆخەوە. هێز و گوڕی یەکێ لەم تیپی هەڵپەڕکێی لاوانە ڕێزدار گورجی زاکینە، کە بەڕێوەبەری تیپەکەیە. پیاوێکی پڕ جۆش و خرۆش و گەلەک دڵسۆزی دابو نەریتی کوردانە. گورجی کە پەنجا ساڵانە و گۆرانیبێژێکی بەناوبانگە و بۆ زۆربەی زەماوەند و شایی و کۆڤەند گاز دەکرێ و کاسێتێکی گۆرانیی تۆمارکراوی بە دەنگی خۆی هەیە، بەڵام ئێستا نالەباریی تەندروستیی ڕێی نادا چیی دی سترانان بێژێ. گورجی بە ڕەسەن زاخۆییە، کاتێ گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل تەمەنی چواردە ساڵ بوو، ئێستاش گەلێ شتی لەبیر ماوە و سەرچاوەیەکی چاک بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و مێژووی دەماودەم گێڕدراوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئەم نووسراوە. وا پێ دەچێ یەکێک لەو هۆکارانەی وای لە گورجی کردبێت هێندە پابەندی فەرهەنگی کوردی بێت، خۆشیی ساڵانی منداڵی و نەوجەوانیی ژیانی لە کوردستان بێت، ئەو خۆشییەی وا لە ناکاو لێی زەوت کراس بە هۆی ڕاگواستنەوەی لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل و دابڕانی لە زێد و ئاووهەوای فەرهەنگی

کوردی. یەکێک لە لێهاتوویی‌یەکانی ئەمن بەڕێزە ئەوەیە، بیرێکی تیژ و ڕوونی هەیە، هەموو شتێکی لەرمەڕ ئەوسای کوردستانی لە بیرە، بوو بە مووی ڕۆژانی ژیانی منداڵی و نەوجەوانیی لە کوردستان دێتەوە یاد و بە ڕەوانی دەیگێڕێتەوە، سەرهات و سەرگۆڕی ئەوسای هەموو لە مێشکدا حەشار داوە. زمانی ئارامیی نوێ و کوردی، دیالێکتی کرماسنجیی ژووروو، کە دیالێکتی خەڵکی ناوچەی زاخۆ و دەوروبەرێتی، لە بیر ماوە و پێیان دەپەیڤێ.

ئەگەر پیاو بیەوێ بزانێ چۆن فەرهەنگی کوردی لە ئیسرائیل زیندوو و لە گەشەکردندایە دەبێ ئەم چوار خاڵانەی خوارەوەی لە پێش چاو بێ:

١- هەتا ئێستاش کوردەکان پێکەوە دەژین و هاوسێ و هاوماڵی یەکدین لەو کۆمۆنە کیشاوەرزیانەدا کە بۆیان تەرخان کراوە و زۆربەی دانیشتووانی ئەو کۆمۆنانە پێک دێنن. ئەم هاوچەشنییەی کۆمەڵگاکانیان ڕێی بۆ خۆش کردوون بتوانن بە چاکی دەست بە داب و نەریتی تایبەتی خۆیانەوە بگرن. ئەڤ بهەڤرابوون و پڕ تێکەڵ بوونە، خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینیی خۆی هەیە. یەکێ لە شیرینییەکانی ئەوەیە لە پێشهاتە خۆشەکانیاندا وەک زەماوەند و شایی... هاوسێ و هاوماڵ دەوروبەری ماڵە خاوەن شایی، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن هەموو جۆرە هاوکارییەک پێشکەش بکەن، هەر لە کەلوپەلی پێویستەوە بگرە هەتا هەڵسووڕان و گەرمکردنی شایی و بەڕێبردنی ماڵ و میوان. یەکێکی دیکە لە شیرینییەکانی ئەم هاوماڵییە ئەوەیە، لە ڕۆژانی تاڵ و لێقەوماندا وەک کۆستکەوتن یان مردنی کەسێک، هەموو بە جارێک دێن بە دەنگ لێقەوماوەکەوە و هاوکاری و دڵدانەوە و هاودەنگیی دەرودراوسێکان دەبێتە دڵگەرمی و خۆڕاگرتن بۆ خێزانە لێقەوماوەکە، ئەمەش لەخۆیدا کارێکی زۆر بەنرخ و بەجێ و پەسەندە. بەڵام لە سەرێکی دیکەوە پێکەوە بوونی تێکچڕانەی ئەم خێزانە کوردانە تاڵی و ترشیشی لێ دەوەشێتەوە و دەبێتە مایەی ناکۆکی و ناتەبایی لەم کۆمۆنانەدا .

٢- زمانی ماڵەوەی زۆربەی کوردە جوولەکەکان لێرە، زمانی ئارامیی نوێیە، هەر ئەو زمانەیە کە لە کاتی خۆیدا لە کوردستان زمانی هاوبەشی جوولەکەکان و کریستیانەکان بووە و لە مێژەوە و پشتاوپشت هەر ئەو زمانەیان لە ناو خۆیاندا بە کار هێناوە.

٣- لە ناو ماڵی ئەم خێزانانەدا ئاواز و مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی (وەک عەرەبی، گریکی و ئاوازەکانی دەوروبەری زەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە گۆرانیی عیبری لەم ئاوازانە پێک دێت) بەزۆری باوە، نەک ئاواز و مۆسیقای ڕۆژئاوایی (ئەوروپایی و ئەمریکایی و ئیسرائیلیی باو). لە هەریەکێک لەم ماڵە کوردانەدا بە دەیان کاسێتی ئاواز و گۆرانیی کوردی دەبینرێ و لە سترانبێژە هەرە خۆشەویستەکانیان، سترانبێژی کوردی موسوڵمان (حەمۆ) محەمەد عارف جەزراوی و (حەسۆ) حەسەن جەزراوی و عیسا بەرواریین.

٤- هەڵپەڕکێی کوردی لەگەڵ ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنای کوردیدا ، بەشێکی نەپساوە و مەرجێکی سەرەکیی هەر زەماوەند و شایی و ڕووداوێکی خۆشی ئەم کوردانەیە. ئیتر خۆشی مانای دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێی کوردییە و دەهۆڵ و زوڕنا مانای خۆشییە لەناو ئەم کۆمەڵە کوردانەدا. لە هەندێک لە کۆمۆنەکانیاندا، ژمارەی ئەم خێزانە کوردانە ئەوەندە زۆرە، ئەوەندە تێکچڕ.ژاون، وا ڕێک دەکەوێ زرمەی دەهۆڵ و زیرەی زوڕنا لە بڕانەوە نەیەت. هەندێ جار دەنگی دەستەی دەهۆڵ و زوڕنای جیاوازی هاوسێکان تێکەڵ بە یۆەک دەبن و میوانە کوردەکانیان سەرپشک دەبن بۆ کامە شاییکامە ماڵیان پێشتر بچن.

## سەرەتایەکی نوێ لە ئیسرائیل

نزیکەی بەشی زۆری جوولەکەی دانیشتووی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٥١دا کۆچیان کرد. دوو شەپۆلی گەورەی کۆچ کردن لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل ڕووی داوە، یەکێکیان لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکاندا بووە، دووەمیشیان ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٥١ دا بوو، کاتێ ڕژێمی عیراق بە ڕەسمی ڕێگەی کۆچکردنی جوولەکەرکانی دا بۆ ئیسرائیل. لە سەرەتادا ئەوەانەی بیانویستایە کۆچ بکەن دەبوو دەستبەرداری هاووڵاتییە عیراقییەکەیان ببن بۆ ئەوەی عیراق ڕێگای گەڕانەوەیان بدات. ڕژێمی عیراق جاڕی دا: ئەو جوولەکانەی عیراق بە جێ دەهێڵن بۆیان نییە هیچڵ شتێکی خۆیان ، لە ماڵ و موڵک و سامانی سەر دنیا لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئیسرتائیل ببەن .

لە لایەکی کەوە و هاوکات لەگەڵ ئەم بار و دۆخەی شیراق، کوردە جووڵەکەکانی ژێر دەستەڵاتی تورکیا و ئێران ئەگەر بیانویستایە بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل ئەوەندە

سەختگیرییان لەگەڵ نەدەکرا لەلایەن ئەو دوو ڕژێمەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کۆچکردنی ئەوان هێدی و ژمارەیان کەم بوو. ئەمڕۆ تێکڕای سەدهەزار جوولەکەی لە ڕیشەدا کورد کە لە ئیسرائیل دەژین.

لە سەرەتای پەنجاکاندا لە دەوربەری سێ ساڵی یەکەمی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، پتر لە ٧٥٠,٠٠٠ جوولەکەی گەڕاوە لە وڵاتانی جۆراوجۆر و بە ژمارە زۆر گەیشتنە ئیسرائیل و مۆزاییکێکیان لە فەرهەنگی جیا جیا پێک هێنا. بە تۆپەڵ گەڕانەوەی جوولەکەی وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتە موسوڵمانەکان بۆ ئیسرائیل بووە هۆی دوو بەرابەربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکان لە ماوەیەکی کورتدا. دژواریی جیاوازیی نێوان ئەم هەموو فەرهەنگە جۆراوجۆرەی ئەم خەڵکانە بووە هۆی لێکهەڵبەزینەوە و پێکدادان لە نێوان ڕەسەن و ڕیشە و ڕەچەڵەکی جیاجیا و ناوخۆدا. زاراوەی (جوولەکەی ڕۆژهەڵاتی ) بە واتای (دەخیل و بیانی) لەلایەن ئەو جوولەکانەوە بە کاردەهێنرا کە لە ئەوروپاوە هاتبوون و لە ئیسرائیل جێگیر ببووبوون ، بۆ ناونانی ئەو جوولەکانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئیسرائیل.

ئەگەر بمانەوێ بارودۆخی هاتنی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل و چۆنیەتیی تێکەڵاوبوونیان لە گەڵ کۆمەڵی تازەیاندا و ئەوەی کە پێی دەڵێن (هەڵمژین و تواندنەوە لە کۆمەڵی تازەپێکهاتوودا) شی بکەینەوە، دەبێ زۆر بە وردی لە ناوەڕۆکی ئەم دیاردە فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتییە بکۆڵینەوە. بەگشتی وا پێشبینی دەکرا ئەم جوولەکە تازەهاتووانە لەگەڵ کۆمەڵی تازەیاندا یەک بگرن و بتوێنەوە لە ناویدا و لە فەرهەنگی پێشوویان داشۆرێن و باوەش بکەن بە فەرهەنگی نوێدا، ئەو فەرهەنگە نوێیەی (ئیسرائیلی-ڕۆژئاوایی) دەنوێنێ.

مانا و نیاز لە وشەی "بۆتەی تواندنەوە" لە ئیسرائیلدا ئەوە بوو ئەو جوولەکانەی لە وڵاتە موسڵمانەکانەوە هاتوون، لە ڕێی پرۆسەی تواندنەوە و یەکگرتنەوە لە ناو کۆمەڵی تازەیاندا، پێناسەی فەرهەنگی کۆمەڵی پێشوویان بپووکێتەوە و لە کۆڵیان ببێتەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆر لەو جوولەکە ڕۆژهەڵاتییانە هەست بە شەرمەزاری بکەن یان خۆیان پێ کەم بێتە بەر چاو هەر لەبەر ئەوەی (ڕۆژهەڵاتین) یان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون کاتێ خۆیان بەراورد دەکرد لەگەڵ ئەو جوولەکانەی لە ئەوروپاوە هاتبوون و بە (ڕۆژئاوایی) ناو دەبران. ئەم دوو گرووپە (ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی) چاکتر بە (سیفارادیم) و (ئەشکەنازیم) دەناسران.

بە هۆی ئەم بارودۆخەی دەوڵەتی تازە و گەشەکردووی ئیسرائیلەوە، جوولەکە تازە هاتووەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە کەوتنە ژێر بارێکی نالەبار و ناڕەوا... لەلایەکەوە دەبوو شانازی کردن بە فەرهەنگی خۆجێی خۆیان لە دەست بدەن و لە لایەکی دیکەوە دەکەوتنە پلەی هەرە خوارووی پەیژەی کۆمەڵایەتییەوە. هەستکردن بە بەشخوراوی و ناڕەوایی کۆمەڵایەتی و بەزۆر ئاخنینە ناو چوارچێوەی پێشبڕیار و بەسەرداسەپێنراو بووە بەشی ئەم جوولەکە ڕۆژهەڵاتییە تازەهاتووانە. ئەو ڕاستییەش کەوا ئەمانە لە وڵاتێکی دواکەوتوو وکۆمەڵانێکی سەر بە داب و نەریتی کۆنەوە هاتوون و بێبەشن لە شارەزایی و لێهاتوویی لە کاری مۆدێرن و بێبەهرەن لە خوێندنی پلەی بەرز و زانستی نوێی وا (کە پێویستە بۆ هەرکەسێک بیەوێ جێی خۆی بکاتەوە لە کۆمەڵ و دەوڵەتێکی مۆدێرن و تازەدامەزراودا )، ئەم ڕاستییانە بوونە سەربار و هۆکار بۆ تێڕوانینی باوی ئەو سەردەمە لە ئیسرائیل و پەرەیان دەدا بە فەرق وجودایی کردن و پێشێل کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەو جوولەکە تازەهاتووانە و کوردە جوولەکەکانیش بەشێک بوون لەمان.

جوولەکە تازەهاتووەکان بە پێی ئەو وڵاتانەی لێی لە دایک بوو بوون مۆر دەکران. هەر بۆ نموونە.... مەغریبییەکان بە توندخوو و دڕ و تەمبەڵ دادەنران، کوردەکان بە گێل و نەزان.... و کردبوونیان بە مایەی گاڵتە و پێکەنینی نێوان ڕەگەزەکان. ڕستەی (انا کردی) کە واتای (من کوردم ) دەگەیەنێ کرابوو بە نیشانە بۆ کوردەکان و ئەم واتەیە وای دەگەیاند کە کوردەکان دڵ و زمانیان یەکە و کاتێ دەئاخڤن بیر لە پەیڤەکانیان نا کەنەوە و ئەمەش ساویلکەیی ونەزانییان دەردەخات و وشەی (کورد) لە ئیسرائیل مانایەکی خراپ دەگەیەنێ.

ئەم جۆرە پێشتر هەڵسەنگاندنەی مرۆڤ و نرخ بۆدانانە هەڕەمەکییەی هەر لەبەر ئەوەی لە قەوارەی ئەمڕۆبادا شوێنی نابێتەوە، لە ئیسرائیلی پەنجاکان و شەستەکاندا زاڵ بوو بوو بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری خەڵکدا. ئێستاش زۆری وا هەن هەمان شێوەی بیرکردنەوە ڕێنوێنییان دەکات. بۆ نموونە خانمێکی کارزان و لێهاتووی لاو بۆی گێڕامەوە : جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ دامەزراندنی لە سەر کارێکی نوێ، پرسیارێکی لێ دەکەن و ئەویش بەرسڤی پرسیارەکە

نازانێ و لەباتی ئەوە لە وەڵامدا زۆر بە سادەیی دەڵێ (انا کردی)! هەر بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی تێ بگەیەنێ کە هیچ حاڵی نابێ. ئەم خانمە ئەو برگەی (انا کردی) یەی لە دیدێکی ڕەگەزپەرستانەوە بە کارنەهێنابوو، بەڵکە بێ ئەوەی بەخۆیبزانێ و لە ژێر کارتێکردنی ئاووهەوای فەرهەنگی دەوروبەرەکەدا بوو... کە کۆمەڵی ئیسرائیلی ئەمڕۆیە.

لە کۆبونەوەیەکی وەزیرانی ئیسرائیلدا، ساڵی ١٩٧٣ لە ئیسحاق ڕابینی سەرەکوەزیرانی ئەوسای ئیسرائیلیان پرسی: ئایا ئیسرائل خۆشی دێ لەوەی کوردەکان تینیان بۆ عیراق هێناوە و داخۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی ناوەتە ڕێی کوردەکان؟ وەڵامەکەی (من نازانم) بوو. دۆکتۆر (یووسف بۆرگ)ی شالیار دەمودەست هەڵیدایە و بە تەوسەوە وتی (ئەنا کوردی) واتە وەڵامەکەی ئیسحاق ڕابین نەزانی و گەوجی دەگەیەنێ.

هەتائێستاش خەڵکی ئەم ڕستەیە بە کاردێن لەبەر ئەوەی خوویان پێوە گرتووە. بەڵام تێڕوانینیان بۆ کورد گۆڕیوە پاش ئەوەی کوردەکانی ئیسرائیل توانیویانە چاتر خۆیان نیشان بدەن و باری دارایی‌یان لە برەودایە و ڕەنجدەری چاکیشن.

هەرچەندە باری فەرهەنگی ئەمڕۆ چاکترە لەوەی ساڵانی پەنجاکان، هێشتا پێشێلکردنی فەرهەنگ لە ئیسرائیل دەنگ دەداتەوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکان بە دواوە باری فەرهەنگی کۆمەڵانی جۆراوجۆر و جیاواز بەرەو باشتر چووە و لە ئەنجامی پێگەیشتنی ڕامیاریدا گەلێ دەنگی نارەزایی بەرز بوونەوە دژی چەوسانەوەی فەرهەنگی.

قوت بوونەوەی ئەم باسە بووە هۆی ئەوەی هەر کۆمەڵە و مافە فەرهەنگییە زەوتکراوەکانی خۆی وەرگرێتەوە و ئەو ڕایەش کە دەیگوت گوایە فەرهەنگی ڕۆژئاوا چاترە بۆ ئیسرائیل، ئەوەندەی جاران ڕەواجی نەمێنێ و فەرهەنگی جۆراوجۆر ڕێزی لێ بگیرێ و دانیشتووان هان بدرێن تایبەتمەندیی فەرهەنگیی خۆیان دەرخەن و شانازیی پێوە بکەن.

## گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی

کوردە جوولەکەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ فەلەستین و زیاتر ڕوویان لە قودس کرد و کۆمەڵێکی بەرچاویان لەوێ پێک هێنا. لە ساڵی ١٩٣٠ دا ژمارەی کوردەکان لە قودس گەیشتبووە (٤،٣٦٩) کەس لە ناو (٨٠،٨٥٠) کەس جوولەکەی دانیشتووی قودسدا. بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٢ (٣٠،٠٠٠) کورد لە پایتەختدا دەژیان و بە تەخمینی من لە ساڵی ١٩٨٩ دا چل تا پەنجا هەزار کورد لە قودس دا دەژیان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش لە گەلێک بواری هێزی کارگەریدا خۆیان نواند، گەلێک لەو کوردە کارلێهاتووانە لە کانەبەردەکاندا کاریان دەکرد تا نانی ڕۆژانەی خۆیان دەست کەوێ، یان وەستایی و کرێکاری خانووبەرەیان دەکرد، یاخود کارگەری ڕێوبان سازکردن بوون. گەلێکیش لەوەودوا دوکانداریيان کردە پیشە بۆ خۆیان و لە بازاڕی گەورەی قودس سەوزە فرۆشی و میوەفرۆشییان کردە پیشە. جا بزانە بۆ زمانی ئارامیی نوێ زۆر دەبیەی لە ناو دووکاندارەکاندا، لەبەینی خۆیاندا پێی دەدوێن یان سەواو مامەڵەی پێ دەکەن لەگەڵ کڕیارە کوردەکانیاندا؟... یان ئەوەیە ناسیاوی یەکترن و لایان خۆشە بە زمانی خۆیان بدوێن، یان بۆ هەندێیە باشتر بسازێن لە سەر نرخی کڕین و فرۆشتن.

حەمباڵیش بازاڕێکی دیکەی کارە کە کوردەکان هەر لەکۆنەوە دەستیان بە سەردا گرتووە و دەبینین ئەمڕۆکە کوردەکانن کاروباری کۆمپانیاکانی بارگواستنەوەیان لە دەستدایە و شەقامی هاراتزەلەت - ی قودسی خوارووکە بنکەی گواستنەوەی کاڵایە، بە کوردی زەلام و بەهێز بەناوبانگە.

منداڵانی وەستای خانووبەرە کوردەکان بە ڕێچکەکەی باوکیاندا ڕۆیشتوون و بوون بە قۆنتەراتچی و بەڕێوەبەری کۆمپانیا گەورەکانی خانووبەرە سازکردن. بە لای کەمەوە دەرزەنێک کوردی قۆنتەراتچیی وا هەن هەتا خەیاڵ بکەی زەنگینن. هەردوو سەرۆکی یەکیەتیی قۆنتەراتچییەکانی ئیسرائیل لەم ساڵانەی دواییدا کورد بوون، هەندێک لەم قۆنتەراتچییە دەوڵەمەندانە لە پرۆژەی زەبەلاح زەبەلاحدا بەشدارن لە ئافریقا و ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. پتر لە دەرزەنێک خێزانی کورد لە دانیشتووانی قودس خۆیان بە پیشەسازیی ئوتێلەوە خەریک کردوە و ئوتێلیان هەیە لە ئیلات، تێریۆس و نیتانیا.

هەندێک لە جوولەکەکان کاتێک لە کوردستان بوون شارەزا بوون لەگەلێک جۆرە کاری وەک شوانی و

جووتیاری و باخەوانی و شتی وادا... دیارە لە گوندان دەژیان و جوتیارییان دەکرد، مێوداریان دەکرد، ڕەزڤان بوون و باخەوانی باخی میوە، بێستانەوان، تووتنەوان بوون، جووتیاری دانەوێڵە وگەنم و جۆ بوون و بە بەریشیەوە گاوگۆلیان هەبوو و مەڕداریشیان دەکرد، لە شوانیش شارەزا بوون. جوولەکەکانی زاخۆ و هەندێ ناوچەی تر و شارۆچکەکانیش بازرگانییان دەکرد. گەلێکی دیش کەڵەکەوان یان قەتارچی بوون.

کاتێک ئەمانە هاتنە ئیسرائیل ژیانی لادێیان هەڵبژارد و ڕوویان کردە کشتوکاڵ لەو کۆمۆنانەی تێیدا دەژیان. لە هەندێ شوێن زۆربەی کۆمۆنە کشتوکاڵییەکە کوردن و هەر وەک لەمەوبەر باسمان کرد کوردەکان لایان خۆشە پێکەوە بژین. ئەم جۆرە کۆمۆنانە کەوتوونەتە ناوچە شاخاوییەکانی قودس و بە دەوروبەری حەیفادا لەلای ژوورو و لە ناوچەی دۆڵی ئوردن و لە نەقەب لە خوارووی وڵات. کۆمەڵێکی زۆریش لە جوولەکە شارییەکان بە بازرگانیی جۆراوجۆر و بە دوکاندارییەوە خەریکن و هەندێ کاروباری دیکەش وەک بەرگدرووی و پێڵاوسازی و شتی وا دەکەن .

دیارە هەر وەک گەلێک لە کۆمەڵانی جوولەکەی کۆچکردووی دیکەی ئیسرائیل، نەوەی دووەمی کوردەکان دەقی یاسای باویان شکاندووە و لە دووی شۆپی باو و باپیرانیان نەچوون لە هەڵبژاردنی پیشە و کاردا و ڕوویان لە خوێندن و فێربوونی نوێ کردووە لە زانستگاکان و ئەنستیتووتەکانی فێربوونی باڵادا. هەندێک لەم خوێندکارە تازە پێگەییوانە پلەی بەرز بەرزیان گرتووە لە دەسگاکانی دەوڵەت و وەزارەتەکاندا و هەندێکی دیکەیان ئەفسەری پایە بەرزن لە پۆلیس و سوپای ئیسرائیلدا . بۆ نموونە، ئێستا مێجەرجەنەراڵێکی کورد بە ناوی ئیسحاق مۆردیخای سەرۆکی سەرکردایەتیی ناوەندی سوپای ئیسرائیلە.

## وەرچەرخانێکی ئابووری

گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل، لە زۆر ڕووەوە سەرەتایەکی نوێی بۆ دامەزراندن و لە باری ئابوورییەوە بەرەوپێشچوونێکی سەرکەوتوو بوو بۆیان، هەروەک لەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - ئابوورییانەی لە ژیانی کۆمۆنەکانیاندا دەردەکەوێ.

ئەوسا، لە کوردستان، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە جوولەکەکان زەنگین بوون، بەڵام لە ئیسرائیل بەخت بۆ هەمووان بەباشی گەڕا . گەلێک لەو کوردە جوولەکە هەژارانە بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا هەلیان بۆ ڕەخسا کەلێهاتوویی و توانستی خۆیان بخەنە کار و سودی لێ وەرگرن و دەست پێکردنێکی نوێ بوو بۆ هەندێکیان و ئاسۆیەکی نوێیان لێ دەرکەوت و هەر وەک لە نوێوە لە دایک بووبن وا بوو.

نرخ لێنانی چینایەتیی ئاینی کە لە سەر پلە و پایەی ئابووری و دارایی بنیات نرابوو، ئەم نرخ لێنانە بەزەبری بارودۆخ و چۆنایەتیی پێکهاتنی ژیانی نوێیان کە لە ئیسرائیل وەدەستیان هێنابوو بە جارێ دارما. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زوربەی زۆری جوولەکەکان لە کوردستان زۆر بە زەحمەت ئەو هەلەیان بۆ هەڵدەکەوت تا بتوانن بارودۆخی جۆری ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ئاڵوگۆڕکەن و بەکەیفی خۆیان بنیاتی بنێنەوە. لە کوردستان ئەو کەسەی لە ماڵێکی هەژاردا لە دایک ببوایە، زۆر زەحمەت بوو خۆی لە هەژاری ڕزگار بکات. لەوانە بوو بشێ باری ئابووریی خۆی کەمێ بگۆڕێ لە گوێرەی باری باوکی یان خێزانە هەژارەکەی، بەڵام هیچ کاتێ نەیدەتوانی زەنگین ببێت و هەمیشە ڕێگای سەرچاوەکانی ژیانی چاتری لێ گیرا بوو و بە هەناسەبڕکێ بە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا دەگەیشت. لە سەرێکی دیکەوە خێزانە زەنگینەکان پشتاوپشت بە زەنگینی دەمانەوە و پلەی دارایی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بۆ دەپارێزرا، مەگەر کارەساتێکی ئابووریی گەورە ئەم تەرازووەی تێک دابایە و ئەم بارەی بشێواندایە، دەنا هەر بەردەوام دەبوو.

لە هەلومەرجی تایبەتی ئابووریی کوردستانی ئەوسادا، تەنیا دەوڵەمەند دەیتوانی دەوڵەمەندتر بێت. تەنیا ئەوانەی هەبوو و دارا و پوولدار بوون دەیانتوانی دارایی‌ی خۆیان چاک بپارێزن و بگرە زەنگینتریش بن. هەر بۆ نموونە، بە حەشاردانی باروبارخانە هەتا نرخی کاڵا لە بازاڕدا بەرز ببێتەوە و ئەوسا بە قیمەتی بەرز و پوولی زۆر بیفرۆشن. بەم شێوەیە لە کوردستان دەسکەوتی ئابووری و قازانج لە چنگی چەند بنەماڵەیەکدا سووڕی دەخوارد و دەمایەوە.

ئیتر ڕایەڵی ئەم تەونە داوێکی ماڵی دنیا و سەروەت بوو داوەکەی دیکەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێش چوون بوو. هەر لەسەر ئەم پێیەش دواڕۆژی نەوەی نوێی دادەچنی و بەرەو پێش دەچوو. خێزانی زەنگین و خاوەن

دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ناونیشان و جێوڕێ، ڕێخۆشکەر بوو بۆ مسۆگەرکردنی دارایی و پلەی کۆمەڵایەتیی نەوەی نوێ.

ئەمە لە کوردستان ئاوهابوو، بەڵام لە ئیسرائیل هەموو کوردەکان چ فەقیر و چ دەوڵەمەند دەبوو لە سەرەتاوە دەست پێ بکەن و لە نووکەوە تێهەڵچنەوە، چونکە لە ڕاستیدا هەبوو و نەبوویان لە عیراق لێ زەوت کرابوو.

خۆش ئەوەیە، زۆربەی ئەو بنەماڵانەی لە کوردستان زەنگین بوون، ئێستا لە ئیسرائیل زەنگین نین و ئەوانەی ئەوسا هەژاربوون ئێستا داران و گەلێکیش لەوانەی زۆر نەدارابوون لە کوردستان ئێستا زۆر دەوڵەمەندن و لە پوول پەیداکردندا سەرکەوتوون. لە ڕاستیدا کامەی زۆر نەبوو و نەدار و لات بوو توانی لە ماوەی پانزە بیست ساڵێکدا پاش گەڕانەوەی بۆ ئیسرائیل خۆی زەنگین بکات.

یەکێک لەوانەی ئەم هەواڵانەی بۆ ئەگێڕامەوە کە خۆی یەکێک بووە لە هەرە زەنگینەکان لە کوردستان، وتی : تەماشای ماڵی فلانە کەس (ناوی ماڵەکە دەبا) بکە، لە زاخۆ نانی شەویان نەبوو، لێرە بوونەتە ملیۆنێر... یاخود: چاو... چاو ... ئەم کابرایە لە دهۆک زۆر نەبوو بوو، لێرە وا دەوڵەمەند بووە کە لە ڕێوبان تووشم دەبێ دەپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە نەوەک چاوی بە چاوم کەوێ.

وردبوونەوە لە باری بازرگانە جوولەکەکانی زاخۆ بە جوانی ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. نزیکەی نیوەی ئەو سێسەد ٣٠٠ خێزانەی لە ناوەڕاستی چلەکاندا لە زاخۆ دەژیان، گوزەرانی ژیانیان لە ڕێی بازرگانیی جۆراوجۆرەوە بوو. بازرگانە جوولەکەکانی کوردستان بە گشتی سێ دەستە بوون :

١- بازرگانی گشتفرۆش: پێیان دەگوتن (تیجار) ئەمانە دووکان و عەماری گەورە و فراوانیان هەبو لە خانە کاندا یان لە بازاڕی جوولەکەکان (شووقەت هوزایە). کاریان کڕین و فرۆشتنی هەموو بابەتە کاڵایەکی بازرگانی، بە ژمارەی زۆر و بەسەر یەکەوە بوو.

٢- بازرگانە مامناوەندییەکان: ئەمانە دووکانداری هەمەچەشنە بوون و (دکاندار)یان پێ دەگوتن و بازرگانیی ئەمانە گچکەتر بوون لە هی دەستەی یەکەم.

٣- بازرگانە گچکەکان یان بازرگانی دەسگێڕ: کەبە (بەزاز یان خەزاری )دەناسران. ئەم دەستەیە بە باری گوێدرێژ و هێستر شتومەک و کەلەپەل و وردەکاڵایان دەگێڕا بە گوندەکانی دەووروبەردا و کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ گوندییەکاندا دەکرد. ئەم بازرگانە چکۆلانە ڕۆژی یەکشەممە لە ماڵ دەردەچوون و هەفتەیەک یان دووان لەوەودوا دەگەڕانەوە ماڵێ. سەرباری ئەرکی سەختیی هاتوچۆ و دژواریی ڕێگاوبانی ناو گەلی و سەر چیاکانی کوردستان، تووشی دز و جەردە و ڕێگریش دەبوون. ساڵانە ژمارەیەک لەم بازرگانە دەسگێڕانە ڕووت دەکرانەوە و هەندێکیشیان گیانیان لەو ڕێگاوبانانەدا، پاش ڕووتکردنەوە، لە دەست دەدا.

وشەی ڕووتکردنەوە لە زمانی ئارامیی نوێدا لە ڕیشەی (ش.ل.خ)ـەوە هاتوە بە واتای جلوبەرگ لەبەر داکەندن. لەڕاستیشدا ئەو دز و ڕێگرانە تەنانەت جلوبەرگی بەری ئەم بەستەزمانانەیان لەبەر دادەکەندن و دەیانبرد بۆخۆیان. ئەم ڕووتکردنەوەیە ئەوەندە ترسناک بوو، ئێستاش یادی زیندووە لە بیرەوەری و مێشکی کوردە جوولەکەکاندا و هەر دەڵێی بیرەوەریی دوێنێ و پێرێیە.

بازرگانە گشتفرۆشەکان جۆرە هاوکاری و هاوبەشییەکیان لەگەڵ بازرگانە گچکەکان (دەسگێڕ) و مامناوەندی (دکاندار)ەکاندا دەکرد، لەم جۆرە هاوبەشییەدا تەنیا دەسمایە لەسەر بازرگانە گەورەکە بوو، مەترسیی ڕووتکردنەوە و ڕێگاوبان دەکەوتە سەر دووکاندارەکان و دەسگێڕەکان و هەر ئەمانیش بەرپرسی بازاڕ و مامەڵە و نرخدانان بوون.

بازرگانە گەورەکانی شارۆچکەکان (وەکیل) یان هەبوو لە شارە گەورەکان، دیارە ئەم وەکیلانە زۆر زەنگینتر و خاوەن دەسەڵاتتر بوون. بازرگانەکانی زاخۆ و دهۆک وەکیلیان لە مووسڵ هەبوو، لەبەر ئەوە پێویستیان بە ناوەندێک دەبوو لە سەرێکەوە کاڵا و کەلوپەل بگوێزێتەوە و لە سەرێکی دیشەوە هەواڵ و دەنگوباسی بازاڕ و کاڵا بێنێ و ببا، ئەم کارەش تەڕاح و قەتارچی و شۆفێرەکان جێبەجێیان دەکرد. وەکیلەکان تواناتر و لێهاتووتر بوون لە ڕووتکردنەوەی هەموو ئەوانی دیکە بەیەکەوە و لە هەمان کاتدا و بەشێنەیی... ئەویش بە کەڵەکەکردنی شتومەک لە عەمارە گەورەکانیان لە مووسڵ هەتا نرخی کاڵا تەواو بەرز دەبووەوە، ئەوسا بەکەیفی خۆیان نرخیان لەسەر دادەنا و لە ڕێی ناوەندەکانەوە ڕەوانەیان دەکردە شارۆچکەکانیان بۆ خزمەت بازرگانەکان. بەم جۆرە وەکیلەکان، بازرگانە گەورەکانیان دەڕووتانەوە و ئەمانیش دووکاندار و دەسگێڕەکانیان دەچەوسانەوە. بەم شێوەیە بازرگانی شارۆچکەکان و دەسگێڕەکان دەبوایە زۆر جیڕ بن و زۆر سەختی بکێشن تا پارووە

نانێکیان وه گیرکەوێ.

ئا ئەم ڕاهاتنە لە سەختیی ژیان و جیڕبوونەوە و ڕووبەڕووبون لەگەڵ هەموو جۆرە کوێرەوەرییەک وای لەو کوردە جوولەکانە کردبوو کە لە کوردستان کاسبی بێمایە بوون یان فرۆشیاری دەسگێڕ بوون، لە ئیسرائیل لە هیچ جۆرە خۆ لە تالووکە هاوێشتنێک سڵ نەکەنەوە بۆ وەدەسهاوردنی پاروە نانێک. ئەوانەش کە ژیانیان لە کوردستان لە بارتر بوو و تێروتەسەل بوون، فێرە تەمەڵی و تەوەزەلی بووبوون و لە ئیسرائیل بە شوێن کاری نەرم و ئاساندا دەگەڕان. ڕیشەی کۆمەڵایەتیی ئەوسایان و باری دەروونییان بوو بە کۆسپێکی گەورە لە ڕێی پێشکەوتنیاندا لە ئیسرائیل و بەئاسانی کاریان بۆ نەدەکرا، ئەوانێک لێرەش هەر خۆیان بە زەنگین و ڕێز لێ گیراو دەزانی لە کاتێکدا دەبوو زەحمەت بکێشن ولە ژێردەست و لە بن چاودێری کەسانێکی دیکەدا کار بکەن بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەی خۆیان دەست کەوێ و لەبەر ئەوەی ئەمەیان بە خۆیانەوە نەدیبوو، زۆریان بەلاوە سەخت بوو.

(دانی ڕۆبنشتاین) ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی قودسە، لە سەرەتای پەنجاکاندا خۆی تەرخان کردبوو زمانی عیبری فێری کوردستانییە تازەهاتووەکانی ئیسرائیل بکات لە بنکەی ( ناوەندی بۆتەی تواندنەوەی کاستێل)ی نزیک قودس. هەر لەوێ خەریکی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی چۆنیەتیی تووانەوەی کوردەکان لە ناو کۆمەڵی ئیسرائیلی تازەدا و ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بە سەریان هاتووە، هەر لەوساوە هەتا ئەمڕۆ. ئابەم شێوەیەی خوارەوە باسیان لێوە دەکات:

لە پەنجاکاندا، ئەو (بەنگەڵە) خانووە تەنەکانەی لە ناویدا دەژیان، هاوینان لەژێر گڕەی گەرمادا سووردەبووەوە و هەڵدەقرچا... و لە زستاندا لە سەرماندا دەبووە سەقەر و دەیبەست. ئەمڕۆش، هەندێ لە شەقامەکانی کاستێڵ زۆر لە شەقامەکانی گەڕەکی ساڤیۆنی تەلئەڤیف، کە ماقووڵترین ناوچەی ئیسرائیلە، بەشکۆترن.

ڕێبەری و سیاسەت : کۆمەڵەی کوردەکان

گۆڵدا مایری سەرەک شاڵیاری ئیسرائیل بۆ ئاهەنگی دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل (١٩٧٣) میوانی شەرەف بوو، لە پەیڤینەکەیدا بەم بۆنەیەوە پەنجەی بۆ ئەوە درێژکرد، کوردەکان بیستوپێنج ساڵان دوای دامەزراندنی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ دا ئەوسا توانییان بۆ یەکەم جار کۆمەڵەیەکی ڕەسمی بۆ خۆیان دامەزرێنن، وتی: دەبێ کوردەکان زۆر دواکەوتووبن لە بواری خۆڕێکخستندا.

کۆمەڵەی کوردان کە لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە لە جموجۆڵدابووە، لە ڕاستیدا سیاسەت هاندەری بووە. سەرۆکی کۆمەڵە ڕێزدار حەبیب شەمعوونی و دەستەیەکی بچووک لە کارگەرانی کۆمەڵەی دەوروبەری، سەر بە پارتی کارگەرانی ئیسرائیل بوون و زۆربەیان دڵیان بۆ سیاسەت لێی دەدا، لەبەر ئەوە سەیرنییە ئەگەر هەندێک لەم ئەندامانەی کۆمەڵەی کوردان بزاڤی خۆیان لە ناو کۆمەڵەدا بۆ خزمەتی بەرەوپێشچوونی خۆیان لە ناو پارتی کارگەری ئیسرائیلدا تەرخان کردبێ، لە کاتێکدا دەبوو کۆمەڵەی کوردان نوێنەری ڕەسەنی هەموو کوردەکانی ئیسرائیل بێت بەبێ جیاوازی. بەم شێوەیە کۆمەڵە بوو بووە ڕێکخراوێک بە دەست چەندێک لە ئەندامە کاراکانیەوە و ئەوانیش لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەولاوە هیچیان لە باردا نەبوو و بەرچاوێکی ڕامیاریی تەسکیان هەبوو.

هەموو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی لە سەر بنەمای کۆمەڵایەتی یان ڕەگەز بنیات نراون، لە بواری پۆلێتیکدا لە ئیسرائیل توانایەکی کاریگەریان هەیە. ڕێبەرانی پشکە گەورەکەی دانیشتووانی ئیسرائیل دەتوانن خواست و ئاواتی جەماوەری کۆمەڵەکەی خۆیان لە مەیدانی ڕامیاریدا بهێننە دی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجەش دەبێ ڕابەرانی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لە پەرلەمانی ئیسرائیلدا شوێنی خۆیان بکەنەوە و لە سەر کیسەی یەکێک لە پارتە سیاسییە گەورەکان دەست نیشان بکرێن. سوودی پارتە سیاسییەکانیش لەم دەستنیشان کردنە دیارە بە خۆوەنووساندنی زۆربەی زۆری دەنگی جەماوەری ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەیە لە ڕێی نوێنەرەکانیان و ڕێبەرەکانیانەوە. دیارە ناونیشان کردنی یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی کوردان بۆ ئەندامەتیی پەرلەمانی ئیسرائیل تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی دەنگی کوردەکانە بۆ ئەو پارتە سیاسییە. هەر بەم شێوەیە بوو ڕێزدار حەبیب شەمعوونیی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردان لە ساڵی ١٩٧٤دا کرا بە ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل لە کیسەی پارتی کارگەری ئیسرائیل و هەر ئەو جارە بوو، ئیتر لەوەودوا و هەتا

ئەمڕۆش هەر هەوڵ دەدات جارێکی کە بە ئەندامەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و پێی ناگات. هۆی ئەم شکستە سیاسی و بێبەری بوونەش بەم ئاوایەی خوارەوەیە:

زۆربەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی کورد لە دەوری فۆلکلۆر گڕ دەخوا، سەهرانە یاخود جەژنی بەهارە، گەورەترین بەرهەمی ساڵانەی کۆمەڵەیە، ئەمیش لە مانگی نۆ یان دەدا ڕێک دەخرێت و دەوری دە - بیستهەزار کەسێک کوردی لێ خڕ دەبێتەوە و خەڵکی دیکەش لە هەموو لایەکی وڵاتەوە ڕووی تێ دەکەن.

لەم بۆنەیەدا، لە یەکێک لە پارکە گەورەکان کۆدەبنەوە و چادر هەڵدەدەن و دەیکەن بە شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ. ئەمە دوو شەو و دوو ڕۆژ دەخایێنێ. گۆرانیی کوردی و ئاوازی کوردی لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە و کۆڕ و بازنەی هەڵپەڕکێی جۆراوجۆر و ڕەشبەڵەک خۆش دەکرێ، هەر لە بەیانیی زووەوە هەتا نیوەی شەو. خواردنی کوردیی نایاب و جۆراوجۆر لێ دەنرێ و پیاوان عەرەق و کۆنیاک دەخۆنەوە و هەموو بە خۆشی و شادی ڕادەبوێرن. ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئیسرائیل لەم جەژنە گەورەیە دەئاڵێن، بە تایبەتی ساڵانی هەڵبژاردنی گشتی، کاتێ کە ڕێبەرە گەورەکانی ئیسرائیل هەموو دەبنە گەورە میوان لەم سەیرانە و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی خاوەن دەنگی کاریگەر لە هەڵبژاردن دەپەیڤن و بە شان و باڵیاندا هەڵدەدەن و پەیمانی چاکەی چاکیان پێ دەدەن تا دەنگی دەنگدەران بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

سەهرانەی ساڵی ١٩٨٨ لە مانگی نۆدا کرا، دوو مانگ پێش هەڵبژاردنی گشتیی ئیسرائیل، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەموو ڕێبەرە ناودارەکانی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئیسرائیل بەشداری ئەم سەیرانە بوون. ساڵی دواتر هیچ کام لە سەرۆکی هەردوو پارتە گەورەکەی ئیسرائیل نەهات بۆ جەژنی کوردەکان. بەڕێز شەمعوونی، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردان بە تەما بوو خۆی بە هاونشینیی سەرەکوەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلەوە بادات لەم بۆنەیەدا و ناونیشانی بۆ خۆی پێ زیاد کات، لە نەهاتنی ئەو دوو زاتە زۆر دڵگیر و دڵسارد بووبوو، و لە ژمارەی دواتری Hitadashut (بڵاوکراوەی کۆمەڵەی‌کوردان)دا ناڕەزاییی خۆی وەدەرخست و نەهاتنی ئەو بەڕێزانەی بۆ سەهرانە بە کارێکی دڵشکێن و نائومێدی دانا و پێنج لاپەڕەشی تەرخان کردبوو بۆ ئەو نامانەی بەم بۆنەیەوە بۆ ڕێبەرانی ئیسرائیلی ناردبوو و وەڵامی ئەو نامانەی کە پێی گەیشتبوون.

کوردانێکی سەرمەستی سەهرانەی خۆیان بوون و خەریکی هەڵپەڕکێ و گۆرانی وتن بوون لەگەڵ دۆست و برادەرانی خۆیاندا، هۆشیان بەوەوە نەبوو کوا کێهە لێپرسراوی ڕامیاری هاتووە و کێهەیان نەهاتووە بۆ سەیران. بەڵام هەرچۆنیک بێت، ڕێزدار شەمعوونی دەیویست ئەم باسە بێنێتە بەر بەربانکی ڕامیاری، هەر بە هیوای ئەوەی خۆی دەرخات و سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشێ. لە ڕاستیشدا، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بە چاوێکی جیددی تەماشای ئەم زاتە ناکەن، هەرچەندە سەرۆکی کۆمەڵەی کوردانە و هەموو کات و لێهاتوویی و توانستی خۆی بۆ کۆمەڵەی کورد تەرخان کردووە و هەر خۆی یەکەم و تاکە سەرۆکی کۆمەڵە بووە لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا. ئەمەش ڕاستییەکە ئەوە دەردەخات کە زۆر پێشاندەری دێمۆکراسی نییە.

سیاسەتی ناوخۆی کۆمەڵە بۆتە هۆی هەندێ ناکۆکی لە ناو کۆمەڵی کورداندا. دەستەیەک لەو کوردانەی لە ئێرانەوە هاتبوون، ساڵی ١٩٨٥ لە کۆمەڵە جیا بوونەوە و ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی ئەو جوولەکە کوردانەی لە ئێرانەوە هاتوون. ئەمیش پرۆتێستێک بوو دژی بەڕێز شەمعوونی و هاوکاری و کۆمەک نەکردنی. ئەمانە جەژنی بەهاری خۆیان بە جودا دەکەن و ناویشیان ناوە (سەیران). ناکۆکیی ناوخۆی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵە بووە هۆی لێک دابڕان و سەهرانەی خستە مەترسییەوە.

گۆڤاری ( هیتاداشوت) لە ماوەی حەڤدە ساڵی ڕابوردوودا تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، هەرچەندە هەندێ بەشی بەنرخی مێژوو و فەرهەنگی جوولەکە کوردستانییەکانی بڵاوکردۆتەوە و هەندێ لە وتارەکانی لە بار و دۆخی هاوچەرخی کوردە موسڵمانەکان لە کوردستاندا دەدوێ. هەندێ لە وتارەکانی دیکەی هەر وا بە شان و باڵی بەڕێز شەمعوونیدا هەڵدەڵێ.

## پێوەندی لەگەڵ کوردە موسڵمانەکاندا پاش گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل

گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل کۆتاییی بە قۆناخێکی دوورودرێژی تێکەڵاوی و پێوەندییان لەگەڵ

کورده موسوڵمانەکاندا هاورد. لە بارەی شێوە و چۆنیەتیی ئەم پێوەندییە دوو ڕا و بۆچوونی دژ بەیەک لە مەیداندایە. گەلێ کەس لە ساردوسڕیی ئەم پێوەندییە دواوە و دەدوێ. گەلێکی دیکەش نموونەی بۆ گەرم و گوڕی و هاودڵیی ئەم پێوەندییە هاوردۆتەوە. هەرچۆنێک بێت باسی ئەم پێوەندییە زۆر لەوە ئاڵۆزکاوترە کە ئێمە بتوانین گرێکوێرەکانی بکەینەوە.

بە درێژاییی ئەم ساڵانەی پاش گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان، ئەم کوردە ئیسرائیلییانە لە دوورەوە دڵیان لەلای خەباتی دۆستە کوردە موسڵمانەکانیان لە پێناوی وڵاتێکی سەربەخۆدا بووە. بە دڵ و بە گیان گوێیان لە دەنگوباسی ڕادیۆکان بووە، چاویان لە تەلەڤیزیۆن کردووە بە سۆراخی هەواڵێکی ئەو دۆستانەیان و هەستیان بە ناکامی و بێدەستەڵاتی کردووە لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە هیچ هاوکارییەکی دۆستەکانیان بکەن.

حەبیب شەمعوونیی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردان، کاتێ ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل بوو، مەسەلەی کوێرەوەری و چەرمەسەریی کوردانی لە کوردستان هێنایە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانی ئیسرائیلەوە.

بەمانەدا دەردەکەوێ پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان کوردە جوولەکەکان و کوردە موسڵمانەکان پچڕابێ لەوەتی گەڕاونەتەوە بۆ ئیسرائیل و هەتا ئەم ساڵانەی دوایی، هەرچەندە دڵیان هەر لەلایان بووە و خواستوویانە دانوستاندنیان لە نێواندا هەبێ، هەروەک لە سەهرانەی ساڵی ١٩٨٨دا هەوڵیان دا سەرنجی جیهان ڕاکێشن بۆ ئەو شاڵاوە کیمیاییەی عیراق کردیە سەر کوردەکان بۆ لەناوبردنیان. ئەمانە و چەند نموونەیەکی دیکەی بە تەنگەوەهاتن و هاودڵی و هاودەردی کردنی کوردە جوولەکەکان بۆ دۆستە کوردە موسڵمانەکانیان ئەوە دەگەیێنێ: پێوەندیی نێوانیان لە کوردستان، لە ڕاستیدا پێوەندییەکی گەرم و گوڕ و لە دڵەوە بووە.

* کەرەسەی ئەم نووسراوە لە مێژووی دەماودەم گێڕدراوەی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل و ئەو زانیارییەی بە هۆی ناسیاوی و تێکەڵاویمەوە لەگەڵ کوردە ئیسرائیلییەکاندا دەستم کەوتووە، کۆکراوەتەوە.

## کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد - کوردستان

لەم ڕۆژانەدا ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە:

١- محەمەد ئەمین حسێن : سەلیقەی کوردەواری

٢- عەزیز کەیخوسرەوی : چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ؛ فەرهاد شاکەلی لە مەسەلەکانی فەرهەنگی کورد دەدوێت

٣- فەرهاد شاکەلی : نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم.

دەتوانن ئەم کتێبانە لە ڕێگەی گۆڤاری مامۆستای کوردەوە داوا بکەن. نرخی کتێبەکان ( بە پارەی پۆستیشەوە) بەم جۆرەیە:

| کتێب | سوێد | ئەورووپا | دەرەوەی ئەورووپا |
|---|---|---|---|
| سەلیقە | ٤٠ کرۆن | ٤ پۆند | ٨ دۆلار |
| چاوپێکەوتنێکی | ٢٥ کرۆن | ٢ پۆند | ٥ دۆلار |
| نیگاری تۆ | ٤٥ کرۆن | ٥ پۆند | ١٠ دۆلار |

بێجگە لەو سێ کتێبەی سەرەوە، کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- کوردستان کۆمەڵێ کتێبی دیکەشی بە زمانانی کوردی و سوێدی بڵاو کردۆتەوە و دەکرێ ئەوانیش لە ڕێگەی ئەم گۆڤارە داوا بکرێن، وەک :

١- هەژار: بە یادی دەژی دڵم (شیعر)

2_ Doften av mitt lands moln
وەرگێڕانی شیعری چواردە شاعیری کوردە لە کوردییەوە بۆسوێدی.

٣- سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی و فەرهاد شاکەلی: شنەی کۆساران (کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردەوارییە)

# یادێک لە مامۆستا هێمن

ناسری ڕەزازی

بیرەوەریی ئەو ڕۆژ و شەوە خۆشانەی پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، هەرگیز لە بیر ناچنەوە. ئەو ڕۆژ و شەوانە، هەمووی هیوا و شادیی و شەپۆلی ئازادی بوون. هیوای خەڵک بە گشتی و بە تایبەت گەلی کورد لە کوردستان وا بوو کە: لەمەودوا، فریشتەی ئازادی و ئاسایش بە دەمیانەوە پێ دەکەنێ و کوردستانیش دوای ساڵەهای ساڵ جەخار و ئازار و تێپەڕاندنی هەوراز و لێژی سامناکی سیاسی و پاشکەوتوویی دەستی چەوساندنەوەی نەتەوەی زاڵ و حکوومەتی ناوەندی، هەناسەیان دێتەوە بەر و، تۆزی مەینەتی لە سەر ژیانی خۆیان دەتەکێنن و سەر لە نوێ دەبووژێنەوە و بەرەو لووتکەی سەربەرزی هەنگاو هەڵدێننەوە.

ئەو ڕۆژ و شەوانە، هەمووی هەر پێکەنین و خۆشی و هەرا و هەڵپەڕکێ بوون. لە سەرانسەری کوردستان و بە تایبەت لە سنەی ئێمەدا، شنەبای کوردایەتی هەڵیکردبوو، خەڵک لەوپەڕی دڵاوایيدا بە خۆیاندا دەچوونەوە و هەرچی پتر خۆیان کوردانە دەڕازاندەوە. کەنیشکی باڵابەرزی جوانی سنەیی، بە بەرگی ڕەنگاورەنگ و سەدان جۆری کوردییەوە، ئەوەندەی دیکە خۆیان دەنواند و نیگای نازیان بە لای لاوی جوانشیرین و کەواو پانتۆڵ لەبەردا دەهاڵاند. شارەکەمان پەلکەزێڕینەیەکی تێکەڵاوی سیاسەت و پێشمەرگە و شیعر و مووزیکای کوردی بوو. لە حەفتەدا بە دەیان شایی و زەماوەند دەکران و ڕواڵەتی شاریان پتر دەنەخشاند. ئازادییەکە هێندە گەرم و هیوادەر بوو، کە خەڵکی سنە بەرە بەرە، کارەساتی دڵتەزێنی شەڕی نەورۆزی ١٩٧٩یان لە بیر دەبردەوە و، بیریان لە داهاتوویەکی ڕوون و گەیشتنی کوردان بە مافی ڕەوای خۆیان دەکردەوە، بەڵام ... !!

ئا لەو ڕۆژ و شەوانە و لەو سەروبەندانەدا بوو، کە شاعیری مەزن و پیری دڵسووتاوی ڕێگای کوردستان، مامۆستا هێمن، بۆ یەکەمجار دوای گەڕانەوەی پێی نایە شارەکەمان .

ئێوارەیەکی هاوینی هەر ئەو سەردەمە، لە گەڵ چەند هاوڕێ، لەقان لەقان، بەرەو بان پردی کەمانگەر و لەوێشەوە سەرووتر بەرەو ئوستانداری هەڵکشاین. کە گەیشتینە ئەوێ، کاتێ ئاوڕمان داوە، دیتمان بەر تالاری فەرهەنگ و هونەری سنە، یان (سەمعی و بەصەری) کۆن، کە بەرانبەر بە ئوستانداری بوو، جەنجاڵە. ئەگەر چووینە پێش دیتمان دەنگی خوێندنەوەی شیعر دێ. بە حوکمی ئەوەی کە سنە جێگای لەدایکبوونمە و بۆ مەسەلەی گۆرانی لەوێوە سەرم هەڵێناوە، خەڵکەکە دەیاننناسیم، گوتیان ئەوە فلانە کەسیش هات و بە چەپڵەڕێزان بەڕێیان کردمە سەر شانۆ.

بەڵێ ئەگەر وە سەر کەوتم، لە بەر دڵە کوتە و دیتنی مامۆستا هێمن و کۆڕی شیعرەکە، کە بە کوردی بوو، ئاگام لە خۆ نەمابوو. لەو کۆڕەدا، بێژگە لە مامۆستا هێمن، کاک عوسمانی ئەحمەدی و کاک بێهرووزی کوردئەحمەدی و کاک ئەمیری پاشاخانی و چەن کەسی دیکە بەشدار بوون.

لە لایەن کۆڕەکەوە بەخێراتنی من کرا و، منیش سپاسی برادەرانم کرد و دانیشتم. لەو کاتەدا مامۆستا هێمن، شیعری (ناڵەی جودایی)ی دەخوێندەوە، داوایان لێ کردم کە ئەو شیعرە بە مەقامێک بڵێمەوە، بەڵام من گوتم دیتنی مامۆستا هێمن و گەشی و خۆشیی کۆڕەکە وەها دایگرتووم کە جارێ ناتوانم هیچ بڵێم. بڕێک تامڵم لێ بگرن، ئەوسا بە سەر چاو. بە ڕاستی ئەوەندە دڵەکوتە دایگرتبووم کە بە خۆمەوە نەمابووم. چونکە پاش چەند ساڵ بندەستبوون و ژێردەستەیی، بەڕێوەبردنی کۆڕێکی ئەدەبی بە کوردی و بێ سانسۆر، ئەویش لە (سنە)، بۆ من ڕووداوێکی لەپڕ و گرنگ بوو.


مامۆستا هێمن و کاک عوسمان و کاک بێهرووز شێعریان خوێندەوە و منیش گۆرانیم گوت. مامۆستاهێمن فرە زانایانە و مامۆستایانە، سەبارەت بە شیعر بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەت، قسەی کرد و بیر و ڕای خۆی دەربڕی. چەند کەسێکیش سەبارەت بە هێمن و شیعرەکانی قسەیان کرد. کاک بێهرووزیش هەر لەو بارەوە وتارێکی خوێندەوە. لە سەر داوای بەشداران، مامۆستا هێمن شیعری عیشق و ئازادیی خوێندەوە. کە گەیشتە ئەو بەندەی: "هەتا چارشێو بە سەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد"، یەکێک لە کچەکان خۆی پێ ڕانەگیرا و هەستا گوتی: ئێمە تا تۆمان هەس، چارشێو فڕە ئاین. تا شاعیرێ وەک تۆ هاوارمان بۆ بکا، ئێمە ئێفتخار ئەکەین ... لە ناکاو بوو بە چەپڵەڕێزان، مامۆستا هێمنیش ناچار بوو ماوەیەکی باش ڕاوەستێ، تا خوێندنەوەی شیعرەکەی درێژە پێ بدا ...

بەڵێ کۆڕ دوایی پێ هات. ئەو کاتە کاک برایمی یۆنسی ئوستانداری سنە بوو. ئەویش لەوێ بوو. کاک برایم و زۆر کەس داوایان لە مامۆستا هێمن کرد کە شەو میوانیان بێ، بەڵام مامۆستا هێمن گوتی دەڕۆم بۆ ماڵی ناسر و دڵی منی نەشکاند. منیش ئیتر بیرم لێ کردەوە کە سەعات (٩)یەو چوونەوە بۆ ماڵ کە لەپڕەو لەوانەیە هیچ خواردنێک بۆ کۆمەڵێک میوان ئامادە نەبێ و ئەگەریش ببێ بەش نەکا، تەلەفوونم بۆ میوانسەرای سنە کرد و جێگەم گرتەوە و، بە کۆمەڵ هەموومان چووین بۆ ئەوێ.

نانمان لە میوانسەرا خوارد و هاتینەوە بۆ ماڵی خۆمان. لە ماڵێ، مامۆستا شیعرێکی خوێندەوە و هەندێ قسەی سەردەمی دەربەدەریی خۆی و چۆڵبوونی بەغدا لە کورد و کاتی ئاشبەتاڵ و

دانانی ناڵەی جودایی بۆ کردین. ئەوسا شەو درەنگێ، برادەرانی حیزب مامۆستایان بردەوە بۆ لای خۆیان. کاسێتی دانیشتنی ئەو شەوەم هەر لە لا ماوە.

چەند رستەیەک لە قسە و باسی دانیشتنی یەکەم، ساڵی ١٩٧٩:



لە پێشدا باسەکەمان لە سەر (حەسەن زیرەک)، دەستی پێ کرد. پاشان هاتە سەر شیعر. مامۆستا ،لێرەدا گوتی: کاکە کە ئاشبەتاڵ دەستی پێ کرد، ئەمن یەئسێکی گەورە دایگرتم. شیعری سازی ناساز هی ئەو سەردەمەیە کە ناهومێد بووم:

دوکتۆرێکی خەڵکی چەمچەماڵ لەوێ بوو، گوتی بە خوا ناهومێدیی تێدایە! مامۆستا هێمنیش گوتی: وایە بەڵام لێم گەڕێن با رۆژێکیش بۆ خۆم بم! کاکە من دوو جار غەریبیم بە سەردا هاتووە. من لە ئێراق، کۆمەڵێک دۆست و ئاشنام لە خۆ خڕ کردەوە، کەچی لەپڕا، بەغدا لە کورد چۆڵ بوو. کوردەکانی خۆشمان ئەوانەی ئێران، زۆربەیان چوونەوە ئورووپا و، من بە تەنێ لە بەغدا مامەوە. ناڵەی جوداییم لەو وەختەدا گوتووە. دڵنیاش بە ئەگەر مەسنەوی مەولەویم بە دەستەوە با، هەر ئەوەم دەخوێندەوە و غەمی خۆم پێ بە با دەدا، بەڵام مەسنەوی نەبوو، بێ مەسنەوی ناڵەی جوداییم دانا.

پاش گوتنی گۆرانیی (بلوێری شوان) کە شیعری مامۆستا هێمنە و کاک محەممەدی مامڵێ گوتوویەتی، مامۆستا گوتی: کاکە ئەو شیعرە وەکوو دوێنێ شەو باسم کرد، شیعری سەرەتای شاعیریمە، هی وەختێکە کە لاو بووم. وەڵڵاهی دە وەختێکیدا بوو کە زۆریش لاو بووم، بە خودای دەسرۆیشتووش بووم و زۆریش دەوڵەمەند بووم، بەڵام خەمی میللەتەکەم وای لێ کردبووم کە ئەو شێعرە بڵێم. ئەوە بە خەیاڵی خۆم سەرەتای شاعیریمە، کە پێم وایە تاریخی (١٩٤٦)ە. پاش رووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. دە وەختی لێقەومانمدا بوو، چونکە ئەو دەمیش هەر پێم وابوو کە میللەتەکەم زۆر بەدبەختە.

بە داخەوە ئەو دوکتۆرەی کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد و لە دانیشتنەکەدا بوو، هەر فرجەی نەدەدا مامۆستا هێمن قسەکانی تەواو بکا. مامۆستا هەر قسەیەکی دەکرد ئەو دوکتۆرە خۆی تێ دەقوڵتاند و قسەکەی مامۆستای نیوەچڵ دەکرد. پیاویش شەرمی دەکرد بڵێ کابرا قسەکانی مەبڕە! ساڵی ١٩٨٢ کە مامۆستامان لە شیلاناوێ دیتەوە گوتی: بەخێر بێن، بەڵام جارێ پێم بڵێ بزانم ئەو دوکتۆرەتان لە گەڵ نییە؟!

رۆژی دوایی لە تەلەڤزیۆنی سنە، کۆڕێکیان بۆ رێک خست. پرۆگرامەکە راستەوخۆ بڵاو دەبووەوە. دوای پرسیارەکانی وان و وەڵامەکانی مامۆستا، داوایان کرد شیعرێکی خۆی بخوێنێتەوە. مامۆستاش گوتی: ئەگەر رێگام بدەن، پێم خۆشە کاکە بێهرووز شیعرێکی من بخوێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو شیعری من دەخوێنێتەوە، تازە دەزانم چم گوتووە. دیوانی ناڵەی جودایی یان لە بەردەستدا بوو، کاک بێهرووز کە کردییەوە، شیعری (ئێوارەی پاییز)ی هاتە بەر دەست و دەستی بە خوێندنەوەی کرد. مامۆستاش بە دوای هەر بەندێکدا سەری رادەوەشاند. دیار بوو، بە بەرنامەکە و ئەو هەوایەی کە تێیدا بوو، زۆر کەیفخۆش بوو. با ئەویچە بێژم: لە سەر داوای خەڵکی سنە، ئەو بەرنامەیە دوو سێ جار بڵاو کرایەوە.

رۆژێکیان، لەگەڵ هاورێیان مامۆستامان برد بۆ داوێنی (چیای ئاویەر) و لە (کانی شەفا) بار و بنەمان لێ راخست و دانیشتین. مامۆستا لەو بەرزایی یە، دەستی کرد بە سێبەر بۆ چاوی و، بە دەم رامان بە دیمەنی جوان و سیحراویی سنەوە، کە وەک تابلۆیەکی رەنگین و زیندوو، لە بەر رۆژ دەدرەوشایەوە، گوتی: ئەمجارە سنەمان بە هەموو فەرهەنگ و زانست و دڵسۆزی و جوانییەوە لە گەڵە و قەت دوژمن دەرۆستمان نایە.

ئەو رۆژە دوای ئەو قسەیە، بیرم لەوە دەکردەوە کە: ئەگەر ساڵەکانی ٤٦ - ٤٥، کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، هەر لە ناوچەی موکوریان قەتیس مابووەوە، لەو چوارچێوە تەنگەبەرە بهاتبایە دەر و هەموو کوردستان و بەتایبەت کوردستانی ئەردەڵانی گرتباوە و، فێڵ و تەڵەکەی ئیمپریالیست و داگیرکەرانی کوردستانی لە سەر نەبا، چارەنووسی ئەو حکوومەتە جوانەمەرگە وا نەدەبوو و رەوەندی شۆڕشی کوردستانی ئێرانیش ئەوە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

ئەو سەفەرەی مامۆستا هێمن بۆ لای ئێمە، بیرەوەرییەکە کە هیچ کات لە بیر ناچێتەوە. بڕوا بکەن، لە لایەن خەڵک و بە تایبەت کیژ و کوڕی لاوەوە، پێشوازییەکی وەها شاز و گەرمی لێ کرا، کە هەر لە یەکەم وشەکانی سەر زاریدا، پیاو دەیتوانی لەرزە و لەرەی ئەو خۆشی و رەزامەندییە، کە مامۆستا تووشی هاتبوو، هەست پێ بکا. هەر ئەو رۆژە شیعری "سنە" ی کە تازە نووسیبووی و، بەم دوو بەندە دەستی پێدەکرد، بۆ خەڵک خوێندەوە:

لەمێژە ئاواتی منە
ببینم وڵاتی سنــــــە

زێدی کۆن و رەسەنی کورد    بە درێژایی تەمەنی کورد

مامۆستا لەو شیعرەدا هەستی بەرز و ئاگراویی خۆی بەرانبەر

به شاری ئێمه، وەک کانگای فەرهەنگ و زانست ، سەنگەری خۆڕاگری و حەماسە، مەکۆی پەروەرینی دەیان زانا و شاعیر و نووسەر و هۆزانی گەورەی کوردی هەر چوارپارچەکەی کوردستان دەربرِیووە، کە وەختی خۆی هاتوون و له قوتابخانەکانی سنە، له بەردەست مامۆستایانی بەنێوبانگ و زانا، تۆشەیەک له زانست و پێشکەوتنیان له گەڵ خۆیان به دیاری بردووە.

دیاره بۆ ئێمه کە لەو کاتەدا شەیدای شۆڕشی نەتەوایەتی و، خولیای شیعر و ئەدەب و مووزیکای کوردی بووین، هاتنی مامۆستا هێمن و چاوپێکەوتنی و لەتەکیابوون، وەکوو خەون و خەیاڵ وابوو. ئێمەمانان "هێمن" مان له "تاریک و روون" ی خەیاڵماندا و بەرهەمەکانی دیکەی دەهاتە بەرچاو. پێمان وا نەبوو رۆژێک دێت، کە مامۆستا به سیمای شیرینییەوە، به دەممانەوە پێ بکەنێ و، کاتێک کە شیعرەکانی خۆیمان به رەوانی و جوانی بۆ بخوێنێتەوە، فرمێسکی رەزامەندی به چاویدا بێتە خوار و به تاسەوە مژێکی دیکە له جگەرەکەی بداتەوە.

قسەخۆشەکانیمامۆستا:

لەو رۆژ و شەوانەدا کە لەگەڵ مامۆستا هێمن و هاوڕێیان کۆ دەبووینەوە، فره جار دەبوو به دەمەتەقەی شیرین و پڕ له مانای دوو زاراوەی موکری و ئەردەڵانی. جارێکیان مامۆستا هێمن به زاراوە رەوان و پاراوەکەی، کە دەتگوت به سەر مەخمەڵدا باز دەدا ، قسەی دەکرد، ناخلاف کوڕێکی (سنەیی)ی خوێنگەرم له کۆڕەکەدا کە خۆماڵی بوو، هەڵیدایه و به ئەردەڵانییەکی تۆخ گوتی: مامۆسا گیان قوربان خوەت و شیعرەکانۆ بم، ئومێوارم هەمیشه هەر خوەش بی و هەر بکەنی! مامۆستاش به حازرجوابی بزەیەکی هاتێ و گوتی: جا رۆڵەگیان ئەگەر هەر بکەنم، ترِترِەم دەپسێ و هیچ وڵات ناهێڵم!! ئیتر کێ ما لەبەر پێکەنین و شیکردنەوەی (کەنین و پێکەنین)، بۆ هەردووک لا ...

وەک باسم کرد، کاتێک لەگەڵ مامۆستا هێمن و هاوڕێیان چووین بۆ کانی شەفا، پاش سازکردنی کەباب و خواردن و خواردنەوە و قسە و باس و جەفەنگ و گەپلێدان، گەڕاینەوە بۆ ناو شاری سنە. شەو بڕیارمان دا، کە بەیانییەکەی برِۆین بۆ مەریوان. نازانم له بەر چی بوو، گیانی مامۆستا هێمن لیری دەرکرد و پێستی دەست و سەر و چاو و لەشی سوور هەڵگەڕان و ئەستوور بوون. کە چووین بۆ مەریوان، میوانی کاک مەحموودی ئاشتیانی بووین. کاک مەحموود له مامۆستای پرسی: قوربان بەڵا دووره ئینشاڵڵا، ئەوه بۆ وات لێ هاتووه؟ مامۆستا هێمنیش گوتی: هیچ، کانی شەفا کاری خۆی کرد! کاک مەحموودیش گوتی کانی شەفا بۆ قوربان؟ مامۆستا هێمنیش گوتی: وەڵڵاهی له گەڵ ناسر و برادەران چووین بۆ کانی شەفا، ئاوی ئەوێم خواردەوە، بەڵام باش بوو کاری له خوارێ نەکرد و له سەرەوە لێی دام!!

کاتێک لەگەڵ مامۆستا هێمن له مەریوان بووین، من و کاک سیرووسی چابوککاری و کاک فەرەیدوونی جەلال پێنجوێنی و چەند کەسی دیکە کە ناتوانم نێویان بێنم، ئێوارەیەکیان تۆشه و بەرەی خواردن و خواردنەوەیەکی باشمان هەڵگرت و له خزمەت مامۆستا هێمندا، چووین بۆ زرێوار. بەراستی بۆ هیچ کامێکمان ئەو ئێوارەیه فەرامۆش نابێ. باسی زۆر هاتە گۆڕێ. چ ئەدەبی، چ سیاسی، چ کۆمەڵایەتی و هی دیکەش. شوێنەکەمان تەریک و کل بوو. کەسمان به سەردا نەدەهات. مامۆستا هێمن سەرگوریشتەی سەردەمی لاوەتیی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە، ئەمه هەموو گیانمان ببوو به گوێ. مامۆستا گوتی: مەلا رەحیمی ئیبنووعەباسی، مەلای ئاشیگوڵانێ بوو، مانگی رەمەزان، من و دۆستێکی دیکە، کە سەردەمی لاوەتیمان بوو، چووین بۆ لای بۆ جەژنە پیرۆزە. دوای نان خواردن، چووین بۆ مزگەوت، بۆ هەڵگرتنی دەسنوێژ! مەلا رەحیم دەرسی فەقێگەری لێ دەگوتەوە و ١٢ سوختەی له لا بوو. هەموویان به رۆژوو بوون. وەیان زانی ئەمەش به رۆژووین! لەو کاتەیدا کە له سەر حەوز دەسنوێژمان هەڵدەگرت، یەک له فەقێکان، کە خەڵکی شیلاناوێ بوو، له پەنا دەستمەوە پێی گوتم: مامۆستا ناشێ شەشەکانیش نەگری؟ گوتی ئەمنیش گوتم: به خودای کاکه ئەو گووەی به من ناخورێ!!

مەهاباد و چوونمان بۆ ماڵی مامۆستا هێمن

لەو ماوەیەیدا کە له کوردستان شەڕ و پێکدادان بوو، مەهاباد له ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو من و مەرزیەش چووین بۆ ئەوێ بۆ ماڵی (دۆستێکمان). نازانم دەلیلی چی بوو کە ئێمه له ماوەی ئەو چەند رۆژەدا ، نەمانتوانی بچین بۆ لای مامۆستا . رۆژێکیان لەو ماڵە به نیازی بازاڕ هاتمە دەرێ، له سەر کۆڵانی گەڕەکەکەیان، ئەوەندەم زانی مامۆستا هێمن بەره وخوار دێ. ئەگەر منی دیت، زۆری پێ سەیر بوو. گوتی ئەرێ ئەوه لێره چ دەکەی؟ ئەمنیش زۆر تێک چووم، فریای ئەوه نەکەوتم کە درۆی بۆ ساز کەم. گوتم وەڵڵا ئەوه لەگەڵ مەرزیە، له ماڵی فڵانەکەسین. گوتی باشه ئەمن له سنه هاتمە ماڵە بەقوربگیراوەکەی تۆ، تۆش ئەوه چەند رۆژه لێرەی، ئەدی چۆن سەرێکت لەو کاولاشەی ئەم مامه پیرەیەی خۆت هەڵنەهێناوه؟ گوتم هەقته و ئێواره دوای سەعات ٤ له گەڵ مەرزیه دێینه خزمەتت. گوتی خۆ ئەمن شێخ نیم بێنه خزمەتم. به خودای له قەڵادزەی را ویسکییان بۆ هێناوم، ئەگەر نەیەی له قیسه خۆت داوه. مامۆستا بەپەله بوو، منیش بەڵێنم دایه کە ئێواره ببین به میوانی و له یەک جوێ بووینەوە. هەر ئەو کاته کە هێشتا ئەوەنده له ماڵ دوور نەکەوتبوومەوە، چوومەوە به مەرزیەم گوت: مامۆستاهێمنم دیت و رووداوەکەم بۆ گێڕاوه و، ئەویش به خۆشحاڵییەوە گوتی زۆر باشه، ئێواره برۆین. ئێواره چووین بۆ ماڵی مامۆستا هێمن. کاک سەلاحی کوڕی و ژنەکەی هاتن به پیریمانەوە و، وەژوور کەوتین. مامۆستا و خێزانی به دیتنی ئێمه زۆر کەیفیان بزووت. مامۆستا ویسکییەکەی هێنا لێمان خواردەوە و دەسمان به قسەو باس کرد. مامۆستا له منی پرسی مەرزیه له گەڵت چۆنه؟ منیش گوتم زۆر باشه، بۆ؟ گوتی وەڵڵاهی ئەمن شەوێ کاتی خەوتن، کە شیعرم بۆ دێ، هەڵدەستم گوڵۆپەکە پێ دەکەم بینووسمەوە، کەچی ژنەکەم دەڵێ بیکوژێنەوە با خەوەکەمان نەزڕێ. ئیدی شیعرەکەی منیش له گەڵ گوڵۆپەکە دەکوژێتەوە! لەو کاتەدا مامۆستا، کتێبی (ناڵەی جودایی)ی، له بەر دەست خۆی دانابوو. دەستی بۆ برد و چەن لاپەڕەیەکی هەڵداوه و گوتی ناڵەی جوداییم له تۆ بیستووه و چاکیشت گوتۆتەوە. ئەگەر پێت کرا، شتێک له سەر ئەم شێعرەش کە نێوی (ماچی خودایی)یه، دانێ و بیلێ. مامۆستا شیعرەکەی بۆ خوێندمەوە و منیش گوتم بێ زەحمەت بمدەیه با چاوێکی لێ بکەم. مەرزیه و ئەو دۆستەی کە میوانی بووین شایەتن، پاش هەندێک رامان، ئەو گۆرانییەم کە ئێستا له کوردستان له زۆربەی ماڵان هەیه، له سەر دانا و بۆم گوت. مامۆستا گەلێکی پێ خۆش بوو.

له لای مامۆستا هێمن گەڕاینەوە بۆ ماڵی دۆستەکەمان، دیتمان دوو کەس دانیشتوون کە چووینە پێش، کاک مەلا محەممەدی جوانرِۆیی و کاک فاتح رەسووڵ بوون کە تازه گەیشتبوونە مەهاباد و به بۆنەی مەلا رەسووڵی پێشنمازەوە هاتبوون. ئەو شەوەشمان له گەڵ ئەوان به باس و گوت و بێژ له سەر کۆمەڵە و دێمۆکرات برده سەر.

مەلا ڕەسووڵ هەر ئەو ئێوارەیە سەختی لە کردین کە: محی الدین ئاغای بابانزادە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی بانگهێشتووە بۆ باغەکەی خۆی (باغی دۆستاڵی) و ئێمەش میوانین.

بەڵێ بەیانی بە خاو و خێزەوە چووین بۆ باغی دۆستاڵی. کە گەیشتینە ئەوێ، دوکتۆر قاسملوو، کاک عەزیزی ماملێ، مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، مامە غەنی بلووریان، مامۆستا هێمن، مەلا غەفوور شاعیری نابینا، کاک ڕەسووڵی بابانزادە و کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزب لەوێ بوون. سفرە و خوانێکی باشیان ڕازاندبووەوە. پاش دانیشتن، دەست کرا بە خواردن و خواردنەوە و قسەی خۆش و باسی ئەدەبی و سیاسی و هەمەڕەنگ. دەیانزانی گای ئێمە بە لای کۆمەڵەدا دەقۆڕێنێ، هەندێک سەریان کردە کاوڵی ئێمە و بڕێک سابڵاغیانە دایانگرتین، بەڵام ئێمە هەر کۆڵمان نەدەدا!

دەمەتەقێی سیاسی بوو بە بەزمی گۆرانی. یادی بەخێر، دوکتور قاسملوو، داوای گۆرانیی سەیزادەی لێ کردم، دیارە ئەو سەیزادەیەی کە من لە تەلەڤزیۆنی سنە، لە (کاروانی شیعر و گۆرانی) دا گوتوومە، نەک سەیزادەی کاک محەممەدی ماملێ. ئەو گۆرانییەشیان لە بەر ئەوە داوا کرد چونکە کاک ڕەسووڵی بابانزادە حەزی لە سەیزادەیەک دەکرد کە ئێستا هاوسەرن و پێکەوە لە سوێد دەژین. منیش گۆرانییەکەم دەست پێ کرد. ئەگەر دەمگوت، دوکتور و برادەران، ئەو گۆرانییەیان لە گەڵم دەگوتەوە و، منیش لەوەی کە سەربەندەکەیان بۆ دەستاندمەوە، ئەوندەی دیکە لە سەر زەوقی گوتنی بووم.

مامۆستا هێمن سەرخۆش بوو، ڕووی لە مەرزیە کرد و بە گاڵتەوە گوتی: دەمانچەیەکم هەکلاشنیکۆفێک و شەست فیشەک، ئەگەر پێش بە کاری هونەری ناسر بگری، دەتکوژم. مەرزیەش گوتی مامۆستا دەزانم خۆت داخ لە دڵی، ئەمن قەت نەبوومەتە هۆی ئەوە کە ناسر پشتی لە هونەرەکەی سارد ببێتەوە.

پاش خواردن و خواردنەوە و تێربوون، شووشە بەتاڵەکانیان بە نیشانە داکرد و فیشەکێکی زۆری حیزبیشیان کە لە ئێراقەوە بۆ دەهات بە خۆڕا پێوە نان و، وردە وردە، بەرە و شاری مەهاباد بووینەوە و بەیانییەکەی مەهابادمان بەجێ هێشت و بەرەو سنە گەڕاینەوە.

مامۆستا هێمن و شیلاناوێ

ساڵی ١٩٨٢ کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین، لە (کۆڕی هونەریی بانگەواز)ی کۆمەڵە، من و کاک فەریبورزی فەخاری و کاک نەجمەدینی غولامی، چووین بۆ حاجیاڵیکەند، بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگێک بە یادی شەهید جەمالی موفتی. لەوێ من وتارێکم لە سەر هونەری شۆڕشگێڕانە خوێندەوە و پاش تەواوبوونی پرۆگرامەکە، داوامان لە کاک ڕزگاری سابڵاغ کرد کە بەرێمان کا بۆ شیلاناوێ لای مامۆستا هێمن. ئەویش سەفەرەکەی بۆ تەدارەک دیتین و لەگەڵ کاک کەریمی قادری، کاک سیامەندی موعینی، کاک محەممەدی حەسەنخاڵی، کاک فارووقی بلووری، کاک فەریبورزی فەخاری، کاک نەجمەدینی غولامی و کاک ڕەحمەت، لە گوندی (حاجی ئاڵیکەند)ەوە چووین بۆ شیلاناوێ، بۆ لای مامۆستا هێمن. هەر کە گەیشتینە ئەوێ و مامۆستامان دیت، لە گەرمەی چاک و چۆنی و بەخێراتندا، گوتی: ناسر گیان دوێنێ خواردوومەتەوە، ئەمڕۆ هەڵیدێنمەوە!

هەر لە مەزراکەی خۆیدا دانیشتن و دەستمان بە قسە و باس کرد. مەلا حەمەدەمینی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینیش، کە لە شیلاناوێ دادەنیشت، هات و تێکەڵ بە کۆڕەکەمان بوو. مامۆستا هێمن لە پێشدا شیعرێکی تازەی خوێندەوە بە نێوی (ڕنووی ئاگری)ی، کە بە چیای ئاگریدا هەڵیداوە. پاشان گوتی: تێدەگەی کە چیای ئاگری سەر بەگرکانە و یەکەمین کێوە لە کوردستان، کە شۆڕشی کوردی تێدا هەڵگیرساوە.

کاک کەریمی قادری گوتی مەبەستت چیای ئاگری داغە؟ مامۆستاهێمنیش گوتی: چیای ئاگری هەر نێوی (ئاگری)یە! ئەوە تورک وشەی (داغ) یان پێ زیاد کردووە، دەنا لە بنەڕەتدا ئاگریی یە. چیایەکی زۆر سەیرە، من بە تەیارە بە سەریدا ڕۆیشتووم، دیارە بە وانێکەوە نەمدیوە!

من گۆرانیی (لە سەر ئارێزەوە)م بۆ گوت، مامۆستا گوتی: بە ڕاستی هونەر، من پێم وایە شۆڕشی بێ هونەر، شۆڕش نییە. هونەرە شۆڕش گەورەتر دەکا لەوەی کە هەیە. جا هونەر بە هەر شێوەیەک بێ. لە بیرمە جارێکی لە مەهاباد، باسی وەیان کرد کە نێوی یەکیەتیی هونەرمەندان بکەین بە: یەکیەتیی هونەر و وێژە! گوتم ئەوەش یەکێکە لەو دیارییانەی لە قەڵادزێڕا بۆمان هێناونەوە!



بوو به پێکەنین ...

پاشان گوتی: هونەرمەندان کافییە، چونکە شاعیریش بۆ خۆی هونەرمەندە، دەنگخۆشیش هونەرمەندە، سازلێدەریش هونەرمەندە.



وەک پێشتر باسم کرد، من هەر ئەو ڕۆژە بەر لەوەی کە بڕۆین بۆ لای مامۆستا هێمن، لە حاجییەڵیکەند لە سەر مەسەلەی هونەر و هونەری شۆڕشگێڕانە، وتارێکم خوێندەوە. مەلا حەمەدەمین گوتی: مامۆستا، کاک ناسر ئەمڕۆ لە سەر هونەر جوان قسەی کرد. مامۆستاش لە وەڵامی مەلا حەمەدەمیندا گوتی: عەرزت دەکەم کاکە مولاحەزە فەرموو، من گوتوومە و ئەلعانیش دەیڵێم. هونەر وەختێکی لە خزمەتی دوژمندا نەبوو، لە خزمەتی ئینسانییەتدایە. لە خزمەتی ئیرتیجاعدا نەبوو، لە خزمەتی ئینسانییەتدایە. ئایا قاسپەی کەوێکی کە نازانین چ دەڵێ و هەر دەنگە، مێشکی ئینسانێکی مارکسی ئیستراحەتی پێ دەکا یان نە؟ کە وابوو ئەوەش هەر هونەرە و لە خزمەتی ئینساندایە. ئەمما دیارە ئەگەر هونەر لایەنی عیلمیی هەبێ، باشتریشە. دەنا تۆ پێت وابێ کە کابرا بە کچێکی جوانیش هەڵدەڵێ هونەر نییە، ئەویش هەر هونەرە. دیارە وەڵڵا من ئیشقم پێ وایە کەمالی ئینسانییەتە، چونکە ئەگەر ئیشقێک نەبا، نە ناسرێک وجوودی دەبوو، نە هێمنێک وجوودی دەبوو، نە لنینێک وجودی دەبوو، نە مارکسێک وجوودی دەبوو. کە وابوو ئیشقە ئەوانە بە وجوود دێنێ.

کاک نەجمە، سروودی بیرەوەریی دووی ڕێبەندانی گوت، مامۆستا گوتی بژی ڕەنجبەر چونکە ڕەنجبەریش ئیحتیاجی بە هونەرمەندە. بە بڕوای من کۆمەڵگا ئیحتیاجی بە هونەرمەند هەیە. مژێکی لە سیغارەکەی داو گوتی: نازانم بۆ ماوین؟! ئێمەی میللەتی کورد، بڕوا بکە زمان و هونەرەکەمان هێشتووینیەتەوە تا ئێستاش. ئەو شاخانە و زمان و هونەرەکەمان، دەنا زۆر دەمێکە تێدا چووبووین. بە ڕاستی دەبێ بڵێین چ باعیسی مانەوەی مەیە؟ ئەم زمانە، ئەو شاخ و کێوانە، دەنا هیچی دیکە نییە.

کاک نەجمە باسی شەریف، شاعیری ملوانکەی شینی بۆ مامۆستا کرد و گوتی مامۆستا کاک شەریف زۆری پێ خۆش بوو بتبینێ. مامۆستاش گوتی: لە کوێیە شەریف ئەلعانەکانە؟ کاک نەجمەش گوتی وا لە قوربە. مامۆستا گوتی کوڕێکی زۆر موستەعیددە، بە بڕوای من زوو پێ دەگا ئەگەر ... کاک نەجمە گوتی: شەریف ماوەیەک لە زیندان بوو. مامۆستا گوتی گرینگ نییە با زەجر بکێشێ. شاعیر بڕێک زەجر نەکێشێ، نابێتە شاعیر و بەرهەمەکانی لە دڵەوە هەڵناقوڵن.

من داوای لێبوردنم لە مامۆستا کرد چونکە ماوەیەک بوو نەچووبوومە خزمەتی و مامۆستاش گلەی لێ کردم. بەڵام گوتی دیسان هەر بە خێر بێی هەر چەند دەزانم وەزعەکە ئاڵۆزە، بۆ خۆت دەزانی ئەوە وەزع نییە تێیداین. نازانم بە چی دەبێ؟! ئەگەر بەوە بڵێی ژیان کە ئێستا ئێمە هەمانە، نازانم دەبێ مردن چۆن بێ؟ بوو بە پێکەنین...

مامۆستا درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: ڕۆژێک لە مەهاباد لاوەکانم لێ کۆ ببووەوە و کوڕە گوتم برا، مردنیش ئەوەندە ناخۆش نییە کە ئێوە لێی تۆقیون! پیاو بڕێک دەمی خوار دەکاتەوە و تەواو. کوڕێکیان گوتی وەڵڵا ئەمن ڕۆژێکی دیتم تۆ ڕەگبارێکت بە سەردا هات، خۆت دانەواند. منیش گوتم هەتیوە من کەنگێ گوتوومە بریندارى ناخۆشە! دەترسام بریندار بم، بۆیە خۆمم دانەواند. بوو بە پێکەنین ...

کاک کەریمی قادریش گوتی: مامۆستا ئەدی مەسەلەی کابرای پیرێژنەی؟ مامۆستاش پاش ئەوەی کە بڕێک پێکەنی گوتی: بەڵێ، ساڵی ١٩٧٩ کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر مەهاباد، نە پێشمەرگە، نە خەڵک، خۆیان ڕانەگرت و لە خڕی ناوزەنگ کە بارەگای یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو، گیرساینەوە.

مامۆستا گوتی لە ئاشی پشکاوێ، لە گەڵ کۆمیتەی چاپەمەنی (إنتشارات) ی حیزبی دیمۆکرات، لە گوندێکی تاقەماڵی، خەریکی دەرکردنی بڵاوکراوە و نووسراوەکانی حیزب بووین.

گەورە و پیری ئەو تاقە ماڵە ژنێک بوو بە نێوی (پوورە ئایشێ). ئەگەر دەنگی هەلیکۆپتەر دەهات، هەڵدەهات، نازانم ڕاداری بە کوێوە بوو! هەر چەند بە تەمەن خۆی لە هەشتا دەدا بەڵام زیت و وریا و بە دەست و برد بوو. زۆربەی کات بە سەری دەکردینەوە و لەو سەرلێدانانەش لە پەیوەندی لە گەڵ مندا، نوکتە و باسی خۆش دەخولقا! بۆ بەدبەختیش لە نێوان ئەو هەموو حەشاماتەدا لە بەر وەی سەری من سپی و پیر بووم، منی دیتبووەوە و ئەگەر شتێک دەبوو بانگی منی دەکرد.

بەڵێ فڕۆکە و هەلیکۆپتەر زۆر دەهاتنە سەرمان. لە بەر دەرگای کۆمیتەی چاپەمەنی دوو گاشەبەرد بەریان وەیەک کەوتبوو،

له بنه‌وه كه‌لێنێكی گه‌وره‌یان لێ درووست ببوو. ئه‌و كه‌لێنه موڵكی كومیته‌كه‌ی ئێمه بوو، كه‌چی براده‌رانی ناوه‌ندی له كاتی هاتنی فرۆكه و كۆپته‌ر، تێی ده‌خزان و ئێمه‌ش په‌نامان ده‌برده كونی دیكه!

رۆژێك هه‌ر هه‌موو ماندوو و مردوو، راكشابووین، له پڕ پووره ئایشێ به به‌ر ده‌ركی مه‌قه‌ڕدا هه‌ڵات و گوتی مامۆستا ته‌یاره‌كێ هات. ئه‌مه‌ش چووینه ده‌رێ كه خۆمان له كونه‌ته‌یاران باوێین، دیتمان پووره ئایشێ خۆی ده كونێكی خزاندووه. هه‌ركه منی دیت گوتی مامۆستا، گوتم به‌ڵێ. گوتی تۆ وه‌ره كونێ من ته‌ماشا كه، كونێ من. گوتم جا بۆ ته‌ماشای كه‌م؟ گوتی بزانه كونێ من چاتره یان هی وان؟ منیش گوتم: هیچ شكم تێدا نییه، هی تۆ له هی هه‌موان چاتره! ئیدی ئه‌وه ته‌ماشاكردنی ناوێ! جا فه‌قیره هه‌ر تێش نه‌گه‌یبوو كه مه‌به‌ستم چییه؟ به راستی حه‌ساسییه‌تێكی سه‌یری هه‌بوو.

رۆژێكی دیكه ئیشوكارمان گه‌لێك زۆر بوو، ده‌بوو به په‌له رایانپه‌ڕێنین و ته‌واوی بكه‌ین، ماندوو و شه‌كه‌ت درێژ ببووین، له پڕ پووره ئایشێمان لێ په‌یدا بوو و گوتی مامۆستا ته‌یاره‌كێ هات! منیش چوومه ده‌رێ و گوتم: ئه‌رێ پوورێ بۆ له كوڵمان نابییه‌وه؟ ده‌ڵێی رادارایان ده مێتكه خستووی؟!

پرسیارم له مامۆستا كرد كه: له گه‌ڵ مامۆستا تاهیر تۆفیق دۆستایه‌تیتان هه‌بوو؟ مامۆستاش گوتی: به‌ڵێ زۆر، هه‌رچی چووبامه هه‌ولێر ده‌چوومه كنی. مه‌حه‌ببه‌تێكی خاسمان هه‌بوو نیسبه‌ت به یه‌كدی.

ئه‌ی له گه‌ڵ ساڵه‌ح دیلان چی؟

ده‌گه‌ڵ ساڵه‌ح دیلان به‌و ئه‌ندازه‌یه‌ی نه‌بوو، چونكه ئه‌و خۆی به گۆرانیبێژ نه‌ده‌زانی. هه‌رچه‌ند پێی ناخۆش بوو داوای گۆرانیی لێ بكه‌ی، به‌ڵام بۆ منی گوت و گوتی: ئه‌وه ٢٠ ساڵه گۆرانیم نه‌گوتووه، به‌ڵام بۆ تۆی ده‌ڵێم.

چی بۆ گوتی؟

مه‌قامی ئه‌ژده‌هاكی بۆ گوتم. هه‌ر چه‌ند ده‌نگی كه‌وتبوو، به‌ڵام به بڕوای من، ئه‌ژده‌هاكی چاك گوتووه و من له ناو ئه‌و گۆرانییانه‌یدا كه گوتوونی، ئه‌ژده‌هاكم له هه‌مووان پێ باشتره.

باسی شیعری نوێ هاته گۆڕ. مامۆستا هێمن گوتی: مامۆستایه‌ك كتێبێكی بۆ هێناوم كه له سه‌ر شێخ نووری شێخ ساڵه‌حی نووسیوه. شێخ نووری مامۆستای شیعری نوێیه له كوردستان. جا مه‌نزوورم ئه‌وه‌یه كه شاعیر زۆر جار ده‌توانی ئیلهامێكی چكۆله له شتێكی زۆر گه‌وره‌دا درووست بكا. شێخ شه‌هاب كوڕی شێخ نووری بوو. زۆر مه‌ردانه له بن داردا راوه‌ستا. كه‌س هێنده ئازا نه‌مردووه له تاریخدا. من یه‌ك شیعرم بۆ نووسیوه. دوو سێ جاریش به خوێن له قه‌بره‌كه‌یان ده‌نووسییه‌وه و دیاره پاكیان ده‌كرده‌وه. نه‌شیانده‌زانی هی كام شاعیره. ده‌ڵێم:

> نالی له كوێی ببینی، كه پاته‌ختی شـــاره‌زوور
> ئه‌ستێره‌كانی راده‌كشێن، وه‌ك شه‌هابی نوور

میسره‌عی دووهه‌می هی (نالی) یه ها، من ته‌نیا زه‌حمه‌تی میسره‌عێكم كێشاوه. به‌ڵام ئه‌م شه‌هابی نووره و، میسره‌عێكی نالی هێنانه‌وه، من بۆ خۆم پێم وایه هونه‌رێكه، بێ ئه‌وه‌ی خۆشم زۆر زه‌حمه‌ت دابێ. كاك نه‌جم گوتی شێخ شه‌هابیش شاعیر بووه! مامۆستا هێمنیش گوتی: به‌ڵێ شه‌هابیش خۆی شاعیر بووه به‌ڵام نه شاعیرێكی وا. باوكی شاعیرێكی زۆر گه‌وره بوو. به‌تایبه‌تی ئه‌و كتێبه‌ی كه ئه‌و كوڕه نووسیویه‌تی، منی خستۆته شكه‌وه كه كامیان بده‌م به سه‌ر كامیاندا؟ (شێخ نووری) به سه‌ر (گۆران)، یان (گۆران) به سه‌ر (شێخ نوری) دا؟! یانێ گه‌یوه‌ته ئه‌و حه‌دده‌ی كه وا بم، چونكه ئه‌و كوره زۆری زه‌حمه‌ت كێشاوه.

له‌وه‌یدا كه زاناتر بووه له گۆران هیچ شكم تێدا نییه، بۆ خۆت ده‌زانی كوردێكی كه فارسی بزانێ، ئه‌ده‌بیاتی كوردیشی به‌ره‌و باشه ده‌ڕوا. شێخ نووری نووسه‌ریش بووه، به‌ڵام گۆران نووسه‌رێكی باش نه‌بووه. شتێكی وا گرنگ وه‌كوو نووسه‌ر له گۆران به جێ نه‌ماوه. ئه‌وه‌یه منی خستۆته زه‌حمه‌ت كه موتاڵه‌عه‌ی چی بۆ بكه‌م. نازانم له كام شاعیری فارس موته‌ئه‌سیره ئه‌م كابرایه؟! كامه شاعیری تورك، كاری كردۆته سه‌ری؟ شێخ نووری له گۆران پتر شاره‌زایی له فۆلكلۆردا هه‌بووه. ئه‌وه‌شیانم گومان تێدا نه‌ماوه كه گۆران كه‌متری شاره‌زایی هه‌بووه به سه‌ر فۆلكلۆردا.

فۆلكلۆر زۆر جێگای ئیستیفاده‌یه. وه‌ختێكی ئێمه به‌یتێكی فۆلكلۆر ده‌بینین به نێوی كاكه میر و كاكه شێخ، باسی ئه‌وه‌ی ده‌كا كه دوو حاكمی مه‌رگه و پشده‌رێ، دوو برا بوونه به نێوی كاكه میر و كاكه شێخ، ژنی خه‌ڵكیان بردووه ئه‌سپیان پێ قه‌ڵه‌و كردوون، بۆیه‌ش ژنیان بردوون چونكه گوتوویانه ئه‌سپ به ده‌ستی ژنان قه‌ڵه‌وتر ده‌بێ. به‌ڵام له موقابیلدا كابرا به راشكاوی به له‌هجه‌ی دێهاتییانه گوتوویه‌تی: ده‌شیانگان دوایه. كه‌چی شه‌ره‌فنامه باسی ده‌كا كه، كابرایه‌ك به نێوی حه‌یده‌ر گۆران، خه‌ڵكی كۆ كردۆته‌وه، ئاغا و حاكمه‌كانی ده‌عوه‌ت كردوون و هه‌ردووكی كوشتوون له مه‌جلیسێدا. ئیدی سه‌رگوریشته‌ی حه‌یده‌ر گۆران لێره‌دا ونه. جا من له نووسینێكی خۆمدا ده‌ڵێم كێیه كه ئه‌و سپارتاكۆسی كوردییه‌م بۆ بیبنێته‌وه، كه كێ بووه ئه‌و حه‌یده‌ر گۆرانه؟ هیچ مێژوونووسێكی كورد باسی نه‌كردووه! كه‌چی فۆلكلۆر باسی ده‌كا! به‌ڵام شه‌ره‌فخانی بدلیسی له كتێبه‌كه‌ی خۆیدا ده‌ڵێ: ئه‌و میر حاجه، ده‌چوو بۆ زیاره‌تی سوڵتانی ئه‌سته‌مبووڵێ، له حاڵی سوجده‌یدا، مه‌رگه‌یی له خودا به‌دوور، شه‌هیدیان كرد. جا سه‌یری كه فۆلكلۆر حه‌قیقه‌تی تاریخه، كه‌چی تاریخنووس درۆزنه. له سه‌تا هه‌شتای مێژوونووسانی پێشوو درۆزنن. ئێستاكه‌ش هه‌تا پیاو حه‌قیقه‌تێك ده‌بینێته‌وه، تووشی هه‌زار گیر و گرفت ده‌بێ.

باسی كاك حه‌مه جه‌زا هاته گۆڕ، گوتم نه‌هاتووه بۆ لات؟ مامۆستا له وه‌ڵامدا گوتی: وه‌ڵڵاهی جوابی ناردووه كه دێ، به‌ڵام كاكه خۆتان ده‌زانن، من بڕێك ته‌حریمم و، هه‌موو پیاوێك ناتوانێ من ببینێ!! (مه‌به‌ستی له حیزبی دێمۆكرات بوو، چونكه ماوه‌یه‌ك له ژێر كۆنترۆڵی ئه‌واندا بوو.)

به‌ر له چوونی ئێمه، كاك عه‌بدوڵڵای موهته‌دی نامه‌یه‌كی بۆ مامۆستا هێمن نارد و داوای لێ كرد بێته لای كۆمه‌ڵه و ئێمه ئاماده‌ین، بیپارێزین. مامۆستا هێمن قه‌بووڵی نه‌كرد. ئێمه‌ش كه چووین بۆ لای مامۆستا، پێشمه‌رگه‌كانی حیزب ده‌ور و به‌ری ئاوایی شیلاناوێیان به كه‌مین ته‌نیبوو، وه‌یان ده‌زانی هاتووین مامۆستا له‌گه‌ڵ خۆمان به‌رین!

مامۆستا مژێكی له سیغاره‌كه‌ی دا و پاش قه‌ده‌رێك، گوتی: به راستی پێش ئێوه زۆر رشامه‌وه، به‌ڵام به دیتنی ئه‌نگۆ هیچ ناخۆشیم نه‌ماوه. له كاتی رشانه‌وه‌كه‌دا براده‌رێك یارمه‌تیی ده‌دام، گوتم وازم لێ بێنه تو خودای با بمرم. ئه‌ویش گوتی وه‌ڵڵاهی حه‌یفه بمری، وا مه‌ڵێ. گوتم جا چییه منیش شه‌ست و سێ ساڵی هیجریم عه‌مر كردووه، ئیدی، ئه‌وجار مردن چییه پیاو هه‌ر ده‌مرێ. دوایی رووی له كاك مه‌لا حه‌مه‌د ئه‌مین كرد و گوتی: مه‌علوومه كه كێش ٦٣ ساڵی عومر كردووه؟! براده‌ران زۆر پێكه‌نین و (مه‌لا حه‌مه‌ده‌مین) یش هه‌ر پێده‌كه‌نی.

ماموستا دیسان گوتی: مردن هەر دەبێ، بەڵام ئەگەر پیاو شتێک لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێ، خۆشترە. مەسەلەن حەیفە بڵێی حاجی قادری کۆیی مردووە! نە تەنیا نەمردووە، بەڵکوو میللەتێکی زیندوو کردۆتەوە. حاجی قادر گاڵتەی بە تاریخ کردووە. حاجی قادر زۆر لە پێش تاریخیدایە. پاشان رووی لە مەلا حەمەدەمین کرد و گوتی: وەختێکی مەلایەکی وەک جەنابت کە ئێستا مەلای ئاوەدانییەکی، مەسەلەن هەمیشە رۆژنامە ناخوێنییەوە، حاجی قادر ئەو دەمی، واتە قەرنی نۆزدە، بکوژ رۆژنامەی خوێندۆتەوە و ئاگای لە هەموو رووداوەکانی دنیایە بووە.

لە مەزرایەکی ئەولاترەوە، پیاوێک بەرەو لامان هات، کە نزیک بۆوە، ماموستا هێمن گوتی: ئەوەش یەکێک لە موریدەکانی ناسر هات. پاش بەخێراتن، ماموستا گوتی ئەوەش کاک ساڵەی ئامۆزامە و، خەڵکی (لاچین)ە. دیارە ماڵوێرانە و ئەویش یەکێک لە ئاوارەکانی لاچینێیە. ماموستا هێمن گوتی: ئەوەش ناسری رەزازی، جا وەرە چت لێ دەوێ تا بۆت بڵێ. کاک ساڵەحیش گوتی: چۆن مەگەر کاک ناسریش بوو بە پێشمەرگە؟ ماموستاش گوتی ئاوایە ئیدی چ بکەین؟ کاک ساڵەحیش گوتی نەوەڵڵا کاک ناسر نابێ ببێ بە پێشمەرگە! کاک ناسر دەبێ خەریکی کاری هونەری بێ. حەیفە بۆ بە کوشتی بدەن! کاک کەریمی قادریش گوتی: کاک ناسر پێشمەرگەیەکی هونەرمەندە. مەلا حەمەدەمینیش گوتی: کۆڕی هونەرە، کۆڕی هونەر! ماموستا هێمنیش گوتی: هەموو هونەرمەندێک بۆ خۆی پێشمەرگەیە ئیدی. کاک ساڵەحیش گوتی باشە بەڵام حەق نییە چەک هەڵبگرێ. ماموستا هێمنیش گوتی: بۆ دیفاع پێویستە پێی بێ. کاک ساڵەح دیسان گوتی دەمانچەیەکی چکۆلووکە بەسە، ئیدی نەک ئەو هەموو چەک و چۆڵە. ماموستا هێمنیش گوتی: راستە بەڵام تا گورووهەکەی، دەستەکەی، سازمانەکەی لە مردنی بپارێزێ چاترە.

ئەو قسانەی کاک ساڵەح لە بەر ئەوە بوو کە گوتی: بۆیە دەڵێم، چونکە حەیف بوو، (جەمالی موفتی) مان لە دەست دەرچوو. ماموستا هێمنیش گوتی بە راستی حەیف بوو. چونکە جەمال جێگەی هومێدی دوا رۆژ بوو. ماموستا هێمن گوتی من شیعرێکت بۆ دەخوێنمەوە، تۆش گۆرانییەک بۆ کاک ساڵەح بڵێ. منیش گوتم بە سەر چاو. ماموستا شیعری (شینی لەیلا قاسم) ی خوێندەوە و من و کاک نەجمەش گۆرانییەکمان بۆ کاک ساڵەح چڕی. کە لە گۆرانییەکە بووینەوە، کاک ساڵەح گوتی: دەک بەخێر بێیەوە، خۆ دەنگی خۆشتر بووە. ماموستا هێمنیش گوتی: کاکە ئاوی ساردی موکوریان خۆ ئاوی کانی شەفای وان نییە!

من گوتم ماموستا یادی ئێوارەکەی زرێوار بە خێر، ماموستاش گوتی بە راستی یادی بەخێر. لە پڕ گوتی بیستوومە کە شەریف لە سەر زرێوار شیعرێکی داناوە. دەڵێن زۆر جوانە. جا ئەگەر پێش وەی بڵاوی بکاتەوە من بیبینم بۆی چاک دەکەم. دەڵێن لەو شیعرەدا داوای لەو دەروێشە کردووە کە فەیلەقووس و شارەکەی لە ئاودا نوقم کردووە و بووە بە زرێوار، دیسان هەستێتەوە و مەریوان وەکوو شارەکەی فەیلەقووس نوقم بکا و زرێوارێکی دیکەی لێ درووست بکاتەوە.

بە راستی پێم سەیر بوو لە شارێکی وەکوو سنە، کە خوێندن و نووسینی کوردیی لێ نەبووە شتێکی وا هەڵکەوێ. من یەکەم جار لەو (شەوی شیعر)ەی مەهابادا کە دیتم، کاتێ شیعری بۆ خوێندمەوە، بڕێک بە ساردیم وەرگرت، پێم وابوو کە ئەو منداڵە بۆ دەبێ شاعیر بێ، ئەگە دەستی پێکرد، دیتم شاعیرە. ئەویش بۆ خۆی بڕێک شەرمی دەکرد. بەڵام دوایی گوتم تۆ خۆت نەناسیوە رۆڵە. تۆ شاعیری، ئەوانی دیکە قسەی دەکەن، شاعیر نین.

دیسان باسی فۆلکلۆر هاتەوە گۆڕێ، ماموستا گوتی، بە راستی لە فۆلکلۆردا پیاو تووشی شتی وا دەبێ کە شاعیری زۆر گەورە، سەری کڕنووشی لە بەر دادەنەوێنێ. من بۆ خۆم رۆژێکی شایەرێک گۆرانیی دەگوت، بەندێکی گوت:

بریا دەرزی بام، تیژ و تەنک بام
دەروازەبانی، سینگ و مەمک بام

دوایی پێم گوت کاکە دەکرێ سەودایەکی بکەین بە نیوەی دیوانەکەم؟ من نیوەی دیوانەکەی خۆمت دەدەمێ، تۆش بڵێ ئەو بەیتە هی هێمنە! ئەمە ناسکیی تێدایە، ئەمە عیففەتی تێدایە، ئەمە هەزار شتی تێدایە. ئەمە کابرا لە خۆڕا گوتوویەتی، شاعیرێکی بێناو، کەس نازانێ کێیە. رووی لە من کرد و گوتی: زۆر جوانە ئەم بەیتە، حەتمەن بیخە ناو گۆرانییەکانتەوە. فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، بە تایبەت کرمانجی، کە من ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەم لە سەری. چونکە هی ئەوان زۆر لە هی ئێمە بەرزترە و، پێکەوە هەڵناسەنگێندرێن. ئێوەی سنەیی، دیارە فۆلکلۆرتان نەماوە! بەڵام ئەولاتر بەرەو گۆران ماوتانە. سلێمانی بە کوللی نەیماوە!! موکوریان تا رادەیەک ماویەتی، ئەویش دیارە پیاو دەبێ، زۆر مەرهوونی ئوسکارمان بێ کە (تحفە مظفریە)ی پێش هەشتا ساڵ کۆ کردۆتەوە، دەنا هی موکوریانیش لە تەواو بووندا بوو. بە بڕوای من هەر کەس ئیشقی بە هونەری کوردی و بە ئەدەبیاتی کوردی بێ، دەبێ ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، وەکوو شاهنامەی کوردی زمانی کوردیی لێ فێر ببێ. جا لە ناو زمانەکەشدا شتی زۆر سەیری تێدایە.

من لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا باسم کردووە، گوتوومە هەمیشە لە درێژەی تاریخدا جیاوازیی چینایەتی لە نێوان ئینسانەکاندا هەبووە، بەڵام رێگای زانستییانەی بۆ نەبینراوەتەوە. تۆ تەماشای مەم و زین بکە، کە لە توحفەی موزەفەرییەدایە، هەمووی جیاوازیی چینایەتییە. ئاخری شاعیر، پاشای بە کوشت دەدا و نۆکەرەکە دەکاتە پاشا!

ئێستا ئەو کتێبەی کە عەرزم کردی دبێ پێشەکیی بۆ بنووسم، یەکێک لەوانەی کە زۆرم لازمە، (مەم و زینی خانی) یە. مەم و زینی خانی زۆر وە پێش تاریخی کەوتووە. فۆلکلۆری کوردی بەشی کرمانجی، زۆرتر باسی شەڕ و کێشە و چەوسانەوە و حەماسە و رووداوی راستەقینەیە. لە راستیشدا هەر وایە، بەشی کرمانجی فرمێسکیان پتر رشتووە و فۆلکلۆری زۆر گەورەیان هەیە. کوردەکانی شوورەوی، هەوڵ و تەقەلای باشیان داوە بۆ کۆکردنەوەی ئەم فۆلکلۆرانە. بە تایبەت قەناتی کوردۆییڤ. کوردۆییڤ تەواوی دێهاتی کوردستانی تورکیە و ئەرمەنستان گەڕاوە، بۆ ئەوەی لە پیر و بەساڵاچووەکان شت کۆ بکاتەوە. کوردەکانی ئەرمەنستان کتێبی باش باشیان داوەتە دەرێ.

من ئێستا کتێبێکم لە بەردەستدایە کە داستانە بۆ منداڵان و، هی پڕۆفسۆر قەناتی کوردۆییڤە. تماشام کرد ئەگەر وەکوو هەژار بکەم کە نووسیویەتی: (مەم و زینی خانی هەژار کردوویە بە موکوریانی)، (بۆ خۆی دەڵێ وەکوو وەیە کە نانی بە نانەوە بخۆی،) ئەم داستانانە بکەمە سۆرانی، هیچم نەکردووە. گوتم بۆ نەیکەمە فارسی، هەم ئەدەبیاتی کوردی بە فارس بناسێنم، هەم کتێبەکەش بێنمە مەیدان. ئێستا خەریکم کاری لە سەر دەکەم. دوو سێ داستانیشم لێ وەرگێڕاوە. ئەم کتێبە هەر چەند لە یەکیەتیی شوورەوی چاپ کراوە، بەڵام یەکەم داستانی لە سەر مەکری ژنانە کە ئیهانەی زۆر دەکا بە ژن. بۆ من گرنگ نییە چونکە کات و جێگا (زمان و مکان) لە بەرچاو دەگرم.

یەکێکی دیکەی زانینی زمانی حەیواناتە، کە لە تەورات و لە قورئانیشدا هەیە، کە گوایە سولەیمان زانیویەتی. ئەوە یەکێک لە ئارەزووەکانی بەشەر بووە کە بزانێ ئەم گیانلەبەرانە دەڵێن چی؟! خودا بیزانێ من بۆ خۆم کاتێک کە ئەو داستانەم خوێندەوە، رۆژێکی لە نێو باغی دانیشتبووم، دەعبا دەیانخوێند، گوتم چەند خۆش بوو کە ئەمنیش لە زمانی ئەوانە گەیشتبام! مەلا حەمەدەمین گوتی: ئەو دەمی دەبووی بە حەزرەتی سولەیمان. بوو بە پێکەنین ... مامۆستاش گوتی: بەڵێ ئەوە یەکێک لە ئارەزووەکانی بەشەرە، کە هەتا بە سەر تەبیعەتدا زاڵ بێ، هێشتا هەر بە زۆر شتی دیکە نەگەیشتووە. من پێم وایە، رۆژێک بەشەر بەو ئارەزووە دەگا.

کاسێتەکە هەتا ئێرە بەشی کرد، کاسێتی دیکەمان پێ نەبوو، دەنا پاش ئەو دانیشتنە، چووینەوە بۆ ماڵی مامۆستا و هەتا شەو لای دێرێ لە ماڵێ ماینەوە و، لە سەر بار و دۆخی کوردستان و زۆر شتی دیکە، قسەمان کرد و شەو درەنگانێ گەڕاینەوە بۆ حاجیەڵیکەند. لێرەدا نامەوێ باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە مامۆستا لە چ بار و دۆخێکدا دەژیا. ئەوە ژیان نەبوو کە ئەوی تێدا بوو. براکەی لە شیلاناوێ ژوورێکی پێ دابوو، وەکوو مامۆستا خۆی دەیگوت: ژووری چی کونەتەیارەکەی پورە ئایشێم وە بیر دێنێتەوە. بەراستی ژیانێکی ناخۆشی رادەبوارد.

خوێنەری هێژا، مامۆستا هێمن ساڵی ١٩٧٨ کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، کوردستانی بندەستی ئێراقی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بەشی دیکەی کوردستانی بندەستی ئێران و، بە دیتنی کەس و کارەکەی، لە زێدەکەی خۆی لە مەهاباد، شا بۆوە. ساڵی ١٩٧٩ کە من بەختم هێنای، چەن رۆژێک لە خزمەتیدا بووم، هەتا دانیشتنەکانی دیکە، بۆم روون بووەوە کە مامۆستا هێمن: لە سەر مەسەلەی زمان، حەساسییەتی نییە و بەرپرسانە لێی دێتە کەوان. بە زمانی سادە و ساکاری کوردی کە گوندی و لادێییەکانی کوردستان، بە تایبەت موکوریان قسەیان پێ دەکرد، دەینووسی. یەک رێنووسی رەچاو دەکرد. بە رای من لە مامۆستا هەژار باشتر و رەوانتری دەنووسی. هەمیشە ئەو وشانەی بە کار دەهێنا، کە خۆڕسک بوون، نەک دەسکرد. لە پەخشاندا دەستێکی باڵای هەبوو، هەتا شیعر. وشەی رەسەنی کوردیی وای بەکار دەبرد کە بەر لە خۆی شاعیرانی دیکەی کورد ئەو کارەیان نەکردووە و پێی نەگەیشتبوون. مامۆستا هێمن شارەزای بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیان و مەتەڵۆکە کوردییەکان بوو. ئەو چەند جارەی کە یەکترمان دیت، هەمیشە دەیگوت: بەیتە کوردییەکان بخوێنەوە و لەبەریان بکە و، شتیان لێ فێر ببە. مامۆستا دەیگوت بەیتبێژەکانمان هەم شاعیرن، هەمیش دەنگخۆش. لە راستیشدا درووستی دەگوت، چونکە بەیتە کوردییەکان باشترین سەرچاوەن بۆ شاعیران و نووسەران و گۆرانیبێژانی کورد.

لە کۆتاییدا، من شاعیر نیم کە شیعرەکانی مامۆستا هێمن هەڵسەنگێنم، بەڵام تا ئەو رادەیەی کە شارەزای زمانی کوردیم، پێم وایە هەر نووسەرێکی کورد، کە دەیەوێ فێری زمانی کوردی ببێ و ساکار بنووسی، پێشەکیی دیوانی (تاریک و روون)ی مامۆستا هێمن و، ئەو پێشەکییەی کە بۆ (تحفە مظفریە)ی ئوسکارمانی نووسیوە بخوێنێتەوە، ئەوسا بەوە دەگا کە چۆن دەبێ بە کوردی بنووسێ.


سەرچاوەکان:

١ـ کاسێتی دانیشتنێک لەگەڵ مامۆستا هێمن، ساڵی ١٩٧٩، لە ماڵی خۆمان لە سنە.

٢ـ کاسێتی دانیشتنێکی دیکە لەگەڵ مامۆستا هێمن، ساڵی ١٩٨٢ لە شیلاناوێ

٣ـ سەفەری ئێمە و مامۆستا هێمن بۆ مەریوان.

٤ـ سەفەری ئێمە بۆ مەهاباد و دیتنی مامۆستا هێمن.

٥ـ لێرەشدا پێویستە، سپاسی دۆستی خۆشەویست کاک بێهرووزی کوردئەحمەدی بکەم، کە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەم بیرەوەریانە، یارمەتیی دام و، بە نووسین هاتە سیارم.




# عەلی مەردان ...
# ئەو نەوا کوردانەیەی هەمیشە زیندووە


سیانزە ساڵ لەمەوبەر بوو کە هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا عەلی مەردان کۆچی دوایی کرد و جیهانی ئاوەدان و ڕەنگینی گۆرانی و نەوای ڕەسەنی کوردانەی بە جێ هێشت. عەلی مەردان لە هەموو هونەرمەندێکی دیکەی کورد زیاتر کاری کردە سەر پێشکەوتنی هونەری گۆرانی لە کوردستاندا. ئەو بێجگە لەوەی کە سەدان مەقامی کوردیی بە زیندوویی ڕاگرت و وەک کۆمەڵە گەوهەرێکی بەنرخ پێشکەشی گەنجینەی هونەری کوردی کرد، دەستی سەدان لاوی بەهرەداری کوردی گرت و هانی دان و پێی گەیاندن.



عەلی مەردان ساڵی ١٩٠٤ لە کەرکووکی کوردستانی خواروو لە دایک بووە. عەلی مەردان لە بارەی ژیان و خوێندن و هونەری خۆیەوە وتوویەتی:

سەفەربەرم لە بیرە. کە چۆن خەڵک ئەڕۆشتن و شوونبزر ئەبوون و نەئەگەڕانەوە... باوکم لە (کانی سارد)ی شارباژێڕ و لە ڕەگەزا دەچنەوە سەر شێخەکانی بەرزنجە و ناوی عەلی عەبدولقادری کوڕی وەسمانی کوڕی حەمەگوڵە .. دایکم ناوی شاناز بوو و لە تیرەی زەنگنەی برایم غولامییە. خوێندنم لە حوجرەدا بووە. بۆ یەکەم جار مەلا ساڵەح کە لە تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی دائەنیشت. قورئانم خەتم کردووە، لەگەڵ ناگەهان و سمایلنامە و باغەبان و گوڵستان ئاشنایەتیم پەیدا کردووە. لە پاشا لای مەلا محەممەدی یوممە کتێبەکانی ئینشای گەورە و بچووک و گوڵدەستەم بە تورکی خوێندووە، لەتەک چەند وردەکتێبێکی سەرەتاییی فارسی و عەرەبی... هەر لەم وەختەدابوو، بووم بە قورئانخوێن لەلای شیخ عەلی، شارەزاییم لە سۆز و ئاوازەکانی مەقام و هەواو سەڵای هەینی و مەقامناسیدا پەیا کرد. چەند فەقێیەکی ئاوازخوێنی وەک مەلا محەمەد و ئەوڕەحمان جەباری و حەمەعەلی داویە هەبوون. باوکم کاروانچی و تووتنەوان بوو، باش لە بیرمە، هەر جارە تووتنم لە ماڵەوە ئەدزی و بۆ ئەو فەقێیانەم ئەبرد، تا هەر هیچ نەبێ بتوانم لە لایانا دانیشم و گوێ لە دەنگ و ئاوازیان بگرم.

لە دیوەخانی شێخ حەسیبی لەیلانیدا کابرایەکی ئاوازخوێن هەبوو، بە خدر بارامی چاوەش مەشوور



له دیوەخانی شێخ حەسیبی لەیلانیدا کابرایەکی ئاوازخوێن هەبوو، بە خدر بارامی چاوەش مەشوور بوو. بۆ یەکەم جار فێری مەقامی ڕەسەن و بەپێزی کوردەواریی ئەڵڵاوەیسی بووم.. سەرباری هۆرە و ئای ئای و خاوکەر و قەتار... کابرایەکی لێهاتووی تریش هەبوو، ناوی کامیلی تەپەلوویی بوو، ئەمیش جار نا جار سەری ئەکێشایە ئەو دیوەخانەیە. لە ئەمیش شتی باش و بەنرخ فێر بووم. وام لێ هات تەنیا و بەس حەزم ئەکرد لەگەڵ (چاوشەکان)دا هەڵسم و دانیشم؛ محەمەد خەلیلی مقامبێژ و حاجی نەعمانی قەساب و سەیید ئەحمەدی ئاسنگەر و خالۆ عەلی قەڵایی‌ی کەرکووکی دۆستی گیانی بە گیانیم بوون...

بۆ گوزەرانی ژیانیشم، بە پای پەتی و سەری کۆتەوە جووتیاری و شوانی و گاوانیم کردووە، تا مەقام و گۆرانی وتن لەلام بووە ئاگرێک و کەوتە کەللەمەوە.. کە زەمانەش بۆ شاری بەغدای ڕاپێچام، تووشم بوو بە تووشی مورتەزاخانی ئیسفەهانی و ئەسغەری هەمەدانی و محەمەد سەعیدی سابڵاخی و یەحیاخانی تارزەنەوە.. لە مورتەزاخانەوە گەلێ زانیاریم پێ گەیشت و زۆر شتیش فێر بووم... چل شەوی ڕەبەقیش لەگەڵ سەیید عەلی ئەسکەری کوردستانی یەکمان گرت و ئەم ماوە کورتەش زۆر سیامەستانە و هونەرمەندانە بەیەکەوە ژیاین... بە فارسی مقامی نەوام خوێندووە، ئەمجا مقامی ئورفە و قۆریاتی تورکی و مقامی کوردۆ و ئەڵڵاوەیسیم لەسەر قەوان تۆمار کردووە. یەکەم مقامیشم لە ١٩٣٩/١٢/٢٩دا، لە ئێستگەی کوردی و بە شێوەزمانی باجەڵانی. کە مقامی (ئای ئای) بوو تۆمار کردووە. لە ئێستگەی تاران و کرمانشاشدا، لە ساڵی ١٩٦٥، چەندین گۆرانی و مقامێکم تۆمار کردووە، لەمانەیش: مقامی (شوور و هومایوون و چارگا و ڕاستی عەرەب و خەناباد و مال الله و چارگای تورکی). لە ماڵەوەش چەندین مقام و بەستەم هەیە کە تا ئێستاش کەس نەیبیستووە و نەشمداوەتە هیچ لایەک... دوا گۆرانیشم بەستەیەک بوو، لە ساڵی ١٩٧٢ لە ئێستگە کوردییەکەی بەغا تۆمارکرد و بۆ دواجار و لەبەر گەلێ هۆی تایبەتی وازم لە دنیای بێپایانی گۆرانی هێنا.. من یەکەم کەس بووم کە لە ساڵانی ٧٢- ٧٣دا لە ئامۆژگەی نموونەی کوێرانی شاری بەغدا، بنەماکانی (سۆلفیج)م ئەوتەوە.. یەکەم گۆرانیبێژی کوردیشم کە لە کۆنگرەی مۆسیقای ساڵی ١٩٣٢ لە قاهیرە بەشداریم کردبێ.

مامۆستا عەلی مەردان نیشتمانپەروەرێکی پاک و کوردێکی دڵسۆز و خاوەنی هەستێکی پاکی کوردایەتی بوو. هەتا ڕۆژی کۆچ کردنیشی کە سوێندی بخواردایە هەر سوێندی بە کوردستان دەخوارد.


مامۆستا عەلی مەردانی هونەرمەند ڕۆژی هەینیی ١٩٨١/١/٢٤ کۆچی دوایی‌ی کرد و لە شاری کەرکووک لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە بەرتەکێ، بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

---

سەرچاوە: ڕۆژی کوردستان ، ژمارە: ٦٣، تەممووزی و ئابی ١٩٨١، لاپەڕە ٧٨- ٨٣.

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



БОРИС ПАСТЕРНАК بۆریس پاستێرناک

22
Summer 1994